# شیعر تەنها هەر بنەمایە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# شیعر تەنیا هەر بنەمایە

## لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی

**ئەحمەدی مەلا**



کتێب: شیعر تەنیا هەر بنەمایە - لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی
نووسینی: ئەحمەدی مەلا
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٣٨
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد + دڵشاد مستەفا
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢١٧)یساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# پێشەکی

بۆ ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە چوارچێوەڕێژ کەین، پێویستە پێناسەیەکی زاراوەکان وەکو سەرەتایەک خۆی بەخوێنەران بناسێنێ بۆ ئەوەی کێشەی کۆ - ڕاڤەکردن و کۆ - خوێندنەوە نەئاڵۆزکێتە بابەتەکەمان. زادەی ئەم بابەتەش تەنها لە ڕێگای ئەو هەوڵ و تەقەلا شیعرییانەوە هاتووەتە دی کە چەندساڵێکە خۆماغان پێوە خەریک کردووە.

واتە خوێندنەوە بە پلەی یەکەم و نووسینیش بەپلەی دوو وەکو باگراوەندێک دەکرێ تەماشا بکرێت؛ دەشکرێ یەکەمیان بەتەواوکەری دووەمیان سەیر بکرێت و بەپێچەوانەشەوە. لێرە هەڵبەتە دەکرێ وتە بەناوبانگەکەی ڤالێری دووپات بکەینەوە کە دەڵێ: «هەمیشە شیعرم نووسیوە و سەرنجی خۆم داوە چۆنیش دەینووسم».

لە پرۆسەی یەکەم: واتە دوای خوێندنەوەی شیعرێ چۆن خۆم بینیوەتەوە؟ یا ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە بڵێین ئایا ئەوەی خوێندمەوە شیعر بوو یا نەء؟ خۆمان بەلایەن کەم بەرامبەر بە دوو ئیشکالیات دەبینینەوە: یەکەمیان ئایا چێژی من پێوەرە؟ دووەمیشیان ئایا شیعر پێوەری هەیە؟

کەواتە کێشەی شیعرییەت وەکو کێشەیەکی ڕاستەقینە و بنەڕەتیی خۆی لە بەردەممان قووت دەکاتەوە و داوای وەڵام دانەوەمان لێ دەکات. پێش ئەوەی باس لە چەند توخمێک بکەین کە شیعری لێ پێکدێت، دەمانەوێ وەکو باگراوندێکی تیۆری باس لە بنەمای دەقی شیعری بکەین، چونکە بەبۆچوونی ئێمە تەنها هەر بنەمایە شیعر لە نا - شیعر جودا دەکاتەوە، هەڵبەتە سنووری ئەم جیاکردنەوەیەش تەعەسووفیی نییە، بەڵکو وەکو پاڵێتێکی ڕەنگ دەکرێ تەماشا بکرێت، لە نێوان ڕەش و سپی، ماوەیەکی فراوان هەیە بۆ ڕەنگی بۆر و بەشێوەیەکی پلەییش دەکرێ بەڕاست و چەپ دا گوزەر بکەین.



لە بواری دەقی شیعری، بەتایبەت ئێمە سەرنجی دوو بنەما دەدەین. لێرەش بنەما وەکو ساختمانێک دەکرێ ببینرێ، توخمەکان لە پەیوەندیی دان و تەواوکەر و بەردەوامیی دەدەنە یەکتر و تێکەڵی یەکتر دەبن توخمێکیش بانگاشەی توخمێکی دیکە دەکات بۆ ئەوەی کۆ- خوێندنەوە و کۆ - دەلالاتی پێویست خۆی فەرز بکات. لە هەردوو باردا، واتە لە دەقی بنەما بازنەیی و لە دەقی بنەما شاقووڵی، هەر دەقە و بەپێی دروستبوونی خۆی توخمەکانی ڕێک دەخات و ئەم پەیوەندییانەمان بۆ ساغ دەکاتەوە.

ئێمە شێوەی بازنەیی دەدەینە بنەمای شیعر و بنەمای شاقووڵیش دەدەینە ئەو دەقەی کە بەناوی شیعرەوە دەنووسرێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەی دەوڵەمەندە بەوێنە و خەیاڵکردن ڕۆڵی تیا بینیوە و بەمیتافۆری جۆراوجۆریش خۆی دەوڵەمەند کردووە، بەڵام لە جەوهەردا، بنەمای «سەرد» = گێڕانەوەی هەیە. هەر ئەم توخمەشە، واتە گێڕانەوەیە کە دەقی «شیعری» تێکدەدات، مەبەستیش لە گێڕانەوە، ئەوە نییە کە توخمێکی گێڕانەوە ئاوێتەی شیعرەکە بووبێت، بەڵکو زاڵبوونی «داڕشتنێکی گێڕانەوەیە» و لەم بارەش هەڵبەتە لە بنەمای دەقەکە خۆی بەیان دەکات.

بنەمای شاقووڵی لەسەر هێڵێک ئیش دەکات کە لە پنتێکەوە دەست پێ دەکات کە دەکرێ بەسەرەتا ناوزەد بکرێت و لە پنتێکیش کۆتایی دێت کە بەکۆتایی ناوزەدی دەکەین. بەڵام لە سەرەتاوە بۆ کۆتاییش چڵەهێڵی لێ جودا دەبێتەوە، ئەمەش سەرەنجامی گشت توخمە شیعرییانەن کە بەشدار بوونە لە دروستکردنی ئەم ساختمانە. بەڵام لە بنەمای بازنەییدا، ئەویش وەکو ئەویتر چڵەهێڵی لێ جودا دەبێتەوە، بەڵام بەپێی شێکلی بازنەیی، هێڵەکان تا دەکشێن لە یەکتر دوور دەکەونەوە و هێزێکی کارەبایی و موکناتیسی زیاتر پەیدا دەکەن، لە ناوەند بازنەکەش، دیسانەوە، بەڵام ئەم جارەیان بەپێچەوانەوە، چڵەهێڵەکان لەناو چەقی بازنەکە یەکدەگرن و «پنتی باڵا» پێک دەهێنن. ئەو پنتەیە بزووتنەوە دەداتە دەقی شیعر، ئەو پنتەیە وەکو داینەمۆ هێز و وزە دەداتە دەق بەرەو نا- زەمەن ڕای دەکێشێ.

بنەمای یەکەم بنەمایەکی داخراوە و دەکرێ لە خوێندنەوەیەک زیاتر هەڵبگرێ بەڵام لە کۆتاییدا، دەرگا لە ڕووی واتاکان خێرا دادەخرێن، هاوتەریب لەگەڵ واقیع دەوەستێت، لە زۆربار‌دا واقیع دەنووسێتەوە، یا کۆپی دەکات، لە زۆر حاڵەتیشدا بۆ مەبەستێکی دەرەکی دەقەکە نووسراوە، بەڵام دەقی سەر بەبنەمای بازنەیی دەقێکی کراوەیە و هەمیشە خوێندنەوەی نوێ خۆی فەرز دەکات و هاوتەریب لەگەڵ زەمەن، واتە مێژوودا لە ڕەوت دایە. ڕەنگبێ تێگەیشتنی شاعیر بۆ دەقی شیعریی لەم دوو بنەمایەدا یەکئالآ بێتەوە.

بۆ نموونە گۆران کاتێ شیعری «تازە؟» دەنووسێ، لە ئینتیباعێکەوە دەدوێ، دەکرێ شیعرە ئینتیباعییەکانی گۆران بکرێنە دوو بەشەوە، بەشێکی ئینتیباعی دەرەکی بین، بەشەکەی دی ئینتیباعی ناوەکی یا تێکەڵ بن! کەواتە لە شیعری «تازە؟» هەست ناکەین گۆران شتێکمان بەشیعر بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵکو لە چرکە ساتەکان دەدوێ کە لە هەر چوار پەرەگرافەکە بە «کە» دەستی پێکردووە و جۆرە نەسەقێک لەمەڕ نەغم و ئیقاعەوە هاتۆتە کایەوە. چوار چوارینە، دێری چوارەم لە کۆتایی هەموو چوارینەکان دووبارە دەبێتەوە و کۆتایی بە ئینتیباعێک دێنێ. سەرەتا وەکو کۆتایی دیار نییە. ناونیشان: «تازە» لە چوار دێرە پرسیارەکە تێکهەڵکێشراوە و دەنگ دەداتەوە. زۆر بەپێچەوانەی شیعری «بت – بتەوان» کە نەک تەنها هەر بەتوخمێکی گێڕانەوە دەستی پێکردووە، بەڵکو جۆرە کرۆنیکێکیش · هێڵی زەمەنی – لە ئارادایە. سەرەڕای ئەوەی کە شیعری «تازە؟» بە سەبکی کۆن نووسراوە و شیعری «بت – بتەوان» بە سەبکی نوێ نووسراوەتەوە، بەڵام یەکەمیان لە دووەمیان زیاتر توخمی شیعریی تیا زاڵە. دووەمیان تەعبیر لە فیکرەیەکی ڕووت دەکات. دەکرێ ئەم شیعرەیان بدەینە پاڵ بنەمای شاقووڵی.

کاتێکیش باسی بنەمای شاقووڵی دەکرێ یەکسەر فیکرەی بابەت وەکو تێمە خۆی فەرز دەکات، واتە ئەو دەقە «شیعر»ییانەی کە لەسەر



بنەمایەکی شاقووڵی دروست بوونە، یەکسەر لە دەوری فیکرەی بابەتێک خول دەخۆنەوە، زۆر جاریش «ناونیشان»ی شیعرەکە هەودای بابەتەکەی بەدەستەوەیە.

### ١- گریمان و ئیشکالییەت

ئێمە بۆ ئەم بابەتە گریمانێک پێشکەش دەکەین، لە پێناوی ئەوەی تا پێمان بکرێ کرۆکی باسەکەمانی لە دەور کۆ بکەینەوە؛ ئەویش: «شیعر لە کۆتاییدا تەنها هەر بنەمایە، بنەمایەکی شیعرییە، نەک سەردی. هەر ئەمەشە کە دواجار دەیەوێ سنووری نێوان شیعر و پەخشان دیاری بکات».

بۆ ئەوەی خوێنەریش ئاگاداری سنووری نێوان شیعر و پەخشان بێت. دەتوانین بگەڕێینەوە سەر لێکۆڵینەوەکەی ژان کۆهن کە لەژێر ناونیشانی «بنەمای زمانی شیعریی»دا ئامادەی کردووە و تێزەکەشی لەمەڕ «لادان»ەوەیە. ئێمە نامانەوێ هەمان کێشە تەرح بکەین، بەڵام ئەگەر بەپێی پێویست لە هەندێ شوێن ئاماژەمان بۆ ئەم کێشەیە کرد، ئەوە لە پێناوی لێکۆڵینەوەکەی خۆمان دەبێت.

هەروەها لە پێناوی ئەوەی لێکۆڵینەوەکەمانیش تەتبیقی بێت و لە جوغزی بیردۆزە و تیۆری بێینە دەرێ، بەباشمان زانی چوار شاعیر وەرگرین. دووانیان لەس ەدەی نۆزدەیەمی فەرەنسین و دووانەکەی دیش، دوو شاعیری کوردی سەدەی بیستەم و بیست و یەکەمە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دەوری ئەدەبیاتی بەراوردکاریی چەق نابەستێت. بەڵکو تەماشای دەق لە دیدەنیگای داهێنانی ئەدەبییەوە کراوە. هەروەها واش تێدەگەین کە ئەم هەڵبژاردنە ڕەنگبێ کافی بێت بۆ ئەوەی مادەیەکی وامان لەپێش بێت کە بوارمان بداتێ لەمەڕ گریمانەکەی سەرەوە بگیرسێینەوە.

هەندەی بۆدلێر لە ڕامبۆ جیاوازە، هەندەش گۆڕان لە شێرکۆ بێکەسەوە جیاوازە، بەڵام ئایا جیاوازیش کرۆکی پرۆسەی شیعر نووسین نییە؟ هەندەی جیاوازیش لەم بوارە گرینگە هەندەش کۆکردنەوەی ئەو دەقانە لە

دەوری کێشەی شیعرییەت گرینگە و دەبێتە بابەتی تێڕامان. چونکە دەمێکە لەنێو ئەدەبیاتی کوردی و لە دوو توێ شیعرییەتی کوردیش بەتایبەتی مەسەلەی نوێخوازی و دەقی نوێی شیعریی بووەتە پانتاییەک کە تێڕامانی تیا ئەنجام دەدرێ و زۆرجاریش بووەتە مشتومڕ لە دەوری ئەم کێشە گرینگە. ئەگەر جیاوازی کرۆکی مەسەلەی شیعرییەت بێ، کەواتە جیاوازیی بە مەبەستی چی، ئایا هەموو جیاوازییەک واتە شیعر و هەر دەقێکیش بەنیازی جیاوازی نووسرا ئیتر دەبێتە دەقی شیعریی؟ ڕامبۆ تاکو کەی دەخوێندرێتەوە، ئایا گۆران هەمیشە چێژیی شیعریمان لەلا دروست دەکات؟ ئایا شیعر پێش دەکەوێ، ئایا شاعیر لە کردەی نووسین خۆی پێش دەخات؟ ئایا ئەو شیعرانەی کە جاران دەماننووسین کەمتر شیعرن لەوەی کە ئێستا دەیاننووسین؟ ئایا ئێستا لە جاران شاعیرترین؟ ئایا ئەم چەند ساڵەی کە لە ژیان داین بەرامبەر بەمێژووی کردەی شیعر چی دەگەیەنێ؟ ئایا شیعر مەعریفەیە یا چێژە؟ ئایا لە پشتەوەی زمان شتی دیکە خۆی مەڵاس دەدات؟ ئایا وێنە شیعرە؟ ئایا شیعر بەبێ فیکر دەبێتە شیعر؟ ئایا فیکر لە دەرەوەی زماندا هەیە؟ ئایا زمان هەیە بەبێ فیکر؟ ئایا فیکر و ئایدیۆلۆژیا یەک شتن؟ هتد. پرسیارە بێ کۆتاییەکان لەمەڕ شیعرەوە لیستەکە درێژتر دەکەن، بەڵام بۆ ئەوەی زۆر لە بابەتەکەمان دوور نەکەوینەوە، دەمانەوێ لێرە ئیکتیفا بکەین.

## ٢- وەسفکردنی مادەی لێکۆڵینەوە

تەنها هەر بەپێی مەنزووری مێژوویی مادەی ئەو چوار شاعیرە وەسف دەکەین، ئەگینا لە دیدە نیگای ئێمەوە، پێش و پاشکردنی لەمەڕ مێژووی سەرهەڵدانی شیعرەوە، کارێکی ئەوتۆ ناکاتە سەر کردەی ئافراندن.

- گوڵی خراپە - شارل بۆدلێر -

- وەرزێک لە دۆژ و دەرەوشانەوە · ئارتور ڕامبۆ -

- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم - گۆران -



- دیوانی «ژن و باران»، «بۆننامە»، «خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ» : شێرکۆ بێکەس[١].

---

(١) وێڕای ئەم سێ دیوانە، ئەم شیعرانەش بابەتی لێکۆڵینەکەمانن: نووشتانەوە، دوا وشە، ٢٧ جار، مشار، سەر، هاوڕێ، هەڵوێست، هەنگوین، جۆگە، برایمۆک و گۆرانی بەفر ر منداڵییم، گریان، هەرەس، هۆنراوەکانم، کلیل، سڵاو لە گوڵە کێویلەکانی شۆڕش سڵاو!، جارێکی تر سمکۆ ناچێتەوە سەر خوانی مردن!، ئەو پیاوەی بوو بەتاڤگەیەکی تری «زەڵم»!، زیندووی مردوو!، «مارف ئاغایی». شیعری کشاو و بارانێکی جوانەمەگ!.

# بەشی یەکەم

## بنەمای بازنەیی و بنەمای شاقووڵی

### چەند سەرنجێک لە بارەی ئافراندن و لاساییکردنەوە

بەرامبەر بەئافراندن تێزی لاساییکردنەوەمان هەیە، یەکەمیان کردەی تاکەکەسە و لە لەحزەیەکی دیاریکراودا دێتە ئەنجام، دووەمیشیان کردەی خەڵکگەلە. بۆ نموونە: لە کۆمەڵگای پالیۆتیکدا، لە لەزحەیەکی دیاریکراو، لەبەر گەلێ هۆی ناوەکی و دەرەکی، چزووی پزیسکی هزر دەگاتە «پنتی هۆشیاری» و ئیتر مرۆڤێک، تاکە کەسێک دەگاتە حەقیقەتێک ئەویش ئەوەیە کە «بەرد بەرد کەرت دەکات»، چەندێ حەقیقەتێکی سادەیە بەنیسبەت ئێمەوە، هەندەش بەنیسبەت مێژووی پێشکەوتنی هۆشیاری ئینسانییەتەوە گرینگە و جێی بایەخە. بەڵام ئەم ڕاستییە بەتەنها کافی نییە، پێویستی بە حەقیقەتێکی دیکەی تەواوکەرە، ئەویش: «بەرد بەرد کەرت دەکات، هەروەها بەردی تیژ جەستە و بەرجەستەش دەبڕێ» ئا ئەم حەقیقەتە بەرد لە بەرجەستەیەکی مردووی بێ گیان دەگوازێتەوە بۆ ئامراز و ئاداتێک کە گەشە بەسەرتاپای مێشک دەدات و عەقلی دووەم لەدایک دەبێت ئەویش دەستە. ئا ئەمە ڕوویەکی ئاشکرای ئافراندنە، بەڵام سەدان بەڵکو هەزاران ساڵ خەڵک لاسایی ئەم کردەیە دەکەنەوە و سوودێکی گەورەشی لێ دەبینن. بەڵام لێرە دەبێ سوود وەکو مەنفەعەی ڕووت تەماشا بکرێت.

ئەم ڕاستییە بەنیسبەت شیعریشەوە ڕاستە. ئەگەر لە ساتەوەختێکدا، ڕاژەنینی مناڵ جۆرە لاساییکردنەوەیەکی مناڵ بێت لە سکی دایکدا، هەروەها دەشبێتە میلۆدییەک و ژەنرێکی گۆرانیش لەگەڵ خۆی دەهێنێتە کایەوە، ئەویش لاوانەوەیە. ئەگەر لە چەند بارێکدا مۆسیقا لاسایی دەنگی باڵندە و سروشت بکاتەوە، بەڵام ئەم دووبارە کردنەوە و بە بەرهەمهێنانەوەیە، خۆی لە خۆیدا دەچێتە خانەی کولتوورەوە. لە پێناوی



ڕوونکردنەوە، ئێمە لاسایی لە دیدی فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە نابینین، چونکە بۆ وان ئافراندنی هونەریی لە سروشتەوە ئیحای دەسگیر دەبێت، بە واتایەک لە واتاکان لاساییکردنەوەی سروشتی دەگرتەوە. ئەوەی ئێمە لێرە مەبەستمانە لاساییکردنەوەی مۆدیلێکی پێشینەیە.

بەڵام کاتێک باس لە شیعرەوە دەکرێ، گەلێ قوتابخانە و ڕێبازی ئەدەبی لە دەوری ناوەڕۆک و شیکل چەق دەبەستن. بەشێوەیەکی گشتی بەنیسبەت ئەوانەوە شیعر دوو ڕووی هەیە و، وەکو دوو ڕووی دراوێکی دەچوێندرێت.

یەکێکیان گشت ئەو دەلالات و واتایانە دەگرێتەوە کە دەقێکی دیاریکراو مەبەستێتی، لێرە سیمانتێک واتە تەونە واتاییەکان دەگرێتەوە، دووەمیشیان شیکلە، هەڵبەتە ئەو چوارچێوە زمانەوانییە دەگرێتەوە کە ئەو ناوەڕۆکە دەگرێتە خۆ. دەکرێ وەکو قۆزاغەیەک بچوێندرێ، توێکڵەکەی شیکلەکە بێت، ئەوەی لە ناوەوەشە ناوەڕۆکەکەی بێت. ئەم کێشەیەش لە ناواخندا کێشەیەکی دووانەیییە (ثنائی) و کێشەیەکی جەوهەریمان پێشکەش دەکات، ئەویش: ئایا دەکرێ شیکل لە ناوەڕۆک جودا بکرێتەوە، واتە دەکرێ ناوەڕۆکی قۆزاغەکە دەربهێنرێت و تەنها هەر توێکلەکە بمێنێتەوە؟ باشە ئەو توێکڵە لە چ مادەیەک پێکهاتووە؟ ئایا زانستانە دەکرێ بکرێتە ژێر سەرنج و پشکنین و تێبینییەوە؟ ئایا هیچ ئەم شیکلە هیچ واتایەکی دەبێ؟ گەلێ پرسیاری دیکە کە ئاسان نییە وەڵامدانەوەیان، یەخەمان دەگرن، چونکە ئەم بۆچوون و دیدەنیگایە زۆر تەعەسووفییە و هیچ دیدە نیگایەکی زانستیش ناگرێتە خۆی. ئەگەر مەبەست لە شیکل، دەستورە بەلاغی و عەرووزییەکان بێت، ئەی چۆن شیعری سەربەست لە هەمان دیدەنیگاوە دەکرێ سەیر بکرێت!

بەپێی ئەم دیدەیە، شیکلی شیعر دەستوور و ڕێسا و ڕێزمانی خۆی دەبێ؛ ئەم دەستوورانەش ڕەوانبێژان و مامۆستایانی بەلاغەت دەستنیشانی دەکەن و دەیکەنە مەرجەع. ئەم فیکرەیە دووانەییەش دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوون و فەلسەفەکانی یۆنان، بەتایبەتیش ئەفلاتوون دەکرێتە خاوەن ئەم

چمکە: زەمین/ ئاسمان، ڕۆح/ جەستە، خراپە/ چاکە، ڕاست/ چەپ، سەرەوە/ خوارەوە، ناوەڕۆک/ شیکل، هتد. ئەم جیهانبینییە دەترنجێتە سەر سێ ئاینە تەوحیدییەکە و لەوێیەوە، جارێکی دیکە، هەر ئاین بەگوێرەی خۆی گەشەی پێ دەدات و تەرحی دەکاتەوە و ئەنجەتی بۆ دەهێنێتەوە و دەیخەملێنێ و شیکلی فیکر و بیرکردنەوە بەخۆیە دەگرێ، بەڵکو لەمەش زیاتر پەردەیەکی پیرۆزی بەسەردا ئەدرێتەوە و لە دوا تەقەلاشدا دەبێتە ئایدیۆلۆژیا. ئەگەر ڕووە ئاینییەکەی هەموو کار و چالاکییەکیش دەگەڕێنرێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی تاک، پیرۆز، بێ گەرد، دەست لێ نەدراو کە قابیل بەدەست تێوەردان نییە، ئەوە ڕووە ئایدیۆلۆژیایە دەبێتە باگراوەندی فیکری و بەڵکو ئامرازی کۆنترۆڵکردنیش دەبینێ. لە شیکلە ئاینییەکەی، ئەم دیاردەیە، واتە گەڕان و گەڕانەوە بەرەو ڕەچەڵەک کەم تا زۆر هەموو کولتوورە پێشینییەکان دەگرێتەوە. لەم ڕووەوە ئلیاد، «نوستالژی ڕەچەڵەکەکان» دەنووسێ و تیشکێکی زۆر دەهاوێژێتە سەر ئەم ئیشالییەتە، بەڵام سیما ئایدیۆلۆژیاییەکەی چەرخی نوێ دەگرێتەوە و کۆمەڵگا هاوچەرخەکان دەبنە مەیدانێکی بەپیت و بەرەکەت بۆ تاقیکردنەوەی ئەم دەسەلاتە و لە پانتایی سیاسیدا دێتەوە مەیدانی ئیشکردن.

لە هەر دوو باردا، واتە لە ڕووە ئاینییەکەی و ڕووە ئایدیۆلۆژیای و سیاسییەکەیەوە شیعر دەکەوێتە ژێر کۆنترۆلەوە، یەکەمیان دەبێ لەژێر ڕکێفی شیکل و ناوەڕۆکێکی دیاریکراودا خۆی بخەملێنێ، هەرچەندە شیکلی «ستوونی» لە شیعری عارەبی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، بەڵام هەڵگری موفارەقەیەکیشە، ئەویش ئەوەیە کە ئیسلام نەک تەنها تەبەنی ئەو شیکلە دەکات، بەڵکو درەنگتر دەبێتە ئەمبلێمێکی – دروشمێکی– هەرە لەبەرچاو و لە هەمان کاتیشدا بابەتەکانیش دەبێ هاوتەبا لەگەڵ بۆچوون و زیهنییەتی ئیسلامدا هاوشان بوەستن. لە دوا شیکردنەوەش، ئەم شیکلە شیعرییە دەبێتە ناسنامەی نەتەوایەتی.



کەواتە پێشوەخت شیکلێک ئامادەگی لە زیهنماندا هەیە و بەپێی ئەو شیکلە ناوەڕۆکێکی بۆ دەدرووین، ئەم چالاکییەش زیاتر لە سەنعەتە و پیشەوە نزیکمان دەکاتەوە وەک لە ئافراندن. هەر بۆیە بوار بۆ لاساییکردنەوە والا بوو، بەڵام دەشبێ ئەوەش بوترێت کە مێژووی پێشکەوتن و گۆڕانکاری ڕەوانبێژی و مێژووی کۆمەڵایەتی و هتد دەبێ وەکو سەنگی مەحەک سەیر بکرێت، لەو دیدەنیگایەوە کە موتەنەبی دەبوایە لەنێو شیکلێکدا شیعری ئافراندراو بخولقێنێ، هەر وەکو یەکێکی وەکو نالیی دەبوایە لەنێو کەلەپوورە ڕەوانبێژییەی خۆی شیعری خەلاقمان بۆ بنووسێ، واتە لە شیکلی جیگیردا، ئافراندن مومکینە، بەڵام لاسایی کردنەوەی ئەو شیکلەش دیسانەوە هەر کارێکی مومکین بووە. ڕەنگبێ لاسایی کردنەوە شیکلە حازربەدەستەکان گەلێ لە لاساییکردنەوەی شیعریی سەربەست ئاسانتر بووبێت، چونکە نیوەی کارەکە سەرەتا بۆ نووسەر مەیسەر ببوو.

لە هەندێ باردا، ڕەنگە لاسایی کردنەوە دەروازەیەک بێت بۆ ئەوەی ئینسان لە بەهرە و سەلیقەی خۆی تێ بگات و ئارەزووەکانی خۆی پێ تاقی بکاتەوە. جۆرە خۆ ڕاهێنانێک بێت: سەرەتا نۆتەکانی مۆزارت تاقی دەکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەک دەتوانین لاسایی ئەو بەهرەمەندە بکەینەوە، یا لەژێر دەستی مامۆستایەکی هونەرمەند، خەریکین تابلۆ مەزنەکان لاسایی دەکەینەوە، بۆ ئەوەی بزانین چ لە ڕووی نەشتەرسازییە دەزانین، چ زانیارییەکمان لە ڕووی گرتنەوە ڕەنگ و دابەشکردنی سێبەر و ڕووناکی بەسەر پانتاییەکانا هەیە، یا ئەوەتا سەرەتا شیعری شاعیرە گەورەکان دەکەینە مۆدێل بۆ ئەوەی خۆمان لە ڕاهێنانی زمانەوانی، دەستەواژە، سەروا، کێش، ڕیتم، هتد تاقی بکەینەوە. بەڵام ئایا هەروەکو مرۆڤەکەی پالیۆتیک «پنتی هۆشیاری» تیامان پزیسک دەهاوێژێ و پاشان دەتوانین شتێکی تاک، تایبەت بکەین، یا بنووسین، یا بلێین؟ واتە بۆ ئەوەی لاساییکەرەوە لە بەهرەمەند و داهێنەر جودا بکرێتەوە.

ئایا سەرتاپای شیعر، مەبەست لە دەقە نووسراو و وتراوەکانە لە دەوری پنتێک، یا خاڵێک کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە دەقێک بوترێت شیعر و بە دەقێکی دیکە بوترێت نا – شیعر؟ ئایا فاکتەری کات، واتە فاکتەری مێژوویی چ کاریگەری بەسەر شیعرەوە هەیە؟ زەمەن دژ بە شیعر ئیش دەکات یا لەگەڵی ڕەوت دەکات، یا تەقاتوعی لەگەڵ دەکات؟ ناکرێ وەڵامی گشت ئەو پرسیارانە بدرێتەوە، بەڵام لەسەر چەند خاڵێک چەند هەڵوێستەیەک دەکەین.

### ١- پنتی باڵا

بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستا دەموچاوی بەئاوێکی نوێ دەشۆرد بۆ ئەوەی هەمیشە جیهان سەر لەنوێ ببینێتەوە[٢]. ئەم ڕەفتارەش هەمیشە بەرامبەر بەبەتاڵیی کاغەزێکی چەرموگ دەیهێشتەوە. گیژبوونەوە یا ئیشراقێکی کاتییە؟ کەواتە دەبێ کانییەکان بگۆڕین، یا سەرچاوەکان نوێ کەینەوە، یا بگەینە سەرچاوە. بەڵێ: «لەم ئاوە بخۆنەوە تا خوشک لەب نەبن[٣]» مەحوی دەڵێ: «لەم ئاوە» لە کام ئاو؟ ئایا مەبەستی سەراب نەبووبێت، کە ئاوێکی بێ شێکل و بێ بۆن و بێ تامە! ئاوێکی دوور دەستە. ئایا ئیبنی عارەبی نەیوتووە: «ئەم جیهانە ئەندێشەیە و ئەندێشەش جیهانە»! ئەمە دەمانگەیەنێتە سەرچاوەیەکی شیرین، یا سەرچاوەیەکی قووڵ، یا سەرچاوەیەکی کە هەمیشە لە فەزای زیهنماندا باڵەکانی فڕەفڕ دەکات و زێرکەفتمان دەکات و هەمیشە تینوو! ڕەنگە سەرچاوەی گومانیش بێت!

جیهانی ئێمە بەپێی زانستەکانی تەسەوف گرێ داروی جیهانی باڵایە. ئەم پەیوەندییەش پلەییە، مەوداکەشی لە هەتاهەتایی نزیک دەبێتەوە. ڕەنگبێ لە پنتێک دا، ئەم پنتەش نە شوێنێکی تایبەتی هەبێ نە لە

(٢) گۆڕانکارییەکە لە دێڕێکی زۆرابی سوپەری.

(٣) مەحوی. دیوانی مەحوی. چاپی ١٩٨٤، لا ٢. ٤.



شێوەیەکی جێگیریشی بوونی هەبێ، هەروەها لە دەرەوەی چاخ و سەردەمەکانیش دایە. بەڵام لێرەیە! لەژێر دەستمان دایە، هەر وەکو ڕامبۆ دەیوت: «زەریایە تێکەڵ بە هەتاو بووە[٤]».

لە بزووتنەوەیەکی هەمیشەیی دایە، وەکو تابلۆیەکی ئەبستراکت، بزووتنەوەیەکە بەرەو ناخی خۆی، هەمیشە بەرەو ناوەڕۆک و سەرچاوەکانی خۆی لە ڕەوت دایە. سەرچاوەی دانگەکانن، دەبنە هێڵ و پانتایی، دەکشێن و دەبووژێنەوە، گرژ دەبنەوە و دەچنەوە ناو یەک خۆیان لەناو ئەو پنتە گرمۆڵە دەدەن. ئەی حزیری بەئاشکرا پێمانی نەوتووە «حەرف ژ یەک بوونە فەصل/ گەر ببەری وان ب ئەصل/ حەرف دبت یەک خەتەک/ خەت کو نەما نوقطە ما[٥]».

ئەم لێکدانانە، ئەم پێگەیشتنە، جەماد و بوونەوەر و زیندەوەرانی جۆراوجۆریش دەگرێتەوە. لە ڕووخسارە هەرە ئاشکراکەشی پەیوەندیی قوولی نێو سروشت خۆیەتی. یۆنانییەکان بە پەیوەندیی ئیرۆسەکان ناوزەدیان دەکرد. جۆرە تەفسیرێکە ئۆخژنمان پێ دەبەخشێ و گەر گوێ لە بێدەنگییەکانی سروشت ڕابهێڵین و باسی ڕەچە حەشەرییەکانی خۆیمان بۆ دەکات. جۆرە دەمامک فرێ دانێکە، بەزمانی لەش کائینەکان بەسەر دەکەینەوە.

جا ئەم پێگەیشتنە مەرج نییە تەنها لە زمانی سروشتەوە بێت، بەڵکو لە زمانی جەستەی زیندەوەرانیشەوە مومکینە ئەم تێکهەڵکێشییە تەجلا بکات، بەڵکو لەمەش زیاتر، لە لای ئینسان دەگاتە ئەوپەڕی. هەندێ جار لە زمان دەردەکەوێ و هەندێ جاریش تێکهەڵکێشبوونی لەشەکانە. ئەم دیدە نیگایە، بەجۆرە یەکێتییەک دەکرێ ڕاڤە بکرێ. هەروەکو شاعیری فەرەنسی دەڵێ: «گوڵێک لێ دەکەمەوە، ئەستێرەیەک غەم دایدەگرێ.»

(٤) ڕامبۆ: وەرزێک لە دۆژ. ئاراس. لا ٤٣.

(٥) مەلای جزیری. شەرحی هەژار. چاپی سروش لا٢٥.

لای نالیی ئەم تێکهەڵکێشییە بەم جۆرە هاتۆتە ژێر پێنووسەکەی: «شەو چەپکەنی نەیلۆفەری و جیلوەیی ڕەقصی/ شەرمەند دەکا زوهرەیی زەهرا لە سەمادا[٦]».

بۆ ئەوەی ئەم پنتە لە بەرهەمی شیعرییدا تەجەلا بکات، هەڵبەتە پێویستی بەبنەمایەکی مادی هەیە، بنەمایەکی پتەو بۆ ئەوەی توخمە خەملاوەکان لە دەوری پنتێک گرد بکاتەوە. دروستبوونی ئەم پنتەش بەهیچ جۆرێک پەیوەندی بە سەردەم و ڕێباز و تەزووە فیکرییەکانی سەردەمێکی دیاریکراو نییە، هەر ئەمەش شیعر لە مادییەتی زەمەنەوە بەرەو هەتا هەتایی ڕادەکێشێ. شیعر باوەش بۆ ئەبەدییەت دەکاتەوە بەبێ ئەوەی ئەم مەسەلەیە ببێتە کێشەیەکی میتافیزیک! ئەم بۆچوونەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە لایەکەوە پەیوەندی بەجیهانبینییەوە هەیە، لە لایەکی دیشەوە بەئامادەگی شاعیر، واتە تا چ ڕادەیەک «ئیحا» ڕۆڵی خۆی لە کردەی شیعر دەبینێ. کاتێکیش باس لە ئیحاوە دەکرێ، یەکسەر ئاوڕ لە کەلەپوورێکی پانوپۆڕ دەدرێتەوە، چ لەو قۆناغانەی شیعر و بەشێوەیەکی گشتیش هونەر لە پەیوەندییدا بوو لەگەڵ هێزی خاریق و سیحر و جادوو و غەیب خوێندنەوە، لەلایەکی دیش ڕۆڵی ڕێبازی ڕۆمانتیکیش لەم بوارەدا بارستایی خۆی هەیە. دەشکرێ هەروەک چۆن ڤالێری بەئیحای دەوت «جۆرە وزەیەکی تایبەتە بە شاعیران»، ئەم وزە شاراوەیە بەتەنها مادەیەکی خاوە و هەرگیز کافی نییە بۆ ئەوەی شیعریی پێ بنووسرێت، بەڵام هەر ئەویشە خاوەن و داینەمۆی بنەمای بازنەیی.

### ٢- نموونەیەکی سوریالی لە دەوری هەمان پنتدا؟

کاتێ کە دەنوست ئینجا لە خەو هەڵدەستا. لەسەر دەرگای ژوورەکەشی، کە دەرگای میوانخانەیەک بوو، دەینووسی: «تکایە شاعیر سەغڵەت مەکەن چونکە ئیش دەکات!». ئەمە لە پاریس. لە سەرەتای سەدەی

(٦) نالی. دیوانی نالی. لا ٨٣.



ڕابردوو ڕووی دا. شاعیرێک بوو لە هەمان زمانحاڵی چەرخە جەنجاڵەکەی خۆی بوو، لە هەمان کاتیشدا بەدوای «پنتی باڵا» وێڵ بوو. دەیویست دوو جەمسەر، یا دوو پۆڵ لە یەکتر بدات و پزیسکی واتا بدۆزێتەوە. نەیدەزانی چۆن بگاتە ئەو شەپۆلە پزیسکانە! بڕوای وابوو لە ڕێگای خەونەوە، کاتێک عەقل دەچێتەوە نێو قۆزاغەکەی خۆیەوە، ئیتر جیهانێکی دیکە هەڵدێت. جیهانێکە لە پاشماوە و پارچەکانی واقیعی دەرەوە دروست بووە، بەزەروورەتیش شارێکی وەکو پاریس بەشدار بووە لەم بەرهەمهێنانەوەیە، بەڵام خەون پێکەوە گرێیان دەداتەوە. کاتێکیش بەیانی لەخەو هەڵدەستا، لەش سووک، هەموو بار و بارستاییەکەی بەتاڵ کردووە، ڕوح سووک، لەش ساغ بەشەقامەکانا پیاسەی دەکرد و زەخیرەی بۆ شەوی ئایندە کۆ دەکردەوە. ئیشی مێروولەی دەکرد، بەڵام هەموو شەوێکیش وەرزێک بوو!

### ٣- شیعر و کۆمەڵگا

١- هەموو کولتوورێ شیعری قبوڵ کرد و لە زەریای خۆی هەڵیکێشا.

٢- لە هەموو پانتاییەکی جوگرافیی بێ سێ و دوو خۆی فەرز کرد.

٣- لە کۆمەڵگا و کولتوورە پێشکەوتووەکانیش، واتە ئەوانەی خۆیان فیرە زمانی پەخشان کرد، بۆ ئەوەی لە لوغز و تەلیسمی ئەم دیاردەیە تێبگەن، پەنایان بردە بەر لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و ڕێسا و دەستوور دارشتن و سنوور بۆ دانان و هتد.

٤- ئەوانەی لە بیابان دەژیان، شیعریان کردە دەوار و لەژێر ئەم کەپرە کۆ دەبوونەوە.

٥- چیاییەکان، بە برگەی کورت وەکو قوتەی چیاکانیان، بۆ ئەوەی هەناسەسوار نەبن، دەیانهۆنییەوە.

٦- ئەوانەی لە کەناری دەریاکان دەژیان، شیعر مەلحەمەیەک بوو، پانوپۆڕ وەکو زەریا.

٧- ئەوانەی لە بەستەڵەک و وڵاتە پۆلینەکان دەژیان، شیعر و هەڵپەڕکێ، مورادیفی یەکتر بوون.

### ٤- دیاردە نوێیەکان

١- سەدەیەک زیاترە، ئێستاشی لەگەڵ مشتومڕێکی بێ سەروشوێن لەمەڕ پەخشانە شیعرەوە هەیە. هەمان دیالۆگی سەدەکانی ناوەند: ڕەگەزی فریشتە چییە؟ نێرە یا مێیە؟

٢- چ کولتوورێ بۆ یەکەمین جار، پەخشانە شیعری هێنایە کایەوە؟ وەکو ئەوەی ئەم ئافراندنێکی نوێ بێت!!

٣- بۆدلێر نوێخوازە یا ڕامبۆ؟

٤- گۆران نەبوایە، کورد چۆن شیعری دەنووسی. ئەی نالیی؟ یەکەمین شۆڕەسواری ئەم بوارەیە! ئەی پێش ئەو؟

٥- سنووری «گۆرانییەکان[٧]» لە کوێ کۆتایی دێ؟ ئایا سنوور لەم مەیدانە هەیە؟

٦- ڕوانگەییەکان ئاگریان جۆش دا. زوو کوژایەوە؟

٧- شیعر دەبێ وەکو چیاکانمان ئازاد بێت. باشە چیاکانمان ئازاد بوو؟

٨- تاراوگەییەکان لە سەرچاوەی دوورەدەستەوە ئاویان خواردەوە و شیعری کوردیان ڕزگار کرد!!

٩- تاراوگە یانی چی؟ بۆ ئێمە، کوردستانییەکان، ئێمەش لە تاراوگەی ناوەکی ناژین. کەواتە ئێمە شیعری کوردیمان لە بوحران ڕزگار کرد.

١٠- با گرووپ و تاقم دامەزرێنین، بەڵکو شتێک بڵێین و جێ پەنجەی خۆمانی پێوە دیار بێت.

١١- عەریبترین زمان، یاری کردن بە زمان، گەمە بێ سەروشوێنەکان!

(٧) نیسبەت بۆ گۆران.



١٢- نەخێر... شیعر هەر ئەوەیە کە خۆم دەینووسم. ئیمزای هەموو شاعیران.

لە ڕاستیدا، دەکرێ ئەم لیستە درێژتر و وردتر کرێتەوە، بەڵام هەمووشی دەچێتە خانەی ئافراندنەوە. ئافراندن بەمانا هەرە فراوانەکەی. شیعریش لە واتا یۆنانییەکەی – Poetica – بە واتای «ئافراندن» دێت. لە واتا کوردییەکەشی کە «شیعر» ڕەچەڵەکی ئەم وشەیەش عارەبییەوە، بەواتای «عَلِمَ»، کە چاوگی زانینە. واتە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی عارەبان، شیعر وتن جۆرە زانیارییەک بوو. دیسانەوە بە کوردی «هەڵبەست» یا «هۆنراوە» مورادیفە هەر کاڵوکرچەکەیەتی، بەبێ ئەوەی بزانین ڕەگ و ڕیشەی «هۆزان» لە چییەوە هاتووە! «هەڵبەست» لە «هەڵبەستن» و لە «پیاهەڵدان» نزیکمان دەکاتەوە و «هۆنراوە»ش دەقاودەق «نظم» عارەبییە. مەرج نییە هەموو «نظم»ێک شیعر بێت، مەرجیش نییە هەموو شیعرێک «منظوم» بێت.

ئا لێرەوە گرفت و ئیشکالاتی «پەخشانە شیعر» سەر هەڵدەدا: شتێک نووسرا، نەدەچووە ژێر باری قسەیەکی دەستووردار و سەرووادار و کێشدارەوە.

### ٥- پەخشانە شیعر زاراوەیەکی دووفاقەیە

بەزمانی کوردی «پەخشان بەو قسە و ڕستەیە ئەوترێ کە هۆش و هەستی مرۆڤ پیشان بدا و بێ بەش بێ لە کێش و سەروا[٨]. هەروەها مامۆستا سەجادی دەڵێ: «لەگەڵ ئەوەشا کە هۆنراوە و پەخشان لە یەک نزیکن، چونکە هەردووکیان ئەدەبن و ئەدەب بەو دووە تەواو دەبێ[٩].»

(٨) دەقەکانی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ١٩٧٨، کۆڕی زانیاری کورد، لا ١١٥.

(٩) دەقەکانی ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ١٩٧٨، کۆڕی زانیاری کورد، لا ١١٦.

بەڵام کاتێک دێتە سەر ئەوەی لە نێو هۆنراوە و پەخشان بەراورد بکات، مامۆستا سەجادی دەڵێت: «پەخشان نەبەستراوە بە کێش و سەرواوە، بەڵام هۆنراوە پابەندی ئەم دوانەیە[١٠]».

بە کوردتی دەکرێ لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونە، بگەینە سەرئەنجامێک: پەخشان کارێکی ئەدەبییە، ناچێتە ژێر باری هەمان دەستووری شیعرەوە، دەکرێ بوترێت کە کێش و سەروا لە دەقێک دامالرێت، پەخشان دەمێنێتەوە. بەپێی سەجادی، واتە:

هۆنراوە = سۆز + هەست + کێش + سەروا

پەخشان = هۆش + هەست.

باشە ئەی ئەگەر خۆمان بەرامبەر بەدەقێکی تەعلیمی ببینییەوە، بۆ نموونە فەرهەنگەکەی شێخ مارفی نۆدێهی، یا گەلێ شیعری تەعلیمی دیکە چ شیعری کوردی چ لە شیعری عەرەبی چ لە شیعری فەرەنسی کە بە کێش و سەروا هۆنراونەتەوە، بەڵام بەزمانی سۆز و هەست نەنووسراونەتەوە، دەبێ چی بوترێت بەو دەقانە؟

کەواتە ئێمە بەرامبەر بە دەقێکین:

پەخشان = هۆش + کێش + سەروا

کە ناچێتە خانەکەی مامۆستاوە. یا کاتێک دەقێکمان هەبێت لە هەمان کاتدا:

دەق = هۆش + سۆز + هەست + کێش + سەروا

دەق = (لێکدانەوەیەکی ماتماتیکییانە) – ڕاڤە کردنی بیردۆزەیەکی ئەلجەبر، نووسینی نامیلکەیەکی زانیاری لەمەڕ زیندەوەرناسییەوە، هتد.

ئایا دەبێ چۆن ئەم دەقانە ناوزەد بکەین؟

---

(١٠) دەقەکانی ئەدەبی کوردی، علاءالدين سجادی، ١٩٧٨، کۆڕی زانیاری کورد، لا ١١٨.



دەبینین چالاکی نووسین گەلێ لەوە ئالۆزترە کە بەچەند خشتە سازییەک کۆتایی پێ بهێنرێت. چونکە بەکارهێنانی زمان وەکو چالاکییەکی ئینسانی ڕووت، تەعبیر لە فیکری ئینسان دەکات، واتە:

زمان <--------> فیکر

چونکە پرۆسەی زمان خۆی لە خۆیدا چالاکییەکی فیکریی ئالۆزە و هەموو زمانەوانی هاوچەرخ لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە زمان لە هێما پێکهاتووە، ئەم هێمایانەش لەنێو خۆیان بەپێی سیستەمێک بەڕێوە دەچن. هەر کولتوورێک بەپێی پێداویستییەکانی خۆی گەشە بەو زمانە دەدات. نووسین و ئاخاوتن تەعبیر لەو چالاکییە دەکەن. نووسینیش تەعبیرێکی فیکرە لە ڕێگای گرافیکی زمانێکی دیاریکراوەوە و هەموو نووسینە داهێنراوەکان لە یەک خاڵدا یەک دەگرن، ئەویش چالاکیی داهێنانە.

بۆ ئەوەی زیاتر مەبەستەکەمان ڕوون بێتەوە و بەشێوەیەکی هێڵکاری نووسینەکان لە یەکتر جودا بکەینەوە، ئەوە دەکرێ بڵێین: پەخشان / شیعر. وەکو دوو جەمسەری زمان سەیر بکرێت. زمانی پەخشان هەموو لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەیەکی زانستی دەگرێتە خۆی.

زمانی شیعریش ئەو زمانەیە تا پێی دەکرێ بە وێنە، بە ڕەمز، بە هێمای جۆراجۆر خاوەنەکەی تەعبیر لە خۆی دەکات. زمانی پەخشان ئاراستەکەی بەرەو دەرەوەی خۆیەتی، واتە دەستنیشانی مەرجەعییەت دەکات کە لە دەرەوەی خۆی دایە، لە کاتێکدا، زمانی شیعری ئاراستەکەی بەرەو ناوەوەی خۆیەتی. دەتوانین بەم دوو هێڵکارییە هەردوو بنەماکە ڕوون کەینەوە:

١- بنەمای شاقوولی:

٢- بنەمای بازنەیی:

هەڵبەتە شیعر وەزیفەکەی گەلێ جیاوازترە لە نووسینی ئاسایی،

مەبەست لەو نووسینەیە کە سەبارەت بە مەرجەعێکەوە دەدوێ، شیعر خۆی دەبێتە مەرجەعی خۆی و ئاماژەیەکە بەرەو ناوەوەی خۆی. ئەم ئاماژەکردنە بەرەو ناوەوە دەکرێ زۆر شتی لەبارەوە بنووسرێت. سارتەر لە کتێبی «ئەدەب چییە؟» ئاماژەی بۆ دەکات و یاکۆبسۆن، لە بواری زمانەوانی بەجۆرێکی دیکە باسی لێوە کردووە و دەکرێ لەم بوارە ڕامانی ئیستێتیکی و فەلسەفیشی بخرێتە سەر. ئەگەر هەموو نووسینێک ئاراستەیەک بێت بەرەو دەرەوەی خۆی، تەنها هەر زمانی شیعر ئاراستەیەک بێت بەرەو ناوەوەی خۆی، ئایا تەعبیر لە قوولاییەک ناکات کە پێویستە ئیفراز کرێت و ببێتە مادەی ڕامان؟ ئایا ئەم شۆڕبوونەوەیە نابێ هیچمان پێ بڵێت؟

### ٦- خەیاڵکردن و وێنەی شیعریی و گرفتەکانی جیهانبینی

ئەگەر بەپێی گریمانەکەی ئێمە بنەمای بازنەیی کۆڵەگە هەرە پتەوەکەی شیعر بێت، یا بڕبڕەی پشتی دەقی شیعریی بێت، ئەوە لە پاڵ ئەم بنەمایە، یا ڕاستر لە ناواخنی ئەم بنەمایە «وێنەی شیعریی» تەواوکەری پرۆژەی شیعریی دەگرێتەوە. چونکە لە وێنەی شیعرییدا توانستی خەیاڵکردن خۆی ئاشکرا دەکات، چونکە لە وێنەی شیعرییدا، قودرەتی تەواوی شاعیر خۆی بەیان دەکات. دەکرێ بەرێککەوت وێنەیەکی شیعریی لە دایک بێت، بەڵام بەرهەمهێنانی وێنەی شیعریی پێویستی بە سیستەماتیزەکردن هەیە تا دەقێکی کۆک دێتە بەرهەم.

لە زمانی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر وشەی «وێنە» لە وشەی «خەیاڵکردنەوە» دوورە، بەڵام لە زمانە ئەوروپییەکان پێکهاتەی یەکترن، چونکە ئەدەبیاتی ئێمە لە بەلاغەتی عەرەبی «الصورة الشعرية» و «المخيلة»ی وەرگرتووە. لە زمانی عەرەبی جۆرە خزمایەتییەک لە نێوان «الصورة» لەگەڵ «المخيلة»دا هەیە، چونکە وشەی «تصور»مان هەیە کە تا ڕادەیەک ئەو مەبەستە دەگەیەنێ و زۆرجار «وێناندن» لەجیاتی دادەنرێت و تا ڕادەیەکی زۆریش گونجاوە. بەڵام لە زمانی کوردیدا، بەپێی زانیاری



ئێمە هیچ پەیوەندییەکی ئیتیمۆلۆژی، یا خزمایەتییەک لەنێو ئەم دوو وشەیەدا نییە. چونکە وێنە لە ڕەحمی خەیاڵکردنەوە لەدایک دەبێت، یا چاکترە بوترێت خەیاڵکردن دایینەمۆی وێنەیە و ئەو سەرپەرشتی بەرهەمهێنانی دەکات. ڕەنگبێ «وێنەی شیعریی» سەرتاپای پرۆژەی شیعریی بگرێتەوە. هەروەها جۆرە چارەسەرێکیش بێت بۆ دۆزینەوەی ڕچەیەک کە بمانگەیەنێتە نێو کردەی شیعر نووسینەوە، واتە ئافراندن. چونکە کردەی شیعر نووسین لە ناوەڕۆکدا، کردەی ئافراندنی وێنەیە و پاشان لە ڕێگای کیمای تایبەتییەوە وێنەکان دەڕژێنە یەکترییەوە و سیحری دەق دروست دەکەن.

هەمیشەش کاتێک کە مەسەلەی زمانی ڕەخنەیی دێتە ئاراوە، گەلێ کێشەی زاراوەیی لەبەر دەممان قووت دەبنەوە، نەک لەبەر ئەوەی زمانی کوردی قودرەتی ئەوەی نییە کە بەسەر ئەم کێشەیەدا زاڵ بێت، بەڵکو ئەدەبیاتی کوردی لە گەلێ سەرچاوەی بێگانەوە ئامرازەکانی قۆزتۆتەوە و دەیقۆزێتەوە. جا هەر نووسەرێکیش تا ڕادەیەک بەشێوەیەک کە تایبەت بووە بە چەشە و تێگەیشتنی خۆی لە ئەدەب، بەکاری دەهێنێ. هەر بۆ نموونە، با بێینەوە سەر زاراوەی «خەیاڵ» کە لە بواری ئەدەبدا بەگشتی و شیعریش بەتایبەتی شوێنێکی گرنگی هەیە و بە یەکێ لە کۆڵەگە بنەڕەتییەکانی شیعرییەتە؛ ئەم زاراوەیەش بێگومان لە (خیال)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە لە ڕاستیدا بەمانای (الظن، الوهم) دێت و لە کوردیشدا، یەکسەر بیرمان بۆ تەونێ دەلالات دەچێت، کورد دەڵێ: «ئەمە خەیاڵ پڵاوە»، یا «ئەوەی دەیلێیی خەیاڵە و فڕی بەسەر واقیعەوە نییە» هتد. کاتێ بەلامی قەڵەوە لەفز دەکرێت، یەکسەر واتایەکی دیکە دەکاتە بەر. بەو واتایەی کە ئەدەب داوامان لێ دەکات، تا ڕادەیەکی زۆر لەم واتایانەوە دوورە. ئەم کردەیەش، واتە خواستنی وشەیەک لە زمانێکی دیکەوە، هەندێ جار بە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکار دیت، زۆرجاریش زمانی دووەم دەیهاڕێ و دەیهاوێژێتە نێو سیستەمی خۆیەوە و واتاکەشی

دەگۆڕێ. هەرچەندە ئەوەش دەزانین کە وشەگەلێک هەن کە لە زمانی عارەبییەوە وەرگیراون، مەرج نییە هەمان مەبەست بگەیەنێت[١١]؟ بۆ ئەوەش نموونەی زۆرمان هەیە، بەڵام گشت ئەم مانایانەی کە خەیاڵ دەماندات، ئەو زاراوەیە ناگرێتەوە کە کردەیەکی ئاڵۆزی «خەیاڵکردنە» کە بە عارەبییەکەشی (المُخَيِّلة) و بەرامبەرەکەشی بە فەرەنسی (l`imagination) دەگرێتەوە، (image) واتە «وێنە» و وێناندن یا خەیاڵکردنیش کردەی دروستکردنی وێنە دەگرێتەوە.

چونکە خەیاڵکردن قودەرەتێکە کە وێنەی شیعریی دروست دەکات و ئەگەر زاراوەکەی کلۆدێل بەکار بهێنین، وێنەی شیعریش واقیعی سەرەتایی هەموو شیعرێکە. واتە پێش ئەوەی وێنە شیعرییەکان لە ڕێگایەکی تایبەتی خەلقی شیعرییەوە یەک لە دوای یەک تێکهەڵکێشی یەکتر بن و لە یەک بخۆنەوە و بڕژێنە یەکتریی و لە سەر سنووری یەکتردا بوەستن و لە کۆتاییش بنەمایەکی بازنەیی پێک بهێنن، واقیعێکی دەسپێکیان هەیە. دەبێ مەبەستمان لە واقیعی سەرەتایی چ بێت (سەرەتاییش بە مەبەستی یەکەمین یا هەوەڵین بەکار دەهێنین)؟ بە کورتی وێنەی شیعریی سەرەتایە و دەکرێ بەکۆتایش بخوێندرێتەوە، چونکە شیعر بەوێنە دەست پێ دەکات و هەر بەوێنەش کۆتایی دێت. لەم ئاستە بەتەواوی ئەو ڕستە بەناوبانگەی کە دەڵێ: «المعنى في قلب الشاعر» واتە «واتا لە دڵی شاعیر دایە» سەروبن دەبێ و دەکرێ بوترێت: «المعنى في قلب الصورة الشعرية». واتە «واتا لە دڵی وێنەی شیعر دایە».

وێنەی بەهیچ شێوەیەک ئاوێنە نییە! چونکە ئاوێنە وێنەمان بۆ دووپات دەکاتەوە، یا عەکسی وێنەیەکمان دەداتێ، بەڵام وێنە، سەرەڕای ئەوەی توانای خۆ مارەکردنی هەیە لەگەڵ وێنەی دیکەدا، ستاتویەکی ئۆتۆنۆمی و

(١١) بۆ نموونە وشەی «فقط» لە زمانی عارەبی واتا «تەنها»، بەڵام کورد بە«فەقەت» وەریگرتووە و بەمانایەکی دیکە بەکاری دەهێنێ. بۆ نموونە: من دەمەوێ بڕۆمە دەرەوە فەقەت باران دەبارێ. بەواتای «لەبەر ئەوەی» دەگرێتەوە.



سەربەخۆی هەیە، واتە وێنەیەک دەتوانێ بەتەنها و بەدەر لە وێنەکانی دی بژی و جۆشوخرۆش و ئینفیعال دروست بکات. ئەگەر بێت و وێنەیەک کە بچووکترین توخمی شیعر بێت، ئاماژە بۆ دەرەوەی خۆی نەکات، یا ئاراستەی دەرەوەی خۆی نەکرابێت، یا تەمسیلی شتێکی دیکە نەکات لە خۆی، چۆن لە سەرەنجامدا شیعر دەتوانێ نوینەرایەتی شتێکی دەرەکی بکات، یا تەمسیلی شتێک بکات لە دەرەوەی واقیعی خۆی، یا لەدەرەوەی وجوودی خۆی. کەواتە شیعر ڕەمزی شتێکی دی نییە کە لە دەرەوەی خۆیدا بێت، هەر بەتەنیا و بۆ خۆی ژیانی خۆی دەپارێزی و وجوودی خۆی هەیە، کاتێ ئێمە ئەمەش دەڵێین بەمەبەستی نێرگزییەت نییە، واتە دەقێک بێت تەنها هەر خەریکی خۆی بێت، نەخێر، دەقی شیعریی کراوەیە و واتاشی هەیە، بەڵام چ واتایەک؟

وێنەی شیعریی لە خەونە قووڵەکانی شاعیرەوە لەدایک دەبێت و لە ڕێگای وشە و ڕیتمەوە دەبێتە نووسین. وێنەی شیعریی خاوەن دوو جەمسەرە، یا لە دوو مادە پێک دێت و خۆی دروست دەکات. ئەم پێکهاتەیەش ڕێزمان و دەستووری تایبەتی خۆی هەیە. ئەمەیان پەیوەندی بەدیدەنیگای و جیهانبینی شاعیرەوە هەیە. کاتێ گۆران دەڵێ: «کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو/ لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو/ جوانترە لەلای من لە دەریای بێ سنوور/ شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ شلێپ و هوور![١٢] زیاتر ئاشنایی خۆی و خۆشەویستی خۆی بۆ سروشتی کوردستان ڕوون دەکاتەوە، بەڵام کاتێ ڕامبۆ دەڵێ: «بەئاشکرا مزگەوتێکم لە جێگای کارخانەیەک دەبینی و قوتابخانەیەکیش کە بۆ دەهۆڵ لێدەران فریشتە دروستی کردبێ و گالیسکەیەکیش لە ڕێگای ئاسمان و سالۆنێکیش لە قووڵایی دەریاچە و دڕندە و غەیبیات و ناونیشانی شانۆنامەیەکیش بۆ کات بەسەر بردن، وێنەی سامناکی لە پێشم قووت

(١٢) دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٠، ل ٤٦.

دەکردەوە[١٣]. بێگومان دەکرێ گەلێ واتا و دەلالاتی لێوە هەڵبهێنجرێ.

لای یەکەمیان، پەیوەندی نێوان «کانی» و «دەریا» لە ڕێگای بەراورد کردندا پەیدا بووە: کانی ----> ڕوون ---> لەبەر تریفەی مانگە شەو ---> لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو/ دەریا ---> بێ سنوور ---> شەپۆل بەر تیشکی ڕۆژ ---> شڵپ و هوور.

لای گۆران ئەو مادەیەی کە بابەتی بەراوردکردنەکەیە، لە هەر لای هاوکێشەکە ئاوە، یەکەمیان سازگارە و بە ڕوونی و زوڵاڵ لە ژێر زەمینەوە هەڵدەقوڵێ کە کانییە و دووەمیشیان سوێرە و پان و پۆڕە و پانتایەکی فراوان داگیر دەکات کە دەریایە. بەڵام ڕامبۆ هاتووە دوو توخمی زۆر دوور لەیەک «مزگەوت» و «کارخانە»ی کردووە بە مادەی وێنەکەی کە ئەویش بەخستنەبڕە، واتە یەکێکیان لەجیاتی ئەی دیکە دادەنرێ. لە خوێندنەوەیەکی سەرەتایی، هیچ پەیوەندییەک لە نێوان «مزگەوت» و «کارگە»دا بەدی ناکرێت، بەڵام لە خوێندنەوەی دووەمدا، دەکرێ بیرمان بۆ ئەوە بچێت کە هەرردووک جێگای گشتین و بەکۆمەڵ خەڵکی تیا کۆ دەبێتەوە، لە شوێنێک بۆ خودا پەرەستن و نوێژکردنە، لە شوێنێکی دیکە بۆ کارکردنە. لە خوێندنەوەی سێیەم، ئایا مزگەوتیش وەکو کارگە نییە، کە تیایا خەڵکی کار بۆ دوارۆژ دەکەن، ئایا لە کارگە، کرێکاران تووشی ئیغتیراب نەهاتوون؟ ئایا پەرستنی خودا جۆرە ئیغتیرابێک نییە؟ هتد.

وێنەی شیعریی نەک تەنها ناوکی شیعرە، بەڵکو شیعرەکە خۆیەتی. بۆیە شتێکی سەرنج ڕاکێش نییە کە شیعرێک تەنها لە یەک وێنە پێکهاتبێت. هەر ئەویشە بانگەشەی خەیاڵکردن دەکات و دەبێتە داینەمۆیەکیش لەبۆ خەوبینین. یەکێکی وەکو باشلار لە بەرهەمە داینەکانی زۆربەی کارەکانی بۆ شیعر و خەیاڵکردن تەرخان دەکات،

(١٣) وەرزێک لە دۆژ و درەوشانەوە، ئارتور ڕامبۆ، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا، ٢٠٠١، ئاراس، هەولێر، لا، ٤١.



دەڵێ: «ئەو وێنانەی کە بەخراپی دەبنە مادە، ئەو وێنانە وێنەی ساکارن». بۆیە وێنەی ساکار شیعر دروست ناکات، ئەگەر شیعریشی دروست کرد ئەوە شیعرێکی ساویلکە دروست دەکات.

کاتێکیش باس لە وێنەی خراپ دەکەین، مەبەستمان وێنەی سواوە، کە لە قەراغ ئاوی زاکیرەوە لە دایک بووە، نەک لە قووڵایی ئاوەکان. وێنەی خراپ وینەیەکی فۆتۆگرافییە، لەبەر ئەوەی قەد ناتوانێ دڵسۆزانە واقیعمان بۆ بگوازێتەوە، هەر بۆیەشە ناتوانی شیعر دروست بکات. وێنەی خراپ لە پرۆسەی بەراوردکردن لە پلەی یەکەمدا دروست بوونە، بەراورد کردنی زیندانی بە باڵندەی ناو قەفەسێ، بەراوردکردنی فرین بەئازادییەوە و گریان بەحوزن و ئەسەفەوە. ئەم جۆرە بەراورد کردنانە لەسەر ڕووکەشی واقیع دان، هیچ هێزێک و توانستێکی تایبەتی ناوێ بۆ شیتەڵکردن و ڕاڤەکردنیان، واتە ئاماژەیەکی ڕێک و ڕاست بۆ شتێک دەکەن کە لە دەرەوەی خۆیان دان، یا ئاراستەیەکی ڕێک و ڕاستی بۆ دەکەن.

ئەم کردەیەش، لە ڕاستیدا توانای ئەوەشی نابێ کە واقیعمان بۆ بگوێزێتەوە، وردترین کامیرای فۆتۆگراف توانای ئەوەی نییە، چمکێکی واقیع بە دڵسۆزانە بگوازێتەوە سەر کاغەز؛ چونکە واقیع لە هەموو ئەو چرکەساتانە پێک دێت کە خۆی لەژێر دەستمان ڕادەپسکێنێ، واتە بۆ ئەوەی وەفادار بین لە پرۆسەی گواستنەوەی واقیع بۆ نێو دەقە شیعرییەکانمان، تەنها ڕێگایەکمان لە پێش دایە، ئەویش تەجاوزکردنێتی. باشە، چۆن تەجاوزی واقیع دەکرێت؟ ئەمە لە حاڵەتێکدا کە خۆشمان بەشێک بین لەم واقیعە. ئایا ئەمە جۆرە گەمەیەک نییە کە شاعیران دایدەمەزرێنن تاکو شیعر لە دونیای سیحر و جادووەوە نزیک بکەنەوە؟

نەخێر! ئەم تەجاوزکردنە مومکینە کاتێک کە خەون ڕۆ دەچێتە نێو دەقەکانمانەوە. واتە دەق بەنێو بڕبڕەی سرووش و ئیحادا تێدەپەڕێ، ئەم پرۆسە ئاڵۆزەش دەکەوێتە ژێر باری کارکردن و تەقەلا و ئەزموونی

شیعرییەوە. شیعر دەبێ ئاوس بێت بەزمانێکی تایبەت کە لەنێو زمانی گشتییەوە لەدایک بووبێت. هەموو تایبەتمەندییەکانی شاعیری تیا نیشتەجێیە: بیۆگرافیای شاعیر، ڕۆشنبیریی، هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە ڕێگای زمانەوە پەیدا دەبن... هتد.

کاتێک باسیش لە خەون دەکەین، تەنها مەبەستمان لە دیدەنیگای فرۆیدانەوە نییە، بەڵکو خەون لە واتا هەرە گشتییەکەی، مەبەست لە خەون ئەوەیە کە هێزی ئەوەی تیا بێت کە ڕۆشنایی بقۆزێتەوە و ڕووناکیمان پێ ببەخشێ، خەون و ئارەزوو دوو خوشکی یەکترین، شیعر دەبێ لە ناوچە شێدارەکانی ئارەزووەوە لەدایک بێت. کاتێکیش هەست دەکەین کە ڕووناکیمان بەرکەوتووە، کاتێک کە تەزوویەکی نهێنی لە نێوان ئێمە و دەقدا دروست دەبێت، واتە دیالۆگێکی بەبەرەکەت دروست بووە. دەقی شیعری واتە دیالۆگ، دیالۆگێکی هەمیشەیی و لە گەلێ ئاستدا لە نێوان ئێمە و ئەودا.

بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن شاعیرێک توانای تەواوی ئەوەی هەیە کە وێنە شیعرێک دروست بکات کە هێز و توانای هەبێت؟ توانای ئەوەی تیابێت کە هەر یەکسەر غەزوومان بکات، داگیرمان بکات و قودرەتی خەونینەمان تیا زیندوو بکاتەوە؟ هەر وەکو بلاچەیەکیش لە نێوان دوو پۆڵدا چەخماخە بدات، هەر وەکو برۆتۆن لە مەنیفێستی سوریالییەکان ئاماژەی بۆ دەکات و ئەویش لە ڕێڤێردی وەری گرتووە و دەڵێ: «تا پەیوەندی نێوان دوو واقیع دوور و ڕاست بن، ئەوەندە وێنەی شیعری پتەو دەبێت[١٤]».

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، با لە ڕێگای ئەم ئیستیشهادەوە بچینە ناو باسەکە:

«گشت تواناکان (قودەرەتەکان) لە حاڵەتی ئاگاداریی و وریایی تەواون. وەکو ئەوەی هەر توانایەک ئامادە بێت ئەوەمان پێشکەش بکات کە

(١٤) بروتۆن، بەیانی سوریالی (١٩٢٤)، فۆلیۆ، گالیمار، پاریس، ٣١.



پێویستیمان پێیەتی. ئەوەمان بداتێ کە لە توانایدا هەبێت پێشکەشمانی بکات. زاکیرە، ئەزموون، فەنتازیا، وچان (تەحەمولکردن)، ئازایەتی، چێژ هەر خێرا لەوە تێدەگات کە چمان مەبەستە، بەمەرجێ کە هێشتا خۆشمان بەباشی سەری لێ دەرناکەین، زیرەکیش، یا عەقڵیش ورد دەبێتەوە و تێبینی دەکات، تاوتوێ دەکات، هەڵی دەسەنگێنێ، فرمان دەدات، ئامۆژگاری دەکات، حافیز (motivation) دروست دەکات، لێرە شتێ دەقرتێنێ، لەوێ شتێکی دیکە، شتەکان لە یەک جودا دەکاتەوە، فرمان دەردەکات و شتەکان کۆ دەکاتەوە، دابەشیان دەکاتەوە و لە هەر کوێیەکیش ڕووناکی و پێوەری تەواو هەبێت، دێتە وەڵام. بەڵام عەقڵ شیعر دروست ناکات، بەڵکو سەیرمان دەکات کاتێک کە شیعر دەنووسین[١٥]».

ئەم ئیستیشهادەی سەرەوە بێگومان لە ئەزموونی کلۆدێلەوە هەڵهێنجراوە، واتە ئەزموونی شاعیرێکە؛ بەڵام گەلێ ڕۆشنایی دەخاتە سەر کردەی خولقاندن. باشە چۆن دەکرێ، دەلالاتی وێنەی شیعری دەستنیشان بکرێن؟ پێش هەموو شتێک داوا دەکرێت کە وێنەی شیعریی ڕەسەن بێت. هەر وەکو باشلار ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێ: وینەی شیعریی فیکرەیەکە لە کاتی لەدایک بوونە، واتە هێشتا نەبۆتە فیکرە و ناشبێتە فیکرە. ئا لێرەدا فیکرە و شیعر لەیەک دەدەن و لە یەکیش جودا دەبنەوە. تێرمی «فیکرە» واتە (idée) کە لە ڕەچەڵەکی یۆنانی کۆندا، (idea) واتە «شیکلێکی بینراو»؛ چونکە تەمسیلی بیرێکی موجەڕەد دەکات و لەلایەن فیکرکردنەوە هاتۆتە دی؛ هەر بۆیە لە زمانە لاتینییەکاندا، لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییەوە پەیوەندییەکی پتەوە لە نێوان «وێنە» و «فیکرە»دا هەیە.

ئەمەش دەروازە بۆ باسێکی تر دەخاتە سەر گازەرای پشت: پەیوەندی

(١٥) پۆل کلۆدێل، ڕامان لە شیعر، ١٩٦٣، گالیمار، پاریس، لا ٩٣-٩٤.

نێوان شیعر و فیکر چییە؟ ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە وا دەکات شیعری بابەتی و شیعری فیکرە، زوو خاو بێتەوە و هێزی خەونینە لە دەست بدات. دکرێ لێرە ئا بەم جۆرە لێک بدرێتەوە: شیعر ئەوەیە کە شتێک بگەیەنێ و خەونیش بە شتێکی ترەوە ببینێ. لێرە توانستی خەیاڵکردن ئەوە نییە کە واقیع بنووسێتەوە، بەڵکو واقیع تێپەڕ بکات. فیکر تێکڕای ئەو پرۆسانەیە کە ئینسان لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ واقیعی مادی، کۆمەلایەتی بەدەستی دەهێنێ کە لە ئەنجامی ئەم پرۆسانەش چمکی لێوە دەسگیر دەبێ و کە بەیەکەوە گرێیان دەدا و مەعریفەی نوێی پەیدا دەکات. واتە فیکر پرۆسەیەکی ڕاسیۆنال و عاقڵانە و مەنتیقییە، کەچی وێنە ڕەنگە ڕەحمی فیکر بێت، پرۆسەی بیرکردنەوە بەشدارە لە دروستکردنی، بەڵام چمک دروست ناکات و پەیوەندیی نێوان ئەم وێنانەش نە ڕاسیۆنالە، نا عاقڵانەیە، نە مەنتیقییە، بەڵام مەنتیقی تایبەت و ناوەکی خۆی دروست دەکات، پەیوەندی حەممیی خۆی فەرز دەکات و وەکو داینەمۆیەکیش وزەی لێوە دروست دەبێت.

بۆیە کاتێک وێنەیەکی کرچ و کاڵ دەبینین، خێرا هەست دەکەین پرۆسەیەکی فیکریی بەسەریا زاڵە و نەبووە بەچمک، بەڵام لە هاوکێشەیەکی زۆر مەنتیقیشەوە لەدایک بووە. لەناو جەرگەی بابەتەوە یەخەمان دەگرێ، وێنە توانای ئەوەی نییە بێتە زمان، شاعیر یەخەمان دەگرێ و دەستمان دەگرێ و دەیەوێ بمانباتە ئەو شوێنەی کە خۆی توانای نییە بیگاتێ. وێنەیەکە ئارەزوو دروستی نەکردووە، بەڵکو بێچووی ئیرادەیە. بەرامبەر بەم وێنانە شاعیر خۆشی گەلێ هۆشیارە بەرامبەر بەو نووسینە و هەر بەنووسینیش ئەنجەت بەرامبەر بەو وێنە کاڵ و کرچانە دەهێنێتەوە، چونکە دەسەلاتێکی دەرەکی داوای لێکردووە لە بەرهەمهێنانەوەی ئەم جۆرە نووسینە.

یا ئەوەتا بەرەو خەونێک دەمانبات کە ڕووناکبەخش نین، هەر وەکو ئەو خەوانەی کە بەشەو بینیومانە، بەڵام ڕۆژی دوایی توانای گێڕانەوەیمان



نییە، زمان ناتوانێ درک بەنهێنییەکانی بکات، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمان لە خەونێکە کە لە مادەی زمان دروست بووبێت! بۆیە هەمیشە ئەو جۆرە شیعرانە لە گیانەڵادان. ئایا ئەو خەونە ڕوونانەی کە بەشەو بینیومانە و بەئاسانی دەیگێڕینەوە، ئۆخژنی پێ نەبەخشیوین!

لە نێوان شیعرێک کە خەون دەبێتە مادە سەرەتاییەکەی و شیعرێک کە بابەت دەبێتە پاڵپشتی، دەمانگەیەنێتە دووڕییانێک: یەکێکیان جۆرە شیعرێکە بەرە و دەرەوە وەردەچەرخێ و شیعرێکی دیکەش کە وەکو ئەلقەیەک مرۆڤ بەرەو یەکێتییەک بانگەشە دەکات کە دوو ئاراستەی هەیە، یەکێکیان بەرەو ئاسۆ نادیارەکانی دەرەوە، ئەوی تریش لە سەرچاوە بزێوەکانی ناخ و ڕەگی هاویشتووە.

بۆچی گشت تەقەلاکان زۆرجار دەگەنە بنبەستێک؟ گەلێ هۆ هەیە کە شاعیرێکی دیاریکراو خۆی بەبارودۆخێکی دیاریکراوەوە ببەستێتەوە و چونکە تەنها بارودۆخ توانیویەتی دروستی بکات. ئا لێرە سێ توخم بەلایەن کەم کۆ دەبنەوە:

١- بنەمای شاقوولّی: کاتێک بەو میتۆدەی کە ئێمە لێرە پێشکەشی دەکەین بپێورێ.

٢- بابەت: کۆڵنەدان، ئازایەتی، ورەبەرزکردنەوە، نەبەردیی، تێکۆشان، برایەتی، هیوابەخشین، بانگاشەکردن... هتد.

٣- ئایدۆلۆژیا یا فیکری ڕووت: حافیزێکی فیکریی لە پشتەوەی دەق هەیە. نەتەوایەتی، مارکسی، ئاینی، فەمینیزم... هتد.

دوای ئەوەی «شیعر»ێکی دیاریکراو دەخوێنینەوە، ئەگەر خێرا گەیشتینە مەبەستەکان، ئەگەر زانیاری داینێ و چێژی کەممان بینی، ئەگەر بانگاشەی مەرجەعی مێژوویی، کولتووری، واقیعی ڕووتی کرد ئەوە دەکرێ سەرەتا سەیری بنەمای ئەو شیعرە بکرێت، هەروەها فیکرەیەک بەسەر دەقەکە زاڵە، ئەویش بارستایی ئایدیۆلۆژییە. مەبەستیش لەم زاراوەیە ئەوەیە کە خاوەنەکەی تەعبیر لە سیستەمێکی فیکریی گشتیی بکات کە لە کۆتایی

ببێتە بەرجەستەیەکی عەقائیدیی چ فەلسەفەیی بێت، چ سیاسی، چ ئاینی، یا بەشێوەیەکی دیکە، ئەو فیکرە گشتییە زاڵ بێت بەسەر بەرهەمە هونەرییەکەی، یا بەشێوەیەکی زەق و ڕووت ڕەنگی دابێتەوە. ئەگینا ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە، تا چ ڕادەیەکی مەعریفە، وەک سەرجەمی سەرچاوە فیکرییەکان تێکهەڵکێشی بەرهەمێکی هونەری بووبێتن. بۆدلێر لەنێو مێژووی تایبەتی خۆی، ئەویش ناوەندی سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنسایە، هەڵبەتە بۆدلێر لە دووتوێی ئەو کولتوورە گشتییە، دەقە شیعرییە تایبەتییەکانی خۆی نووسیوەتەوە، چ ئاینی، چ کەلەپووری شیعریی پێشخۆی، چ ڕەوت و تەزووە ئیستێتیکییەکانی سەردەمی خۆی، بەشدار بوونە لە خەملاندنی سەرتاپای جیهانبینی شاعیر. یا گۆران، ئەویش زادەی گشت ئەو ململانییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکریی ئەو سەردەمەی خۆی بووە، ئەویش نیوەی یەکەمی بیستەمی کوردستانە. ئەویش دیسان زادەی هەموو ئەو خوێندەوانەیە کە لە ڕێگای ئەدەبی تورکی و ڕۆمانسییەتی ئینگلیزی و تەزووی ڕیالیزمی ئیشتراکییە و بەرچاوی کەوتووە. بەڵام چ بەنیسبەت بە بۆدلێر، چ نیسبەت بە گۆران، سیاقی گشتی هەمان سیاق بووە بۆ یەکێکی دیکەی هەمان سەردەم. ئەوەی گرینکە شاعیر چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو سیاقە گشتییەدا کردووە.

بەڵام بۆدلێر چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەرەوەی خۆی کردووە، چۆن هەرسی کردووە و چۆنیش ئەو واقیعەی گوازتۆتەوە، یا بەشێوەیەکی دیکە هەڵیهێناوەتەوە. چۆن تێشووەکانی لە دەرەوە چنگ کەوتووە و لە چ دیدەنیگایەکەوە سەیری دونیای دەرەوەی خۆی کردووە، چین مەرجەعە ڕۆشنبیرییەکەی و چ فەرادەتێکی لەو بارەیەوە هەبووە؟

کاتێکیش ئێمە باسی ئەو سیاقە جیاوازانە دەکەین، مەبەستمان ئەو قۆناغانە نییە کە شیعر وەکو قوتابخانە تەماشا کراوە، شاعیر بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی پیرۆز بووە، ڕێ پێشاندەر و دەمڕاست و لە کۆتاییش وەکو مامۆستا سەیر کراوە. لەو سیاقە گشتییە زۆر تایبەتەدا



شاعیر، شاعیرییەتی خۆی کردۆتە قوربانی چمکی کۆمەڵایەتی، تەنویری، ڕەهبەرایەتی هتد و زۆرجاریش شانازیشی پێوەکردووە، یا زۆر بەڕاشکاوی و لەخۆبوردوییەوە ئەو ئەرکەی بەخۆی ڕەوا بینیوە. ئەمەش دەکرێ بیگەڕێنینەوە بۆ دوو هۆ، یەکەم فاکتەرێکی کولتووری مێژووییە، کە نووسەر، بەمەبەستی ئەوەی پەیامەکەی خێرا بگاتە گوێگر و خوێنەر و کاریگەریی بەجێ بهێڵێ، زوو لەبەر بکرێ، ئەوە دەقەکەی هۆنیوەتەوە، دووەمیشیان کەمبوونی کەرەسەی دیکە، لەجیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی بابەتییانە و لێکۆڵینەوە شێلگیرانە لەمەڕ کێشە جوداوازەکانی کۆمەڵگا بابەتی زانستی و تیۆری و ڕاڤەکردن و لێکدانەوە بنووسرێت، شاعیر بەم کارە هەڵساوە، بە نیازێکی پاکەوە شیعری خراپی نووسیوە.

چونکە گەلێ تەون بەدەور شاعیرا ئاڵۆزکاندراوە و، شاعیریش چۆتە ژێر بارێکی زۆر قورس و لە کۆتاییدا دەقی شیعریی خۆی کردۆتە قوربانی. هەموو ئەو واتا و دەلالاتانەی کە لە دەوری چمکی قوربانی کۆ دەبنەوە گەلێ لە بنەماکانی زیهنییەت و عەقڵییەتی کۆمەڵگایەکیشمان بۆ یەکئالا دەکەنەوە. یەکێ لەو مەفهومە زۆر زەقانە، مەفهومی غەیبی و ئاینییە، لە دوا پێناسە بەرگێکی عەلمانی و لایەکی کراوەتە بەر؛ بەڵام لە جەوهەردا لە دەوری یەک کێشە خول دەخواتەوە.

هەر ئەو کێشەیە کە بنەمای شیعریی بەرەو زمانی پەخشان ڕەوانە کردووە و لە کۆتاییشدا لەناو هەیکەلی بنەمایەکی شاقوولیدا دامەزراوەتەوە. چونکە مەبەست لەو جۆرە شیعرە ئەوە بووە کە زۆرترین خەڵک لێی تێ بگەن، یا ڕاستر پەیامی خۆی بۆ جەماوەریکی پانوپۆڕ بەیان کات. ئەم جۆرە شیعرە لەلای زۆربەی میللەتان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تەبریری خۆی هەبووە، بەلام لەم دیدەیەوە شیعر وەزیفەی هەبووە و وەکو چەکی بەکارهێنراوە بۆ هۆشیارکردنەوە، بۆ تێپەڕکردنی بیرێکی دیاریکراو، ڕەنگە دوای ماوەیەک هەمان بیر بەچاوێکی دیکەوە سەیر کرابێت.

سەرەڕای شەرعییەت و ڕەوایی کێشەکان، چ سیاسی بووبێتن، چ کۆمەڵایەتی، چ نەتەوایەتی، شیعر تەنها لە یەک مەنزووردا خوێندراوەتەوە و ئەویش وەزیفەی شیعرەکە بووە. ئەم وەزیفەدانە بەشیعر، تا ڕۆژی ئیمڕۆشمان هەر بەردەوامە و لایەنگری خۆی هەیە و دامودەزگای تایبەتیش دەیانپارێزێ.

### ٧- خوێندنەوەیەکی دیکە

ڕەنگبێ کاتی ئەوە هاتبێ پێداچوونەوەیەکی شیلگیرانەمان پێویست بێت بۆ دامەزراندنی خوێندنەوەی ڕەخنە ئامێزانە و بەئامراز و کەرەسەی نوێیەوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئاسۆی داهاتووی شیعر ڕووناکتر ببینێ و دەروازەکانی چەشەی ئەدەبی و مەعریفەش لەمەڕ گشت ئەو توخمانەی کە دەقی شیعریی پێکدەهێنن بخاتە سەر گازەرای پشت، نەک بەو مەبەستەی کە وەکو تاقە دیدەنیگا خۆی پێشکەش کات، بەڵکو بەشدارییەکی زانستییانە لەمەڕ ڕەخنەی ئەدەبییەوە بکات. بەدەر لە دراوە کەڵەکەبووەکان کە کەلەپووری شیعریی و ڕەخنەسازییان پێکهێناوە، بەڵکو هەوڵی ئەوە بدات کە چمکی نوێی و زاراوەی نوی پێشکەشی خوینەران و لێکۆڵەرەوان بکات. لە لاپەڕەکانی پێشوو، پرسیارێکمان سەبارەت بەزاراوەی «خەیاڵ» بەرز کردەوە و دەشکرێ لەمەڕ زاراوەی شیعرییەتیشەوە (la poétique) چەند دێرێک تۆمار کەین. زانستی زاراوەی عەرەبی، ئەم ئاداتە لە بەلاغەت و ئەدەبیاتی ڕەخنەی فەرەنسییەوە دەقۆزێتەوە و درەنگتریش دەبێتە زاراوەیەکی کوردی؛ خێرا لە زیهنی خوێنەر دەلالەتێک دروست دەکات کە پەیوەندی بەشیعرەوە هەبێت کە لە هەقیقەتدا، کێشەی شیعرییەت گەلێ فراوانترە. بۆ یەکەم جار لە کۆلێژ دو فرانس، ڤالێری ئەم وشەیە لە واتایەکی نوێدا بەکاردەهێنێ و دەبێتە بناغەیەکیش بۆ تیۆری ئەدەب. شیعرییەت خۆی بەئافراندنەوە خەریک دەکات کە لە هەمان کاتدا جەوهەر و وەسیلەشە، نەک بەمانا



تەسکەکەی کە دەستوور و یاسا دەرەکییەکانی شیعر بگرێتەوە، بەڵکو بوارێکی فراوانە و جوگرافیای دەقی شیعریش تەی دەکات، بۆیە شیعرییەتی ڕۆمان و شیعرییەتی مۆسیقا و شیعرییەتی مۆسیقا و شیعرییەتی سینەما دەکرێ بئاخنرێنە نێو ئەم چمکەوە. ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوە مەبەستمانە شیعرییەتی دەقی شیعرییە. بە کورتی شیعرییەت لە بارەی تیۆرییە ناوەکی و ناخۆییەکان دەکۆڵێتەوە. لەم ڕووەوە ڕەخنە گرینگی بەبنەما موجەڕەدەکان و یاسا گشتییەکان نادات، بەڵکو گرینگی بەدەقێکی کۆنکرێت و دەگمەن دەدات. نەک تەماشای ئەدەب لە بۆچوونێکی نۆرماتیڤ (واتە گشت ئەو یاسا و دەستوورە باوەکان)، بەڵکو لە دەلالاتە شاراوەکان و چەشە و لەززەتی دەقی ئەدەبییەوە دەدوێ. ئەگەر بێت و بۆ یەکێکی وەکو ڤالێری چمکی شیعرییەت لە دەوری بزووتنەوەکانی داهێنانی ئەدەبی بگیرسێتەوە، تەماشای بنەمایەکی موجەڕەدا نەکات، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە نەتوانرێت لەم دیدە نیگایەوە تەماشای دەقی شیعری نەکرێت و وەکو کێشەیەکی بابەتیش لەمەڕ بنەماکەیەوە هەڵوێستە نەکرێت. بەڵام لێرە دەبێ جەخت لەسەر ئەوەش بکەین کە بنەمایەکی موجەڕەد بەتەنها بەس نییە بۆ ئەوەی ببێتە جەوهەری دەقی شیعریی، بەو مەبەستەی کە پێناسەکردن و تێگەیشتن و سەرەنجدانی بنەمایەکی موجەڕەد بەهیچ جۆرێک دەق وەکو بزووتنەوەیەکی دینامیک ناخولقێنێ، بەڵام بەپێچەوانەوە، بەبێ بنەمایەکی بازنەیی مومکین نییە دەقێکی شیعریی خاوەن کۆ- خوێندنەوەش وجوودی هەبێت. ئەمە مانای ئەوە نییە دووری شیعرییەت لە دەقێکی ڕۆمان نەبێت! لە دیدەنیگای ئێمەوە مومکین نییە دەقێکی دینامیک و بەپێز و پڕ لە وزەی شاراوە بێت و خاوەن کۆ - خوێندنەوە و کۆ - دەلالات بێت، لە هەمان کاتیش لەنێو بنەمایەکی شاقووڵی چەقی بەستبێت، یا بنەما ناوەکییەکەی شاقووڵی بێت. بەڵام، کاتێکیش ئێمە باس لەو دوو جۆرە بنەمایە دەکەین، نابێت توخمە سەرەکییەکانی دیکە فەرامۆش بکەین، ئەمە لەلایەک، لە

لایەکی دیش، مەبەستمان لە شیکلە جێگیرەکان نییە، چونکە یەکێکی وەکو بۆدلێر زۆربەی شیعرەکانی بەکێشی ئەسکەندەری و هەشتبڕگەیی و سۆنێ[١٦] و هتد دارشتووە، یەکێکی وەکو گۆران سەرەتا عەرووزی عارەبی بەکار دەهێنێ و پاشانیش دەگەرێتەوە بۆ کێشە سادە و خۆماڵییەکان، بۆ نموونە حەوت برگەیی و بەسەراوی (AA; BB; CC)، یا یازدە برگەیی و بەسەروای (AA; BB; CC) یا تەنویع لە چوار برگەیی و بەسەروای (AB;AB. AAAA;BB[١٧])، یا چوار چوارینەی پێنج برگەیی و بەسەراوش (AABA) یەکێکی وەکو شێرکۆ بێکەس کە بەردەوامییەکە بۆ شیکلەکانی گۆران، رەنگە تەنویعاتی شێرکۆ بێکەس لەمەڕ کێشەوە لەوەی گۆران هەژارتر بێت! پاشان چەند بەڵگەیەک دەهێنینەوە.

لەمەڕ ئەم شیکلە دەرەکییانەوە، لە هەندێ شوێن هەڵوێستەیەک دەکەین، نەک لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوە لەو ڕووەوە چێ بکەین، چونکە بەنیسبەت ئێمە شیکلی شیعر تەجاوزی ئەم شیکلە دەرەکییانە دەکات، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین لە پاڵ دەسنیشانکردنی بنەمای شاقوولی و بنەمای بازنەیی، لە توخمەکانی دیکەش ورد بینەوە و سەرنجی جیهانی شیعرەکە وەکو تێکڕاییەک بدەین و لە گشت ئەو هۆکارانە بکۆڵینەوە کە وا دەکات دەقێک سەر بەم بنەمایە بێت یا سەر بەو بنەمایە.

بۆ ئەوەی وردتر و تەتبیقی تر لەمەڕ ئەم کێشەیە بگیرسێینەوە، ئەوە لە بەشە تەتبیقییەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دێینەوە سەری.

یەکێ لەو هۆکارانەی کە بەشداریی کردووە کە شیعر خاوەن سیما و خەسلەتێکی دیاریکراو بێت، هەڵبەتە یەکەم:

(١٦) سۆنێ لە چواردە دێرە شیعر پێک دێت: دوو چوارینە و دوو سێینە. سەرواکانیش بەم جۆرە ڕیز دەکرێن: (ABBA;ABBA;BAA;BAB).

(١٧) شیعری پایز! لا ١٦٣.



### أ- فاکتەری کولتووری و مێژوویی

کەلەپووری شیعریی کوردی، واتە عەقلییەتی ئێمە لەمەڕ شیعرەوە، هەمیشە لە دەور بابەت خۆی بینیوەتەوە، تاکو گۆران خۆشی، شیعرەکانی بەپێی بابەت خشتەڕێژ کراون: شیعر بۆ مناڵان، شیعری خۆشەویستی، شیعری سیاسی... هتد ئەم چمکە تەنها ئەدەبی کوردیش ناگرێتەوە، لە ئەدەبی عارەبی و ئەدەبی ئەورووپیش، لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی ئەدەبدا بەرچاو دەکەوێت. هۆی لەبەر چاوی ئەم چمکەش دەگەرێتەوە بۆ تێگەیشتنمان لە ئەدەب و شیعریش بەشێوەیەکی تایبەتی. چونکە بێش ئەوەی شیعر زمان بێت بابەت بووە، پێش ئەوە وجوودێکی ئیستاتیکی هەبێت، لە لایەنگیر گەراوە. شیعر لە کۆتاییدا وەکو گوتار مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەو مەبەستەی ئایا دەبێ ئەم گوتارە ئەدەبییە چمان پێ بڵێ! ئەم ئاراستەیەش نەک تەنها هەر ئەدیب و شاعیران بەرپرسن بەرامبەری بەڵکو خوێنەرێکی زۆر و زەبەن و بەپلەی یەکەمیش دەزگا سیاسی و پڕوپاگەندەییەکان، ئەوانیش بەرپرسیارن و دەکرێ وەکو هۆکار بخوێندرێنەوە. بۆ ئەوەی شیعریش وەکو هەر ژەنرێکی دیکەی ئەدەبی بێتە گۆڕەپانی جەنگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و بگرە ئایدیۆلۆژییەوە؛ بەڵکو گەیشتیشە ئەو ئاستەی کە ڕێباز و قووتابخانەیەکی تەواو کە لەژێر واقیعییەتی سۆسیالیستی دەناسرێتەوە خشتەڕێژ کرێت و چوارچێوەی بۆ تەرتیب بکرێت و جیهانبینییەکی کۆمپلێتیشی بەخۆیەوە گرت - گولدمان، لوکاش -. کەواتە شیعر دەبێ تەماشای واقیع بکات، دەبێ لە واقیعی کۆمەڵایەتی بکۆڵێتەوە و دزێوی و گەندەڵیی ئەو واقیعە بخاتە ڕوو، دیاردە کۆمەڵایەتییە زەقەکان بخاتە ژێر تیشکەوە و لەمەڕ گشت ئەو دژایەتی و دژوارانە بدوێ کە ئایدیۆلۆژیایەک خۆی پێوە خەریک دەکات، بێگومان بە زمان و کەرەسە ئێستێتیکی جیاواز، لە ڕێگای شێواز و ستیلی تایبەتەوە، لە ڕێگای زمانی میتافۆر و خوازەکاندا، بەڵام لە ناواخندا، لە دوا تەقەلادا، دەبێ خۆی بە کێشە تایبەتییەکانەوە خەریک

بکات و بابەتی خۆی بخەملێنێ، ئەگینا لە «مەدینەی فازیلە» دەربەدر دەکرێ.

بێگومان ڕەنگدانەوەی ئەم ڕێباز و قۆناغانە زۆر بەکاڵو کرچی، تا نەڵێین زۆر ساویلکانە ئەدەبی کوردی قۆزتییەوە. لە کۆتاییدا، بە کۆمەڵێ، یا بەتەونێ ڕەمزی جێگیر ئاماژە بۆ گشت ئەو بوحران و قەیرانانە دەکات کە خۆی تیا بینیەوە. هەرچەندە ئاماژە بۆ شۆڕش و بەرگریی کردن دەکات، بەڵام چیا دەکاتە ڕەمزە نەبزێوەکانی، لەبارەی نیشتیمانەوە دەیەوێ بدوێ، یا دەدوێ و دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئارکێتیپە هەرە کۆنەکان، ئەویش دایکە و لەودا هەموو کێشەکان بەرجەستە دەبێ! ئەگەر شەوەزەنگ و شەوی ئەنگوستەچاو ببێتە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی زیندان و دەردەسەری و زوڵم و زۆرداری، ئەوە لە پزیسکی هەتاو و کازێوەدا ڕووەکەی دی ئەو واقیعە خۆی بەیان دەکات. واتە لە دوا خوێندنەوەدا، شیعر ئەوەندەی خەونی بە ئازادییەوە بینیوە، هەندە نەیویستووە خۆی لە گشت تەگەرە و کۆسپە هەمەچەشنەکان ڕزگار بکات، چ کۆسپ و تەگەرەی زمانەوانی بێت، چ پەیوەندیی بەجیهانبینی شاعیرەوە هەبێت، چ پەیوەندی بە کلێشەی حازربەدەست و ڕەمزی سواوەوە هەبێت.

ئەگەر ئەرکی زمانەوانیی شاعیر ئەوە بێت کە لە وشەی پەتی بگەڕێت و فەرهەنگی تایبەتی خۆی دروست کات، بەڵام وەکو ئەرکێکی نەتەوایەتی تەماشای کراوە، نەک ئەرکێکی شیعرایەتی، ئەوە بێگومان لە ڕووی جیهانبینیشەوە خۆی بە کێشە زەقەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە گرێ داوە و لە لایەنگیر و جەماوەرێکی فراوانیش گەڕاوە بۆ ئەوەی قبووڵ بکرێت و تەبەنی بکرێت. ئەگەر لە یەکێ لە سیماکانی ئەم جۆرە ئەدەبە جیهانی بوو، ئەوە هەڵبەتە ئەم ڕێبازە، لە شیکلی جیاوازدا لە نێو ئەدەبی کوردیش دەرکەوت و لە شێوەی جیاواز خۆی دەردەخست. ئەوەتا دەبینین، لای ڕوانگەیەکانیش، کە مەبەستیان بوو ئەدەب و شیعر چوارچێوە ڕێژکەن، ئەوانیش نەک تەنها گەلێ ئیشکالاتی فیکری و ئێستێتیکی و



بەڵکو ئایدیۆلۆژیشیان هێنایە ئاراوە کە دەکرێ ئەو خاڵانەی کە ڕوانگەییەکان لەسەر کاریان دەکرد لەم چەند خاڵەدا بەندرێژ بکرێن:

١- «نووسینمان قاڵ بووی ئازارە... بۆیە دژی ئازار ئەجەنگین؛

٢- جوانی پەرستە... بۆیە ناشرینی ناگرێتە خۆی؛

٣- نوێ خوازە... بۆیە لە کۆن یاخی ئەبێت؛

٤- سەربەست و ئازادە... بۆیە گشت کۆت و زەنجیرێک ئەپچڕێنێت؛

٥- شۆڕشگێرە... بۆیە لە ئاستی هیچ کۆسپ و مەترسییەکاندا سڵ ناکاتەوە؛

٦- مرۆڤی کورد ئەینووسێت... بۆیە بۆ نەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ[18].

چاوخشانێک بەسەر ئەم ئامانجانە، یەکسەر لە تێگەیشتنێکی چەواشە لەمەڕ شیعرەوە دەگەین، یەکێ لە چمکە گرینگەکانی شیعر ئێستێتیکایە. جوانیش وەکو لە بەندی دووەم ئاماژەی بۆ کراوە، تەنها بە بەشێک لەو ئێستاتیکا دەژمێرێت.ئەگەر بەمێژووی ئەم زاراوەیەشدا هەڵزنێن، ئەوە بۆ یەکەم جار بۆ مگارتێن ئەم زاراوەیە بەکار دەهێنێ و مەبەستیشی ئەوەیە کە دەستنیشانی دیسیپلینێکی نوێ بکات کە خۆی بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و زانستیی هونەر و جوانییەوە خەریک بکات و لەم خاڵانەدا کۆی دەکاتەوە:

١- ئێستێتیکای هونەری ڕووت، لەبەرئەوەی هونەر جۆرە مومارەسەیەکە و ئێستاتیکاش ڕامانێکە لەو مومارەسەیە و لە بەرهەمێکی دیاریکراو.

٢- دیداکتیکی (تەعلیمی) هونەر وئەدەب.

٣- ڕەخنە کە بەهەڵسەنگاندنێکی بەهاکان دەدرێتە قەڵەم.

٤- ئێستێتیکای سایکلۆژی.

٥- ئێستێتیکای ئەخلاق.

(١٨) شادمان قادر حەسەن، بزووتنەوەی ڕوانگە و شیعری نوێی کوردی، دەزگای سەردەم، ٢٠٠١، سلێمانی، لا ٣٨.

بەڵام ئێمڕۆ، ئێستێتیکا دوو مەفهووم دەگرێتەوە: یەکەمیان، کە بە«جوان» ناوی دەبەین، جۆرە ئیدیالێکە کە لە تەسامی و لە «جوانکیلە» جودا دەکرێتەوە، بەم پێیە لێکۆڵینەوە لەمەڕ جوانییەوە بەبەشێک لە لێکۆڵینەوەیەکی فراوانتر دەژمێرێت، وەکو دیراسەتی جەوهەر، جوانیی و تەسامی و جوانکیلەیی و ناسکیی، شیعرییەت و تراژیدیا و کۆمیک و دراماتیکی کاری هونەری، دووەمیشیان کارەکتەر و خەسڵەتی بەهای ئێستاتیکی بەگشتی دەدرێتە پاڵ «جوانی».کاتێک لە بەندی دووەمدا، کە دەڵێین «جوانی پەرستە... بۆیە ناشرینی... هتد» یەکسەر مەفهوومی ئێستاتیکای کۆن خۆی یەکئالاّ دەکاتەوە کە لەسەر بنەماکانی فەلسەفەی ئەفلاتوون سەقامگیر ببوو، ڕوون دەبێتەوە؛ ئەویش هاوشانی جوان و باشەیە، یا ئەوەتا تەجلاکردنی جوانیی لە چمکی باشەوە سەرهەڵدەدا و سێکوچکە کلاسیکییەکە قووت دەبێتەوە: ڕاست و جوان و باش. یا وەک تێگەیشتنی هیگل بۆ چمکی ئێستاتیکا، بەنیسبەت ئەویشەوە جوانی وەک ڕوویەکی هەقیقەت خۆی ئاشکرا دەکات. لەم بەندی دووەمدا باسی ئەوە ناکات کە هەموومی ڕوانگەییەکان خۆ خەریک کردنە بەجوانییەوە، بەڵکو پەرستنی جوانییە. لێرە نەک تەنها هەموو بەهاکانی ئیدیالییەت ڕوون دەبێتەوە، واش دەکات کە بەندی یەکەمیش بەتاڵ کاتەوە کە داوا دەکات ئەدەبەکەیان دژ بە ئازار بجەنگێ، ئەمە لە کاتێکدا خۆشی بۆ پەرستنی جوانی ئامادە کردووە!

ئەگەر بێت چمکی مۆدرنیتا بدرێتە پاڵ بودلێر، لە تەک گشت ئەو چمکانەی کە شاعیر دەیهێنێتە نێو ئەدەبەوە، شیعریش بەتایبەتی، یەکێک لەو توخمانەش ئەوە بوو سەر لە نوێ ئەم هاوکێشەیە سەروبن دەکات و بۆدلێر لەجیاتی ئەوەی لە جوانی بگەڕێت لە ناشرینیی دەگەڕا، لە جیاتی ئەوەی لە باشە بگەڕێت لە خراپە و «فەساد» دەگەڕا. پێویستیشە بەشێوەیەکی فەلسەفی لە بۆچوونەکانی بۆدلێر لەمەڕ شیعرەوە تێبگەین. ئەو، مەبەست لە بۆدلێرە خۆی بە ئێستاتیکای ناشرینەوە خەریک دەکرد، ئەمەش دیسانەوە خاوەن ئێستاتیکای خۆی بوو. لە دوا پێناسەدا دەکرێ



بڵێین ناشرینیش خاوەن ئێستاتیکای خۆیەتی. ئەنجامیش، جوانترین و دەگمەنترین شیعری بەزمانی فەرەنسی بۆ جێهێشتووین. ئایا ئەدەبێک تەنها خۆی بەجوانییەوە خەریک بکات، لە کۆتاییدا ساویلکە نایەتە پێش چاو؟ هەر هەمان کێشە لەلایەن ڕامبۆوە بۆ یەکجارەکی ئەم گرفتە کۆتایی پێ دەهێنێت و دەڵێت: «جوانیم لەسەر ئەژنۆم دانا، بینیم تاڵە، دژوێنم پێی دا».

ئەگەر بەکارهێنانی جوانییان لەجیاتی ئێستاتیکا بەکارهێنابێ، ئەوە کەوتوونەتە هەڵەیەکی گەورەی فەلسەفییەوە، ئەگەریش نا، ئەوە جوانی پەرستن، هیچ شتێکی ئەوتۆ ناگەیەنێ، جگە لە مانا تەسکەیەکەی نەبێت کە ئەویش ئیدالیزەکردنی جوانییە کە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردییەوە دەگاتە ئەوان و لە کەلەپووری ئەوروپیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕاپەڕین، واتە سەدەی پازدە و شازدە و لەلای کۆمەڵەی «پلێیاد» کە دەکرێ بە «چلچرا» تەرجەمە بکرێت، دەگاتە ئەوپەڕی تەکامول و پێگەیشتن، شاعیرانی وەکو ڕۆنسار و دو بێلای و ژنە شاعیری وەکو بێرنێت دوگییێ بوون، هەڵبەتە ئەوانیش کاریگەری شاعیرانی ئیتالیایان لەسەر بووە، ئەم جۆرە شیعرە دەگەیەننە ترۆپکی تەواوی خۆی.

هەروەها لەگەڵ بەندی سێیەمیش دەکەونە دژوارییەکی گەورەوە، چونکە لە بەندی سێیەمیشدا بانگاشەی ئەوە دەکەن کە نوێخوازن و لە کۆن یاخی دەبن. ئایا کۆن و نوێ بەچ پێوەرێک تەماشا کراوە، ئایا مەبەست لە چمکی زەمەنییە یا پێوەری دیکە هەن بۆ ئەوەی کۆن و نوێی پێ هەڵبسەنگێنن؟ ئایا ئەو بەرهەمانەی کە ئەوکات نووسران، ئێستا بەکۆن یا بەنوێ دەبێ بخوێندرێتەوە؟ لێرەش بەچاوێکی نیسبییەوە تەماشای کۆن و نوێ نەکراوە. نوێخوازیی لە ئەدەبدا هەمیشە هەر زەمەنی بەسەرا تێپەڕیوە، کاتێک خاوەن هەڵوێست نەبووە سەبارەت بە چمکی نوێخوازی خۆی!

چونکە چمکی نوێخوازی، پەیوەندی بەچمکی زەمەنییەوە نییە و هەروەها نوێخوازیش بەنیاز خۆی لە کۆنخوازی ڕزگار ناکات، بەڵکو

هەڵوێست و هەڵگرتنە، یا هەڵوێست وەرگرتنە لەمەڕ نوێخوازیی خۆیەوە. ئەمە بەواتای نوێخوازی لە بواری ئافراندنی هونەری و ئەدەبییەوە هەمیشە بەپرۆژەیەک دەکات کە تەواو نابێت، واتە، هەندێ هەڵوێست وەرگرتن لەمەڕ بەرهەمە کۆنەکان گرینکە، هەندەش هەمان هەڵوێست لەمەڕ ئەو بەرهەمەی کە ئێستا دەنووسرێن گرینگی هەیە؛ وەکو چۆن لە کۆندا نوێخواز هەبووە و لە ئایندەشدا کۆنپەرست هەر دەبێ. نوێخوازی ئازایەتی نییە، بەڵکو جیهانبینییە!

ئێمە دەبێ لە میکانیسمی ناوەکی بەرهەمی ئەدەبی بکۆڵینەوە. بزانین تا چ ڕادەیەک پێی ناوەتە تخووبە نادیارەکانەوە و تا چ ڕادەیەکیش وەسیلە و ئامانجی پێکەوە گرێ داوە. هەموو مەنیفێستی ئێشکالییەتی خۆی دەهێنێتە کایەوە، وەکو ئەوەی قالب بۆ خۆی دروست بکات، با لە جەوهەردا قالبێکی بزێویش بێت. جا با ئەم مەنیفێستە هی یسوریالییەکان بووبێت یا هی دادابییەکان، یا هی ڕوانگەییەکان هتد بووبێت.

نامانەوێ زیاتر لەسەر بەندەکان بگیرسێینەوە. بەبەندی شەشەم کۆتایی پێ دەهێنین. ئەویش: «مرۆڤی کورد ئەینووسێت... بۆیە بۆ نەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ». ئەم بەندە دوو خاڵمان بەلایەن کەم بۆ ڕوون دەکاتەوە، یەکەمیان، ئەم ئەدەبە بۆ نەوە دەنووسرێت، واتە بۆ زەمەنێکی دیاریکراو، هەروەک دەزانین نەوەیەک لە ٣٠-٣٥ساڵ پێک دێت. ئەی نەوەکانی پاش وی؟ دووەمیان، ئەم ئەدەبە ڕێگا پێشاندەرە، واتە دەیەوێ ڕێگا بەخوێنەران پێشان بدات و لە تاریکیی ڕزگاریان بکات. ئەدەب - ئاوێنە، ئەدەب - مەشخەڵ، دەبێتە ئامانج و ڕۆڵی ڕێ پێشاندەر و ڕەهبەر دەبینێ. وا ٣٠ ساڵ بەسەر ئەم بزووتنەوەیە تێپەڕی. دەتوانین بڵێین، ئەمە تەنها ئامانجی ڕوانگەییەکان نەبوو، بەڵکو پاشان دەبێتە بەیداغێکی گشتی و ئەدەب لەژێر ئەم هێڵە گشتییانە دەنووسرانەوە و دەخوێندرانەوە. ئەم چوارچێوەیە بەشێک لە چێژی خوێنەرانی خەملاند و تاکو ئێستاش



بەیداغی شەکاوەی ئەدەبی کوردییە. ڕەنگدانەوە واقیعی سوسیالیستی بەئاشکرا خۆی تیا دەدۆزرێتەوە، با ئامانجە دەرەکییەکانیش شتی تر بووبێتن!

### ب - زمان و ئیشکردن لەناو زمان

مادەی ڕووتی شیعر زمانە. لە دەرەوەی ئەم دیاردە ئینسانییە ئاڵۆزە شیعر وجوودی نییە. بەڵکو بەشێوەیەکی گشتیش کاتێ لە بارەی ئەدەبەوە قسان بکەین، دەکرێ لەگەڵ بارت ئەمە دووبارە بکەینەوە بڵێین: «ئەدەب لە زمان پێک دێت، لەو کاتەی کە ئەدەب ئەو مادەیە بەکار دەهێنێ، واتە پێش بەکارهێنانی ئەم مادەیە، زمانەکە خۆی واتادارە: کەواتە دەبێ ئەدەب خۆی بخزێنێتە نێو سیستەمێکەوە کە هی خۆی نییە بەڵام سەرەڕای هەموو شتێکیش بۆ هەمان ئامانج تەقەلا دەدات: ئەویش کۆمۆنیکاسیۆنە، واتە ئاڵوگۆڕ[١٩]».

بەڵام لە دەرەوەی زمانیش، ڕەنگبێ لەرانەوەی گەڵا دارێک شیعریی بێت، ڕەنگبێ ئاوابوونی خۆر، زاکیرە هەرە سەرەتاییەکانمان تیا ببوژێنێتەوە و جۆرە ئیحساسێکی شیعریی داگیرمان کات، دەتوانین هەروەکو هۆلدرلین دەیوت: «شاعیرانە لە جیهاندا بژین». دەکرێ باسی گەلێ هەست و نەستی قووڵیش لەم ژیانە بکەین کە تەزوویەکی شاعیرانە بەنێو قەبرغەی دا تێپەڕێ، هەندێ جار بەبێ تەبریر و زۆرجاریش تەبریری خۆی هەیە، بەڵام

(١٩) ڕۆلان بارت، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، سۆی، پاریس، ١٩٦٤، لا ٢٧٢.
هەروەها دەبێ لێرە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە ئێمە زمانمان لە بری (langage) دانا. لە زمانی کوردی زمان لە هەمان کاتدا: (langue - لغە)، و (langage)ە. چونکە لە زانستە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، واتە لە سوسور بەدواوە، ئەم زاراوانە، بەئاشکرا ئاماژە بۆ سێ شتی زۆر جیاواز دەکەن. (langue) زمان لە شێوە موجەڕەدەکەی، وەکو دەڵێن زمانی کوردی؛ (Parole) بەکارهێنانی تاکەکەسی زمانێکی دیاریکراوە دەرێ «ئاخاوتن»ی لە جیاتی دابنێین و (langage) ئەو توانا ئینسانییە کە بەکارهێنانی زمان شک دەبات بۆ ئەوەی لەگەڵ هیتران بچێتە دیالۆگ و ئاڵوگۆڕەوە.

ئێمە لێرە مەبەستمان لە دەقێکی بابەتییە، مەبەستمان لە دەقێکی مێژوویی کۆنکرێتە.

هەروەکو لە شوێنی دیکەش باسمان کرد، لە نێوان پەخشانی رووت و شیعری رووت، ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە کە زمان چالاکییە هەمەچەشنەکانی تیا دەنوێنێ. ئەگەر هەمان پێوەرەکەی ژان کۆهن بەکار بهێنین لەمەڕ هەڵسەنگاندنی زمانی شیعریی و زمانی پەخشان، دەبێ پێوەری «لادان» بەکار بهێنین. کۆهن تمووحی ئەوەی هەبوو کە زانستێک بهێنێتە کایەوە کە بەزانستی شیعریی ناوزەد بکرێت. بەشێوەیەکی ئامارەیی سێ قۆناغ وەردەگرێت و میتۆدەکەی خۆی تەتبیق دەکات. ئەو سێ قۆناغەش: کلاسیکی و رۆمانسی و رەمزییەتە. میتۆدی لادانیش بەکورتی دەکرێ ئەم چەند رستەیەی لەبارەوە بڵێین. کۆهن بەشێوەیەکی ئامارەیی واتە ئیحسائی لە ئاستی شیعری و لە ئاستی دەنگ و لە ئاستی دەلالەت: پاڵپشت = ئیسناد و لە ئاستی دەلالەت: دیاریکردن = تەحدید[٢٠] و لە ئاستی دەلالەت: پەیوەست، لە ئاستی تەرتیبی وشە[٢١] و لە ئاستی وەزیفەی شیعرییەتەوە لێکۆڵینەوەکەی ئەنجام دەدات. هەڵبەتە ئەم زاراوانە تایبەتن بەبەلاغە و رێزمانی فەرەنسی، چونکە زاراوەی تەحدید ئەو گرینگییەی یا ئەو تایبەتییەی کە لە زمانی فەرەنسی هەیەتی، هەمان گرینگی و تایبەتی لە زمانی کوردی نییە، بۆیە کاتێک میتۆدەکەی ئەو لەبارەی شیعری کوردی، یا هەر شیعرێکی دیکەوە تەتبیق بکرێت، دەبێ ئاگاداری ئەم لایەنانە بین.

لەم رووەوە بۆ قۆناغی کلاسیکی کۆرنی و راسین و مۆلیەر وەردەگرێت و بۆ قۆناغی رۆمانسیش لامارتین و هیگۆ و ڤینیی وەردەگرێت و بۆ دوا قۆناغیش رامبۆ فێرلین و مالارمێ. بۆ نموونە کاتێ دێتە سەر ئەو ئاوەڵناوانەی کە وەزیفەی نرخاندنیان نییە و کەوتوونەتە پێش ناوەوە، ئەوە

(٢٠) مەبەست لە ئاداتی نەکیرە و مەعریفەیە.

(٢١) مەبەست لە رستەسازییە: زانستی لێکسیکۆلۆژی.



لای کۆرنێ ٦ و لای راسین ٨ و لای مۆلیەریش ٥ن، بەڵام لای لامارتین ١٩ و لای هیگۆ ١٨ و لای ڤینیی ١٦ن، هەروەها لای رامبۆ ١٧ و لای ڤێرلین ١٥ و لای مالارمێ ١٩ جار دووبارە بوونەتەوە[٢٢].

ئێمەش لەگەڵی رێک دەکەوین: بەگوێرەی ئەو زمانی پەخشان زمانی مەنتیق و لێکدانەوە عەقڵیی و هاوکێشە زانستیی و ماتماتیکییەکانە کە وێنەی و مێتافۆر بەدەگمەن تیایا دەردەکەون. (تەنها هەندێ چەمکی ماتماتیکی لێوە دەرچێ کە هەندێ جار سەمبولەکانی وزەیەکی شاعیرانە دەبەخشنە خوێنەر، بۆ نموونە سەمبۆلی «هەتاهەتایی»). ئەگینا، تا لە زمانی پەخشان نزیک بینەوە، هەندە هێزی خۆی ل دەست دەدات و هەندە ئاراستەکەی خۆی روون دەکاتەوە، دنیای تەفسیر و لێکدانەوەکانیش تەسک دەکاتەوە. بەکورتی هەر دالێک ئاماژە بۆ مەدلولێک دەکات.

زمانی شیعر هەر وەکو ئەو «قوڕە سوورە وایە کە پێویستی بە پێوەرێکی تەواوی خۆڵ و ئاوە[٢٣]». ئەگینا نابێتە ئەو قوڕە سوورەیەی کە گۆزەی پێ دروست دەکرێت. ئەم کردەیەش نەک تەنها پێویستی بە سەنعەت هەیە. بەڵکو پێویستە لە ئارەزووە هەرە قووڵەکانی شاعیرەوە لەدایک بێت. چونکە ئینسان کائینێکە ارەزوو دروستی کردووە، نەک پێداویستی. هەر ئەم هێزەی ئیرۆسە کە سەروەری کردەی خەلقی شیعریی دەکات.

ئەو زمانەی کە وێنەی شیعریی دروست دەکات، دەبێ رەگەکانی لە قووڵاییەکانی ئینسان دابێت و توانستی خەیاڵکردن و خەوبینینی تیابێت و بتوانێ دنیای هەست تێپەڕێنێ و لە دەروازەکانی دنیای نەست بدات، بۆ ئەوەی بەرجەستە تێپەڕێنێ و خەونەکانی مادەمان بۆ بنووسێتەوە. بەڵام هەستەکان دەبێ ئامادە بن، گەشە پێدراوبن و پەروەردە کراوبن، ئەمەش

(٢٢) لە زمانی فەرەنسی بەشێوەیەکی ئاسایی ئاوەڵناو دوای ناو دەکەوێت، ئەوان دەیخەنە پێش ناوەوە، بۆ نموونە ئاوەڵناوی نرخاندن: پیاوێکی مەزن، ئاوەڵناوی نەنرخاندن: پیاوێکی گەنمڕەنگ.

(٢٣) باشلار، ئاو و خەونبینین، ژۆزێ کۆرتی، ١٩٤٢، پاریس، لا ٩٤.

تەنها بەئەزموونی جۆراوجۆر دەخەملێنرێت. بۆ ئەوەی واقیعی هەست پێکراو تەی بکرێت و نەستەکان بکەونە شنەشن، دەبێ وشە نەفەسێکی تری تیا بئاخنرێ.

ئەو نەفەسە ڕەنگبێ لە ناخی شاعیرەوە بکەوێتە جۆش. ناخی شاعیریش، شوێنێکی تەڕ و شێدار و غەیبئامێزە، هەروەکو دەبینین کاتێ باشلار باس لە جوانیی دەکات، سەرچاوەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ خەون و خەونبینین و دەڵێ حەوا لە خەونەوە لەدایک بوو هەر بۆیە ژنان کائینی جوانن. ئا لێرە جوانیی و خەون ئاوێزانی یەکتر دەبن، جوانییەک لە پاشۆڵی خەونەوە شۆڕ بووبێتەوە، خەونێک لە دامێنی جوانییەوە لەدایک بێت. ئەم دوو جەمسەرە تێکئالاوەش لە ناخە قووڵەکانی ئینسانن.

بەڵام بۆ لێکۆڵینەوەیەکی شێلگیرانە، دەبێ جەخت لەسەر توخمەکان بکەن، دەبێ لە دەور پێکهاتەکان بگیرسێینەوە، چونکە ئیشکالییەتەکانی زمانی شیعریی لە زۆر شوێن تەجەلا دەکەن. هەر وەکو دەزانین زمان لە سیستەم پێکهاتووە و ئەم سیستەمەش لە موفرەدە، موفرەدەش لە دەنگ و هەر موفرەدەیەکیش واتایەک یا چەند واتایەکی هەیە کە دەچێتە سیستەمێکەوە و هەر زمانێکیش خەسڵەتی فۆنەتیک و گرامەر و سانتاکس هتد خۆی هەیە. لە کۆتاییدا هەر زمانەی پەنجەرەیەکە دەڕوانێتە جیهان و مێژوویەکی دیاریکراویش بەشدار بووە لە خەملاندنی کاتێک لە زمانی کوردییەوە سەیری جیهان دەکەین هەمان شت نابینین وەکو ئەوەی کە لە پەنجەرەی زمانی فەرەنسییەوە یا لە زمانی عەرەبییەوە بڕوانینە جیهان، چونکە هەموو واقیعێک زمانی خۆی فەرز دەکات. زمان تەنها ئاخاوتنیش نییە، بەڵکو ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بوونە لە جیهان. لێرە تایبەتمەندییەکانی شاعیر تەنها ئەوە نییە کە شارەزایی لەو زمانە بێت کە شیعری پێ دەنووسێ. واتە مەبەست ئەوە نییە زمانی شیعریی بەرەو پەتییەت بەرێت، کە هەندێ جار زمانی کوردی هەندە پەتاندراوە، هیچ ڕۆحێکی تێدا نەماوە. یا شاعیر وشەی جوانی ڕەسەنی کوردی کۆ بکاتەوە



و بیترنجێنێتە دەقەکەیەوە، چونکە لە بینینی شاعیرانەی تەندروستەوە، وشە بەهایەکی دەرەکی نییە، تەنها هەر لەو سیاقە شیعرییەی کە پێی دروست دەبێت، دەبێتە هەڵگری واتا و دەلالاتەکانی خۆی.

کاتێ دەوترێت فلانە شاعیر زمانەکەی ڕەوانە، لە بۆچوونێکی زۆر تەسکەوە تەماشای شیعر کراوە، واتە فلانە شاعیر دەیان ناوی گوڵ و گوڵزار و دنیای لادێ و کشتوکاڵسازی و چەندین ئاوەڵناوەش دەلکێنێتە قەد یەکتری، بەڵام ئەم کردەیە، ئەگەر لە زمانی کوردی کەمێ ئاسان نەبێت، بەڵام لە زمانانی دیکە، هەندە بەسە فەرهەنگی ڕووەک و زیندەورانی دەریا و دەشت و دەر وەرگرێت، بۆ ئەوەی سەدان ناوی غەریب و نەبیستراو کۆ بکرێتەوە. ئایا کۆکردنەوەیان مانای لە دایکبوونی شیعر دەگەیەنێت! کەواتە دەبینین کێشەی شیعر موفرەدەی ڕووت نییە، چونکە موفرەدە کائینێکی بێ گیان و بێ ڕۆحە، لە دەقدا لەدایک دەبێتەوە. چونکە موفرەدە لە حزووری دەقێکی شیعرییدا دەچێتە پرۆسەیەکی تایبەتەوە، پرۆسەی دەنگ و ڕیتم و کێش و تێکچڕژانە نێو یەکترییەوە. دەبێ ئەوەش بزانین کە نەک تەنها هەر موفرەدە موڵکی گشتییە، بەڵکو زمانیش، موڵکی کەسێک و نەوەیەک نییە، بەڵکو لەگەڵ مێژوویی گرووپێکی دیاریکراودا گەشە دەکات و لەناو دەچێ و وشەی لێ دەقرتێندرێ و وشەی بۆ زیاد دەکرێ و موڵکی میللەتێکە. ئەگەر بێت و هەموو هەوڵێکی زمانەوانی لە دیدەی ئەوەوە لەدایک بێت کە بیەوێ وشە بێگانەکان ڕاو بکات، ئەوە ئەو وشەگەلە بەمردوویی لەدایک دەبن، ئەگەر بێت و عەفەویی و سروشتیانە پەیا نەبن. ئەم دیاردەیەش نەک تەنها هەر زمانی کوردی دەگرێتەوە، بەڵکو هەموو زمانە زیندووەکانی دنیا دەگرێتەوە[٩]. کرۆک بووی زمانێک ئەنجامی پرۆسەیەکی دوورودرێژ و

---

(٩) توبۆ، سەر بە کوتلەی ڕاستڕەو بوو؛ سەردەمێک وەزیری کولتووری فەرەنسی بوو، بڕیارێکی دەرکرد هەر کێیەک لە بواری هونەر و ڕۆژنامەگەریی و هتد وشەی ئینگلیزی بەکاربهێنێ دەبێ سزا بدرێت؛ هەوڵەکەی سەری نەگرت.

نەفەس درێژە، نەک تەنها دەزگا و تاکەکانی ئەو کۆمەڵە بەشداریی تیا دەکەن، بەڵکو زیهنییەتی زمانەکە خۆشی بەشداری ئەم پرۆسەیە دەبێت. بەڵام شاعیر ئەو کائینەیە کە لە دووتوێی زمانەکەی خۆیدا زمانێکی دیکە دەهێنێتە کایەوە.

**٨- زمان لەناو زماندا**

شاعیر وریای ئەوەیە کە لەناو سیستەمی زمانێک ئیش دەکات کە ئەو دروستی نەکردووە، بەڵکو مامەڵەیەکی تایبەت و جوداوازی لەگەڵدا دەکات. دەتوانین بڵێین، شاعیر هەوڵی ئەوە دەدات، لەناو زمانی گشتی، زمانی خۆی بدۆزێتەوە و بەڵکو دژی زمانی دایکیش هەڵوێست وەرگرێت و لە زۆر باریشدا، بەرەوڕووی بێتەوە. بۆیە لەم ڕووەوە ئەگەر تەماشای شاعیر بکەین، ئەوە بەتاوانباری لە قەڵەم دەدەین. شاعیر تاوانبارە بەرامبەر بە زمانی میللی خۆی، چونکە لە کۆتاییدا شتێکمان پێ ناڵێ هەموومان ڕێک بین لە سەری، بەڵکو لە نێو تەونی واتاکان ئاژاوە دەنێتەوە. بۆیە لە گۆشە هەرە تەسکەکەیەوە سیاسەت بەچاوێکی پڕ لە ڕاڕاییەوە سەیری دەقی شیعریی دەکات. ئەو گورزە واتایەی کە لە دەقێکەوە دەردەپەڕێ، ڕەنگبێ بەرێوەبەرانی دامودەزگا داپڵۆسەرەکان سەغڵەت دەکات، چونکە ئەوان لە واتای یەک دووری و یەک تەفسیر و ڕوون، ئەویش هەڵشاخین بێت بەدەوری بۆچوونە تاکڕەوەکان.

ئەم ڕەچەیەی کە شاعیر دەیگرێتە بەر، واتە ئەم ئیشکردنە زۆر تایبەتە لەنێو زمان، بوار دەدات کە شاعیر ستیل و شێواز و فەرهەنگی تایبەتی خۆی دروست کات و ئەمەش پەیوەندی بەتۆڕی چمکەوە هەیە. بەڵام سنووری ئەو تایبەتمەندییەتە لە کوێ دەست پێ دەکات و لە کوێش کۆتایی دێت؟ لە نێوان ڕاستەخۆیی و زمان – پەیام تا ئاڵۆزکاندنێک کە ڕۆحی چرچ و لۆچ دەبێت و دەژاکێ، مەسافەیەکی زۆر بەپیت و بەرەکەت هەیە بۆ مومارەسەکردنی شیعر. شیعریش وەکو مۆسیقایە ناتوانێ فێڵ بکات، یا ئەوەتا گوێمان قبووڵی دەکات یا ڕەتی دەکاتەوە. چ دەقێک خاوەن



هەڵگری فرە دەلالات و چ دەقێک لە یەک دووریدا خۆی دەناسێنێ و چ دەقێکیش ئاڵۆزەکاوە؟ لێرە هەڵبەتە باس لە تەم و مژ ناکەین، چونکە ئەم کێشەیە نەک تەنها زۆر ڕێژەییە، بەڵکو بەئاسانی دەکرێ گەمەی ناڕەوای پێ بکرێ.

لە نێوان سێبەری ڕووت و هەتاوی ڕووت، کەشێک هەیە کە وشە تیایا چەکەرە دەکات، دەلالەت لە دەوری خۆ کۆ دەکاتەوە و خۆی بۆ کۆ – خوێندنەوە ئامادە دەکات. موفەرەدە گرینگیی خۆی هەیە، بەڵام گرینگیی وشە لە دنیایەکی دیکەوە پەیا دەکات، نەک بەو فەرهەنگۆکەیەی کە لە کۆتایی نامیلکەیەک بەرچاومان دەکەوێت، دەبێ ئەوەش بڵێین ئەم تەقلیدە ساویلکەیە تەنها هەر لە شیعری کوردیدا بەرچاو دەکەوێت. وشە یا موفرەدە ژیانێکی تایبەتی هەیە و ئاوێزانە لەگەڵ ژیانی شاعیر، پێش ئەوەی واتایەکی بەرجەستەیی هەبێت، ڕازێکی هەیە، پێش ئەوەی هەڵگری مانایەک بێت وەکو ئەوەی فەرهەنگ پێشکەشانی دەکات، خاوەن مۆسیقایەکە. دەکرێ لەم ڕووەوە بڵێین کە واتاکان خول دەخۆن و بازنەین، هەر بۆیە ڤالێری شیعر بەسەما دەچوێنێ و پەخشانیش بە ڕۆیشتن. سەما جوولانەوەیەکە ئەندامانی لەش بۆ نا – ئامانجێکی نەجیبانە پیادە دەکات، چالاکییەکی جەستەیە بەبێ ئەوەی ئاراستەیەکی ئاسۆیی هەبێت، واتە نایەوێ لە پنتێکەوە بەرەو پنتێکی دیکە بڕوات، واتە سەمای ئاراستەی نییە، بەڵام ڕۆیشتن دەبێ ئاراستەیەکی دیاریکراوی هەبێت، دەبێ لە پنتێکەوە بگاتە پنتێکی دیکە، واتایەکی بەرجەستەی یەک بوعدی هەبێت، ئەویش زمانی پەخشانە.

سەما دەکرێ وەکو وەجد سەیر بکرێت، مەبەست لەو سۆزەیە کە لە کەشێکی تایبەتییەوە سۆفی یا هەر بوونەوەرێکی دیکە مومارەسەی کەشی ڕۆحانی بکات، دەیگاتێ. لە زمانی شیعرییدا بە گلۆسالیا دەناسرێتەوە، گلۆسالیاش دیاردەیەکی تایبەتە کە بەحاڵەتی وەجد دەکرێ ببینرێ، بەڵام جۆرە وەجد و حاڵگرتنێکە کە زمان واتا ئاساییەکانی خۆی لەدەست دەدات

و لەنێو – نا–واتادا دەمینێتەوە، ئەمەش نەک بەمەبەستی بێ مانایی و ناماقووڵی، بەڵکو زمان لەناو خۆی کار دەکات و هەندێ جار دووپات بوونەوە بڕگەیەک یا دەنگێکی دیار کراو حاڵەتی تایبەتی لای خوێنەر، تەنانەت لای شاعیر خۆشی دروست دەکات. گەڕانەوەیەکە بۆ حاڵەتە سەرەتاکان، نەک تەنها مێشک، بەڵکو سەرتاپای جەستە دەچێتە پەیوەندییەکی قووڵەوە. ئەمەش یەکێکە لە ترسناکترین گەمەی شیعریی، چونکە چۆن بتوانین نا– واتا لە ناماقووڵ جودا بکەینەوە؟

لە مێژووی شیعریش، ئەم دیاردەیە هەر وەکو ئوکتاڤیۆ پاث ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێ: «لە مێژووی شیعردا، گلۆسالیا و دیاردە هاوچەشنەکان بەشێوەیەکی نیمچە سیستەماتیک دەردەکەون[٢٤]» چ لە شیعری ئیسپانی، چ لە شیعری فەرەنسی، ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی تایبەت دووپات بووەتەوە، ئەمە و بێجگە لە ئەزموونی داداکان کە دەیانویست زمان لە بارستایی واتا سواوەکان پاک بکەنەوە. شاعیرێکی وەکو ئویدوبۆرۆ، دەیویست وردە وردە زمان بەرەو بوونی تەواو بەرێت، واتە زمان نەبێتە ئاماژە بۆ واقیعی بابەتی، بەڵکو زمانەکە خۆی توانای بوونی هەبێت. مەبەست لە بووژانەوەی هێزی کەفوکوڵ بەخشینی زمانە. ئەم کردەیە دەکرێ بەسرووشیش ناوببرێت، کە زۆرجار بە«ئیحا» دەناسرێتەوە، بەڵام شیعر تەنها مایەی ئیحا نییە، هەروەکو شیعر تەنها مایەی کارکردن و خۆمەشغوول کردنیش نییە. دەکرێ لەم ڕووەوە ئەگەر بێت و زاراوەی نوێ بەکار بهێنین، ئەوە جۆرە ئەلشیمییەکە لە نێوان هۆشیاریی و نا– هۆشیاریی، سەقامگیر دەبێ. هۆشیارییەک کەرەسەکان بەسەر دەکاتەوە، وریا و چالاکانە مومارەسەی ژیان دەکات و پەیوەندییەکی پتەویش لەگەڵ زماندا پەیا دەکات، نا–هوشیاریش، زەخمێکی خەونئامێز و پاڵەپەستۆیەک لە ناخە قووڵەکانەوە هورووژم دەهێنێ.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم زمانناسی سویسری سۆسویر، زمان لەنێو

(٢٤) ئۆکتاڤیۆ پاث، خوێندنەوە و ڕامان، دێلیرانات، پاریس، لا١٤٧.



تەونێک دەخوێنێتەوە، واتە زمان. هەروەکو لەوەوپێش لێک دەدرایەوە، لە لیستی وشە و موفرەدە پێک نەهاتووە، بەڵکو لە تەونێک کە لەنێو ئەو تەونەدا ماناکان بەها وەردەگرن. بۆ نموونە «نێر» تەنها لە پاڵ «مێ»دا واتای هەیە. ئەمە لەلایەک و لە لایەکی دیش پەیوەندی (دال و مەدلوول) دەکاتە یەکێ لەو چەقانەی کە لەسەری دەگیرسێتەوە. هێشتا بەکوردی زاراوەیەکی پڕ بەپێستمان نەدۆزیتەوە، چونکە ئەگەر بڵێین دەنگ و واتا، دەنگ تێرمێکی زۆر گشتییە و بواری زمان تەی دەکات، بەڵام لێرە دەبێ لە تێرمی «دەنگ» دەنگی پیتی زمان مەبەستمان بێت. خۆ ئەوەش دەزانین کە گرفتی پەیوەندی دەنگ و واتاش دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی ئەفلاتوون. لە کتێبە بەناوبانگەکەی «کراتیل» کە دەیوت هەموو ئەم پەیوەندییە سروشتییە. واتە پەیوەندی نێوان دەنگی وشەیەک و واتاکەی خۆرسکە. بەڵام زمانەوانی نوێ جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەم پەیوەندییە سروشتی نییە بەڵکو تەوافوقییە، واتە لە ڕێگای ڕێککەوتنێکەوە هاتۆتە دی، با ئەم ڕێککەوتنەش زمنی بێت. ئەگەر سروشتی بوایە، لە هەموو زمانەکان بە درەخت دەوترا درەخت و بە ئاسمانیش ئاسمان. کورد بە شێوەیەکی زمنی لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە بەدەرگا بڵێن دەرگا و مەبەست لەو فۆرمە لاکێشەییە کە بەشێوەیەکی باو لە تەختە یا لە مەعدەن دروست دەکرێت و بۆ چوونە ژوورە و دەرچوونی شوێنێکی داخراو بەکاردێت. هەموو وشەیەکیش ژیان و زاکیرەی خۆی هەیە کە بەئتیمۆلۆژی دەناسرێتەوە. وشە تەشریح دەکرێت و لەژێر توێژەکانیدا دەنگ و واتای دیکە خۆیان مەڵاس داوە، ئەمە ئیشی شاعیرە و ئەو دەبێ لێیان بگەڕێت، لێرە شاعیر ئەرکیۆلۆگ پێک دەگەن.

ئەگەر بەشێکی لە تایبەتمەندیی شیعر ئەوەبێت کە لە ڕێگای ئیحاوە بگەڕێتەوە نێو زمان، خۆ کارێکی سروشتییە کە شیعر بیەوێ ئەم پەیوەندییە بگەڕێنێتەوە بۆ باری سروشتی خۆی و دەنگ و واتا لەیەک مارە بکاتەوە و هێزێکی سیحراویان بۆ بگەڕێنێتەوە.

لەوبارەیەوەش، ئۆکتاڤیۆ پاث، داستانی بابل وەکو نموونە دەهێنێتەوە و

لەم ڕووەوە پەنجە دەخاتە سەر کێشەیەکی بنەڕەتی، ئەویش پەیوەندی نێوان تاک و کۆیە. سەرەتا مرۆڤ هەموویان بەیەک زمان قسەیان دەکرد، بەڵام پاشان مرۆڤ لە خودا یاخی دەبێ و لێرەوە مرۆڤەکان پەرت و بڵاو دەبنەوە و ئیتر هەر گرووپە و بەزمانێک دەدوێ. بۆیە بورجی بابیل ئاماژە بۆ ئەو پاشاگەردانییە سەرەتاییە دەکات و تەعبیر لەو حاڵەتە دەکات کە زمان زۆر بووەوە ئیتر کەس لە کەس حاڵی نابێت. پێشتر ئینسان هەموو خاوەن یەک ڕۆح بوون و بە یەک زمانیش قسەیان دەکرد، بەڵام ئینسان لە ڕۆحی گەورە یاخی بوو و لێرەوە زمان خەسڵەتی کۆی وەرگرت، هەر کۆمەڵە مرۆڤێک زمانێکی تایبەتی بەخۆی هەیە. بەواتایەکی تر، پێش پاشەگەردانیی بابیل ڕۆح و زمان یەک شت بوون، ئەم پەرت و بڵاوییە سەرەتای مێژووە و بەسەرەتای زمانەکانیش دەژمێردرێت.

کاری شاعیر لە نێوان مارەکردنەوەی دەنگ و واتادا، تەنها لە ڕێی گەمەی زمانەوانی لە ئاستێکی سادەدا بەرقەرار نابێت، بەڵکو پێویستی بە جیهانبینییەکەوە هەیە کە هەمیشە لەسەر کەشفکردن ئیش دەکات، واتە هەمیشە هەنگاوێکە بەرەو نەناسراو، هەمیشە هەوڵێکە بەرەو ئاقارە غەیب ئامێزەکان، ڕاستیشە کە کرداری کەشف لەناو زماندا خۆی دەخەملێنرێ، بەڵام ئەم خەملاندنەش لەسەر پەتێک یاری دەکات کە هاوسەنگی دەبێتە سەنگی مەحەک بۆی. هاوسەنگیش مەرج نییە لەسەر کێش و سەروای دەرەکی بەرقەرار بووبێت، مەرجیش نییە سەر ئاوهەوای شیعری سەربەست بێت، بەڵکو، هەروەک چۆن لە سەردەمی کلاسیکدا، شیعری خەللاق بەدەستوورە دەرەکییەکان دەنووسرا و هەروەها شیعری خراپیشی پێ دەنووسرا، لە شیکلە شیعرییە سەربەستەکانیش دیسانەوە، شیعری خراپ و چاکی پێ دەنووسرێ، هەموو ئازادییەک مەرج نییە شیعری لێوە بزێ.

بەو مانایەی کە تەقینەوەکانی زمان لە ڕێگای پاشاگەردانییەکی بەئەنقەست مومکین نییە دروست بێت، بەڵکو پێویستە ببێتە بەشێکی



ئۆرگانیکی کردەی ئافراندن. ئەم بۆچوونە گشتییە دەکرێ ورد کرێتەوە و لەسەر هەموو پنتێک بگیرسێینەوە و هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەین، بەڵام ئەو کات لە سنووری ئەم لێکۆڵینەوە دەردەچێ. گەر بەشێوەیەکی ڕەها بدوێن، دەکرێ ئاماژە بۆ جیهانبینی – ڕوئیە –vision – و ڕوئیای خەونبینین –visionnaire– شاعیر درێژ بکەین. ئەگەر بێت و تا ڕادەیەکی ماقووڵ، جیهانبینی بەرابەری ڕوئیە بوەستێت، بەڵام زاراوەی خەونبین پڕ بەپێستی ڕۆئیا نییە. –visionnaire– توانایەکی ناوەکییە کە کەسێک پێی دەتوانی جوغزی دەرەکی بەرجەستەکان تەی کات و ناوەوەی شتەکان ببینی، ئەمەش هەڵبەتە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ توانستی خەیاڵکردنەوە هەیە.

مەبەست لە جیهانبینی سەرتاپای پەیوەندییەکانە کە شاعیر وەکو ئینسان بەدەرەوەی خۆی دەبەستێتەوە، لەم بۆچوونە شیعر و زمان و کەلەپووریش دەگرێتەوە. ئەمە جگە لە کەرەسە زمانەوانییەکان کە بناغە و بنچینەی هەموو دەقێکن، شاعیر پێویستی بەجۆرە تەجانووسێک و هاوئاهەنگییەکی ناوەکی هەیە کە لە هزری شاعیردا چەکەرە دەکات و دەخەملێ و پێ دەگات، بۆ ئەوەی دەق ببێتە گۆڕەپانێک کە ڕۆڵی کۆکەرەوە ببینێ. کەواتە خوێنەر لە دەسپێکدا، پێش ئەویش هەڵبەتە شاعیر دەبێ ئامادەگی ئەوەی تیا بێت بۆ ئەوەی ڕچەیەک بدۆزێتەوە کە ڕۆشناییی لێوە لەدایک بێت. ئەمە گرفتێکی ڕاستەقینەیە کە لە دەقی شیعری ئیمرۆماندا بەرچاو دەکەوێت. مەبەستمان لێرە ئەوەیە کە لە نێوان شیعری بابەت ئامێز و شیعرێکی دیکە کە نیازی ئەوەی هەیە کە خۆی ببێتە «غایە و وەسیلە»، جۆرە چەواشەبوونێک هاتۆتە کایەوە کە گەمە زمانەوانییەکان لە دەرەوە هورووژم دەهێنن، مایەی لێکدانەوەیەکی عەقڵی برینگە و بەدەر لە شێ و تەڕایی خەیاڵکردن، چونکە دەق لە ناوەوەی خۆی پێ نەگەیشتووە، هەر چەشنی میوە، دەبێ لە ناوەوە پێ بگا و ئینجا بەرەو توێکڵ و دەرەوە خۆی بڕوات. ئەم ناهاوسەنگییەش چوار خاڵمان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

١- نیازی نوێخوازی، (لێرە تەنها نیازمان دەقی شیعرییە، ئەگینا نوێخوازی پرۆسەیەکی گشتیی هەمەلایەنە) تەنها لە ڕێگایەکی عەقلانییەتەوە سەرچاوە وەرناگرێت. ڕاستە بۆ ئەوەی ڕەخنەکانمان ورد و پوخت بن، پێویستمان بەکەرەسە و زاراوە و چمکە کە ئەنجامێکی سروشتی عەقڵییە، بەڵام ئێمە مەبەستمان کە کردەی ئافراندنە کە کردەوەی عەقلانی ڕووت نییە. بەواتایەکی دیکە سەرچاوەی نوێخوازی لە ڕێگای بیرکردنەوەیەکی ڕووتەوە نایەتە کایەوە، بەڵکو لە ناو ڕەحمی هاجیسەوە دەردەپەڕێ، هەرچەندە ئەم کردەیە بەدەر نییە لە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی و بابەتیانە، بەڵام ئەم دوو چمکە بەجۆرێک تێکهەڵکێش دەبنە بەشێک لە ژیان و بوونی شاعیر. کەواتە نوێخوازی کردەیەکی ناوەکییە نەک دەرەکی. نوێخوازی نیاز نییە، هەڵوێستە.

٢- ئەو کەرەسانەی وەکو (زمان، موفرەدە، مۆسیقا، ڕیتم، وێنە، بنەما هتد) کە دەبنە مادە خامەکانی شیعر دەبێ بەتەواوی بخەملێن. ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بەموفرەدەوە هەیە کە شاعیر تەمەلوکی دەکات. کە باسی موفەرەدەش دەکەین. ڕەنگبێ باس لە بیۆگرافیای شاعیر بکەین. کە بەدرێژایی ژیانی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی لەمەڕ زمانەوە دەگرێتەوە. ڕاستە موفرەدە، موڵکی کۆمەڵگایە، بەڵام کەساندنی موفرەدە و تەقاندنەوەی ئاسۆکانی واتا، تەنها کاتێک دەتوانێ بێنە دی، کاتێک کە شاعیر لە ڕێگای کردەیەکی زۆر وریاوە بەدەستی دەهێنێ. هەموو وشەیەک کاتێک لە تەنیشت وشەیەکی دیکە دادەنرێت، تەنها غەرابەت نایکاتە دەق، بەڵکو لەم لەتەنیشت دانانە چ ڕۆشنایەکی لێوە لەدایک دەبێت! شاعیریش وەکو مۆسیقازان، دەبێ نۆتەکانی بەجۆرێ ئاوێتەی یەکتر بکات، کە نۆتەی نەشاز جێی نەبێتەوە. زۆرجار وشەیەکی «جوان» ناشرین دەبێت و وشەیەکی ناشرینیش جوان. وەکو ئەوە وایە کە نۆتەیەک کە زۆر بەرز بێت، بەڵام ئاخنرابێتە سیاقێکی نزمەوە.



٣- نەبوونی «ڕوونبینییەک» لە ڕوئیەدا کە چمکەکان بەجۆرێ تێکەڵ دەبن تەنها ئاڵۆزیی دەبێتە یەکێ لە خەسڵەتە هەرە گرینگییەکان. لێرەدا، پەیوەندی شاعیر بەهەموو ڕووداوەکانی دنیایەوە دەبەستێتەوە. سەرتاپای کێشەکان دەگرێتەوە: پەیوەندیمان بەدامودەزگاکان، بەکێشەکانی سەردەم و کولتوورە جیاوازەکان. (سەرتاپای پەیوەندییەکان). هەڵبەتە ئەم خاڵە تەنها دەبێ وەکو باگراوندێک بخوێندرێتەوە. دەکرێ بەکولتووری هاوچەرخیش لێک بدرێتەوە.

٤- کورت و بڕکردنی ئەزموون و تەجرەبە حەیاتییەکان کە ئەویش تەنها لە تەقەلایەکی زیهنی ڕووتەوە لەدایک نابێت بەڵکو بەجۆرە مامەڵەکردنێک دەبێ بچوێندرێ کە لەگەڵ دنیای دەرەوە سەقامگیر دەبێت.

کاتێ دەوترێ شیعر ژیانە، بەو واتایە بەکاردێت، کە خەسڵەتی حەوانەوەی تیا بێت، خەسڵەتی جووڵانەوە و جۆرە سەفەرکردنێکیش بێت بەرەو خوێنەر. دوای خوێندنەوە، یا لە کاتی خوێندنەوەدا، جۆرە ژیانێکی تایبەتمان پێ ببەخشێ. بەکورتی دەق دەبێت ببێتە تۆیەک و ئێمەی خوێنەریش زەمینێکی بەپیت بین و ئاوسمان بکات.

خوێنەریش مافی تەواوی خۆیەتی بەدوای واتادا بگەڕێ، چونکە شیعر لە دوا شیکردنەوە، «پەیامێکە» دەبێ بخوێندرێتەوە، واتە دەبێ قابیل بەخوێندنەوە بێت، هەڵبەتە بۆ پرۆسەی خوێندنەوەش پێویستمان بەکۆداندن و کۆد هەڵوەشاندنەوەیە. ئێمە بڕوامان بە دەقێک نییە کە داخراو بێت، وەکو دەقی ئیرمێتیک. کۆد هەڵوەشانەوەش کرداری خودییە، بەڵام سنووری هەیە. واتە ڕەنگە دەقێک شتێک بەمن بڵێ و شتێکی دیش بەخوێنەرێکی دیکە بڵێ. لە پاڵ چێژی تاکەکەس، مەعریفەی تاکەکەسیش سەنگی مەحەکن، بەڵام شیعر دەبێ واتای هەبێ! واتاش لێرە دەبێ بە کۆ بخوێندرێتەوە.

## بەشی دووەم

### شیعر واتایە، بەڵام چ واتایەک؟

ئەگەر بێت و بەفەلسەفە باسی شیعر بکەین، ڕەنگبێ تەنها بەیەک دوو ڕستە لە وەڵامێک نزیک بینەوە، یا هەر نەبێ بگەینە سێبەری وەڵامێک؛ ئەمەش سەرەڕای ئەوەی جۆرە حەوانەوەیەکمان دەداتێ، لە هەمان کاتیشدا لە قووڵایی ناخمان هەست بەناڕازیی بوونێک دەکەین. پێشەکی ئەوەش دەزانین کە زیهن و ئارەزووی ئینسان ئەم کێشەیەیان بۆ چارەسەر دروست نەکردووە، چونکە لە کۆتاییدا شیعر یەکێکە لە دووریبە ئۆنتۆلۆژییەکانی ئینسان. سەرەڕای ئەوەی پرسیارەکە بەبێ وەڵام ئاراستەی بوون و بوونەوەر دەکرێت. لە هەمان کاتیشدا، هەموو دەقێک جۆرە حەپەسان بوونێکە بەرامبەر بەکاری ئافراندراو. ئینسان بەرەو نا-زەمەنێک پەلکێش دەکات کە خۆی لە ناواخنی زەمەنی مادیدا دەژێت. ڕەنگبێ سەرتاپای پێنتەکانیش لە یەک خاڵدا یەکبگرنەوە، یا کۆ بکرێنەوە:

ئەدۆنیس لە کتێبی «الصوفیة و السوریالیة[1]» دەیەوێ لە دوو دیاردەی فیکری – هونەری بکۆڵێتەوە. ئەویش لە نێوان ڕێبازی سوریالیبیەت و سۆفیگەریبە: ڕێبازی سوریالیبیەت کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم وەکو تەزوویەکی گرینگ هەموو پانتاییەکانی هونەر و ئەدەب و سینەما و شانۆ هتد دەگرێتەوە. ئەگەر بێت تەرجەمەی حەرفی بکرێت، دەکرێ بە«سەرووی واقیع» تەرجەمە بکرێت، بەڵام ئەم ڕێبازە لەناو جەرگەی واقیعێکەوە سەری هەڵدا و بەجۆرێکی گەلێ تایبەتیش سوود لە لێکۆڵینەوەکانی فرۆید وەردەگرێت و لەسەر کەلاوەکانی دادائیبیەتیشدا هەڵدەستێتەوە. خەون و غەریزە و چێژی یاخیبوون دەبنە خەسڵەتەکانی ئەم ڕێبازە، هەروەها دژ بەلۆژیک و ئەخلاق و کۆمەڵگا و هەموو جۆرە

(١) ادونيس، الصوفية و السوريالية، الساقي، بيروت ١٩٩١.



نیزامێکیش (ordres) ڕادەوەستێت. لێرە دەبێ خەون بەواتا نا-هوشیارییەکەی سەیر بکرێت و دەبێتە یەکێ لە ستوونە هەرە پتەوەکانی و تا ڕۆژی ئیمڕۆشمان سوریالیبیەت دەروازەکانی ئافراندنی بەتەواوی یەکتاڵا کردووە و هەمیشە ئینسان بەرەو نادیار و نەناسراوەکان داوەت دەکات. هەروەها ڕێبازی سۆفیگەریی، یا تەسەوف، هەر لە سەدەکانی نوێی زاینییەوە، جۆرە تەفسیر و خوێندنەوەیەکی باتینی، لە پاڵ خوێندنەوەیەکی زاهیری لە جیهانی ئیسلامدا گەشە دەکات و لەگەڵ خۆشی فیکر و ئەدەبیاتێکی بێ وێنە دەهێنێتە کایەوە. یەکەمیان لە ڕۆژئاوا خەملاو و دووەمیشیان لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی گەشەی کردووە[2]. ئەدۆنیس لە خاڵی هاوبەش دەگەڕێ، بەبەڵگە و نموونە و ئەنجەتی باسکارێکی جیدییەوە، گەشە بەتێزەکەی دەدات و لە ئەنجامدا دەگاتە ئەوەی کە بڵێ: «النقطة العليا» لای سوریالییەکان و «توانەوە لە زات» لە لای سۆفییەکان، دەگەنەوە یەک. ئەمەش بەشێک یەکێتی زیهنی ئینسانیمان بۆ شی دەکاتەوە، بەتایبەت لەم دوو حاڵەتەدا، ڕۆچوونێکە بەرەو قووڵاییەکانی ناخی ئینسانی. دوو دنیای جیاواز، بەدوو ئامرازەوە، ئەم دوو دنیایە هەندە لەیەک نزیک دەبنەوە، تووشی نەسرەوتنمان دەکات. مەبەست لە هێنانەوەی ئەم نموونەیەی سەرەوە ئەوەیە کە چالاکی مێشک لە بواری ئافراندن، لە یەک خاڵدا پێک دەگەن.

دەکرێ ئەوەش بڵێین کە هونەر بەگشتی و شیعریش بەتایبەتی لەلای هەموو کۆمەڵگاکان وجوودی هەبووە و هەیە، ئەمەش دیسانەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئێمەی مرۆڤ سەرەڕای جیاوازییە کولتووری و زمانەوانی و جوگرافی و مێژوویەکانمان و هتد کە هەر کۆمەڵگایەک بەشێوەیەکی جیاواز گەشەی پێ کردووە و بەویست و پێداویستی خۆی خەملاندویەتی، بەڵام شتێکی بنەڕەتی پێکەوە دەمانبەستێتەوە، ئەویش

(٢) ئەوەش دەزانین کە سۆفیگەری تەنها خەسڵەتی ئاینی ئیسلام نییە، لە هەموو کولتوورەکاندا ڕێباز و تەزوو هەن کە ڕەگ و ڕیشەکانیان یەک دەگرنەوە.

خولیابوونمانه بەکردەی ئافراندن کە لە ناوەڕۆکدا شیعرییەت بەمانا هەرە فراوانەکەی دەگرێتەوە. جا هاجیسی ئینسان چ وەک پێداویستی چ وەک ئارەزوو یەک دەگرێتەوە. ئەگەر لای ئەسکیمۆییەکان سێ سەد ئاوەڵناو هەبێت بۆ ڕەنگی سپی شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە، چونکە لای ئەمازۆنییەکانیش بەقەد ئەوەی ئەوان ئاوەڵناویان بۆ ڕەنگی کەسک هەیە. زمان وەکو شووشەیەک سەیری دونیای لێوە دەکەین. نەک تەنها ئەمە و بەس، بەڵکو لەناو کۆمەڵگاکە خۆشی، جوداوازی بەدی دەکرێت، زمانیش ڕچەزمانی لێوە پەیدا دەبێت، بەسەر توێژی کۆمەڵایەتی دابەش دەبێت، ڕۆڵی سایکۆلۆژی - کۆمەڵایەتی، تەمەن، ڕەگەز هتد جێ پەنجەی خۆی بەسەریا جێ دەهێڵێ.

پێش ئەوەی بانگەشەی تەفسیری میتافیزیکی بکەین و لە یەکێتی ڕۆح و ڕۆحی گشتی بگەڕێین، بەوە ڕازی دەبین کە ئێمە هەموومان ڕەگەزی ئینسانمان پێ دەڵێین. نەعوم شۆمیسکی گەشە بە بیردۆزەی زمان وەکو چالاکی خوڕسک لەلای ئینسان دەدات. بەگوێرەی ئەو نەک تەنها زمان بەبێ ناو و کردار و ئاوەڵناو وجوودی نابێت، بەڵکو هەموو زمانەکانیش لەیەک شت هاوبەشن ئەویش بنەمای ناوەکی و بنەمای دەسکردە، ئەم قودرەتەش بەشێکە لە پێکهاتەی بنەمای مێشکی ئینسان و لە ڕستەیەکەوە، واتە لە بنەمایەکی جێگیرەوە دەتوانین تا هەتاهەتایی ڕستەی دیکەی لێوە هەڵهێنجین.

پرسیاری گرینگ بەنیسبەت ئێمەوە، ئەو بینینە تێکڕاییە نییە، بەڵکو گشت ئەو جوداوازییانەیە کە دەقە شیعرییەکان لەیەکتر نزیک دەکەنەوە، تاکو دوو دەقی شیعری جیاوازییان زۆرتر بێت هەندە لە یەکەوە نزیکن، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، واتە دەقی لاسایی کراو زیاتر لە دەقە ئەسڵییەکە دوور دەکەوێتەوە تا دەقێکی داهێنراو، هەر بۆیە بەرامبەر بەدەقێکی کۆپیکراو و سێبەری لاسایی پێوە دیار بێت، تووشی سەغڵەتیمان دەکات.



**١- باشە جیاوازیی مانای چییە؟**

ئایا جیاوازی خولیایە، یا نیازە، ویستە یا خۆڕسکە؟ ئایا مەحوی هۆشیارانە ویستی لە نالیی جودا بێت، یا چونکە مەحوی خۆی جیاواز بوو؟

دەکرێ باسی دوو جیاوازیی بکرێت:

یەکەمیان لە ئاستی تێکستەکاندا و دووەمیشیان لەناو دەقی شیعری خۆیدا بەدی دەکرێ. یەکەمیان بەواتای ئەوەی کە شیعر وەکو تەرحێکی ئەدەبی دەبێ لە تابلۆ و لە مۆسیقا و لە شانۆنامەیەک و لە ڕۆمانێک جودا بکرێتەوە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە لە تابلۆدا مۆسیقا نەبێت و لە شانۆدا تابلۆ نەبێت. بەڵام پێش ئەوەی چمکەکان تێکەڵ کەین، با لە یەکتر جودایان کەینەوە.

دووەمیشیان، دەقی شیعریی خاوەنی ئۆتۆنۆمی خۆیەتی، واتە دوای ئەوەی دەقێکی شیعریی لەدایک دەبێت. دەبێ توانای ئەوەی هەبێت بەبێ خاوەنەکەی بژێت و بڕژێتە نێو دنیای دەقانەوە و تاکو مابێت جیاوازیی لەنێو دەقە شیعرییەکان بپارێزێ. ئەم جیاوازییەش شتێکی نەگۆڕ و موتڵەق نییە، ئەویش لەلایەن کۆمەڵێ فاکتەری دەرەکی و ناوەکییەوە بەڕێوە دەچێت و ئەم فاکتەرانەش بزۆک و جێگیر نین.

یەکێ لەو جیاوازییانەش ئەوەیە کە دەق فڕێ دەداتە نێو فاکتەری زەمەنەوە؛ کاتێکیش باسی ئەم فاکتەرە زەبەلاحە دەکەین، تووشی جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر سەخت دەبینەوە. واتە چمکی مێژوو دەلکێتە دامێنی دەقەوە، لەلایەکی دیش دەکەوینە نێو جۆرە جەنگێکی پێویستەوە، ئەویش لە نێوان ئارەزووی هەمانە بەرامبەر بەدەقێک، یا ڕاستر بانگەشەیەکە لە قووڵایی ناخی شاعیرەوە سەرهەڵدەدا. جۆرە هاوارێکە بەڕووی ئەبەدییەت، زەمەنیش وەکو چمکێکی بابەتی دەیەوێ هەموو دیاردەکان لووش بدات، یا هەر نەبێ جێ پەنجەی خۆی بەسەریانا

جێهێڵێ. بۆ نموونە ئایا ئێمە مەبەستمان لە خوێنەری هاوچەرخە، بەهەمان شێوە دەقێکی نالیی دەخوێنینەوە وەک خوێنەرێکی هاوسەردەمی شاعیر؟ ئایا مەعریفە کەڵەکەبووەکان ڕۆڵێکی تەواو نابینن لە داتاشینی چێژی ئێستێتیکی ئێمە؟

لێرەوە ئەگەر لە هیچ شتێ حاڵی نەبین، خۆ لەوە تێدەگەین کە دەقی شیعریی سەرەڕای ئەوەی خەسڵەتی شیعرییان تیا هەیە، گەر بەهەمووشیان شیعر بوترێن، نابێ هەر هەموویان لەیەک ئاست دانرێن و لە یەک ئاستیشدا ببینرێن.

سەرتاپای ئەو شیعرە تەعلیمییانەی کە لە سەدەی هەژدەمی فەرەنسی شان بەشانی فەلسەفی ڕۆشنرەوی پەیامی خۆی ئیعلان دەکرد، زۆر جوداوازن لەگەڵ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و ناکرێ بە یەک چاو تەماشایان بکرێت و لەسەر یەک ئاست دانرێن. یا ئەو شیعرانەی کە هەر لە ناوەندی سەدەی نۆزدەهەمەوە، کە حاجی کۆیی ئەم تەرحە دەبووژێنێتەوە و تاکو ڕۆژی ئێمڕۆشمان هەر بەردەوامە، نابێ لەگەڵ جۆرە شیعرێکی دیکە تێکەڵ کرێن، کە لە دیدەنیگایەکی ترەوە هاتوونەتە دی. شیعریش پێش ئەوەی ژەنرێک بێت، گشت ئەو هۆکار و فاکتەرانەش گرینگن کە بوونەتە هۆی وجوودی دەقێک. مەبەستمان ئەوەیە دەقێکی شیعری لە پێناوی شتێکی غەیرە شیعری نووسرابێت، جیاوازە لە شیعرێک کە تەنها لە پێناوی ئەوە نووسراوە کە ببێتە دەقێکی شیعری.

واتە هۆکارە دەرەکییەکان، ئەوانیش گرینگی خۆیان هەیە. ئەگەر ئاوڕێک لە ئەدەبیاتی نوێی کوردی بدەینەوە، ئەوە دەبینین تاکو ئێستاش نەمەتی شیعری حاجی کۆیی نەک بەسەر تەرحەکانی دی زاڵە، بەڵکو لە زۆر دیدەشەوە بەتاقە شیعری نوێ دەژمێردرێن. نەک ئەمە و بەس، بەڵکو هەوڵی ئەوەش دەدرێت لەم جۆرە شیعرەوە فیکری ناسیۆنالیستی کوردی پێ بخەملرێت، ئەمە دوو شکستمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، شکستی شیعریی لە پاڵ شکستی ناسیۆنالیسم، چونکە نە بابەتی شیعر ناسیۆنالیسمە، نە



بابەتی ناسیۆنالیسمیش شیعرە. ئەم دیاردەیەش هەندەی پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، هەندە پیەوەندی بە شیعر وەکو کردەیەکی تاک و دەگمەنەوە نییە. چونکە هەمیشە ئەوانەی دەیانەوێ ناسیۆنالیسمی کوردی ساغ بکەنەوە پەنا دەبەنە بەر شیعر، چونکە تەمەنی پەخشان لەنێو نووسراو و ئەدەبیاتی کوردی تەمەنی زۆر کورتە. واتە بیرکردنەوەی ڕاسیۆنایستانەی کوردیی تەمەن کورتە. بەڕای ئێمەش یەکێک لە خەسڵەتە پتەوەکانی ناسیۆنالیسم پەخشانە نەک شیعر. چونکە هەر بەپەخشان دەکرێ گەشە بە چمکە تیۆرییەکان بدرێت و ڕاڤە بکرێن و لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوە چێ بکرێ. دەکرێ لە ڕێگای پەخشانەوە مێژووی ناسیۆنالیستی نەتەوەکان بخوێندرێتەوە. کۆنترین دەقی پەخشان هی ئەو نەتەوانەن دەمێکە فیکری ناسیۆنالیسمی تیایانە گەشە و نەشونمای کردووە.

بۆیە لەم پەنجا ساڵەی دوایی، لە پێناو سەپاندنی فیکری ناسیۆنالیستی کوردی، هەمیشە هەوڵ دراوە ئەو جۆرە شیعرانە بکرێنە بەردی بناغە، ئەگەر هەندێ جار خانی وەکو نموونە دەهێنرێتەوە، بەڵام حاجی وەکو وەرچەرخان دەژمێردرێت. بەڵام ئەم وەرچەرخانە بەقەد ئەوەی فیکرییە، شیعریی نییە. وەرچەرخانێکە لە نەمەتی بیرکردنەوە نەک لە نەمەتی شیعریی. ئەگەر خانی بەتەواوی بیری ناسیۆنالیستی لەلا گەڵاڵە بووبێت ئەوەی هەوڵی دەدا بەدەقێکی پەخشان چەند نوختەیەک بخاتە سەر چەند حەرفێ!

لە لایەکی دیش، چونکە عەقڵی کوردی هەمیشە ئەو جۆرە شیعرانەی هەڵبژاردووە کە لەگەڵ کێشە هەنووکەییەکانی پەیوەست و تێکهەڵکێش بووە. ئیتر ئەدەب، یا شاعیر لە موڵکی شەخسییەوە بووەتە موڵکی گشتی و جۆرە پەردەیەکی پیرۆزیشی بەسەرا داماڵراوە. ئەم دیاردەیە تەنها دیاردەیەکی کوردی نییە، چونکە مۆلییەر و لافۆنتێنیش هەمان پیرۆزییان بۆ فەرەنسییان هەیە، شکسپیریش بەنیسبەت ئینگلیزەکانەوە هەمان

شتە[٣]. بەڵام ئەم نموونانە نابنە ئەنجەتی ئەوەی ڕەخنە ئاراستەی ئەم نەمەتی بیرکردنەوەیە نەکرێت.

بەڵام کاتێکیش ورد دەبینەوە و حاجی تۆفیقی پیرەمێرد دەخوێنینەوە، تووشی شاگەشکە دەبین چونکە کاتێ باسی نالیی کردووە، زۆر بەوردی لە کردەی شیعر دواوە و دەڵێ: «ئەگەر شیعر بە غایە - وەسیلە نا - عەد بکرێت و ئەگەر شیعر عیبارەت بێت لە سەنعەتێکی بەرزی بەدیعیی... و ئەگەر لە شیعردا ئیبداع شەرطێکی ئەعظەم بێت، بێ گومان (نالیی) گەورەترین شاعیری کوردە[٤]».

ئێمە بڕوامان بەفاکتەری کرۆنۆلۆژی هەیە، واتە شیعریش وەکو هەموو چالاکییەکی دی ئینسان، چالاکییەکی مێژووییە، بەڵام پەیوەندی نێوان فاکتەری زەمەن و شیعر لەوە ئاڵۆزترە بەیەک دوو دێر باسی لێوە بکرێت. شیعر هەیە لە سەردەمێکدا، توانای ئاخاوتنی زیاترە تا لە سەردەمێکی دیکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەق زیندووە و لەگەڵ دەرەوەی خۆی لە دیالۆگ دایە. بۆ نموونە ژۆژ لا تور[٥]، هونەرمەندێکی فەرەنسی سەدەی شازدەو حەڤدە بوو، لە سەردەمی خۆی بە نەناسراوی ژیاوە، تابلۆکانی لە سەدەی بیستەمدا کەوتنە بەر ڕۆشنایی و دان بەبلیمەتی ئەو هونەرمەندەیا نرا. نموونەی تریش هەیە کە بەپێچەوانەی ئەمەیە. شیعرە پەیامدارەکانی گۆران لە سەردەمی گۆران خۆی، بەڵکو تا ساڵانی حەفتاش بەها و نرخی زۆرتری هەبوو تا لە ڕۆژی ئیمڕۆ. یا دەقەکانی حەلاج چەندین سەدە تووشی سستی هاتن و خەویان لێکەوتبوو، تاکو یەکێکی وەکو ماسینیۆن دەیدۆزێتەوە و جارێکی دیکە دەکەونەوە زمان لەگەڵمان. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دیالۆگمان لەگەڵ دەقی شیعریی یەکجارەکی نییە.

---

(٣) بڕوانە «ئیمپریالیسم و کولتوور» ئەدوار سەعید، فەیار، ٢٠٠٠، پاریس.

(٤) نالی. دیوانی نالی. لا ٧٢٠.

(٥) هەرچەندە ئەمە نموونەی هونەرمەندێکە، بەڵام کاری ئافراندن، لە ڕەچەڵەکدا چالاکییە.



ئەم سەربەخۆییە بەبێ تەماس ناژێت، ئەم جوداوازییانە تەنها لەگەڵ یەکتر هەڵدەکەن. ئەمەش بیرمان بۆ فیکرەی سیستەم ڕادەکێشێت. هەرچەندە زاراوەی سیستەم زۆر ناچێتە عەقڵی شیعرەوە، بەڵام هەموو دیاردەیەکی زیندوو بۆ ئەوەی وجودی خۆی بپارێزێت، پێویستی بە سیستەمێکی دیاریکراو هەیە.

واتە دەقەکانمان لە پەیوەندی دان. تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن. لەبەر سێبەری یەکتر پێ دەگرن، ڕۆشنایی یەکتر هەڵدەمژن و ئاوی یەکتر دەخۆنەوە. ئەمەش لە زاراوەی بەلاغیدا بە(entretextualité) واتە تەماسی دەق، یا لێخشانی نێو دەقەکان ناوزەد دەکرێت.

فەرادەت تەنها لەگەڵ کۆدا مومکینە هەڵ بکات. ئەگینا وجودی نییە. زۆر جار باس لە خودی جیاواز و خودی نامۆ و خودی خەلاق دەکرێت. ئێمە دەتوانین ڕستە بەناوبانگەکەی ڕامبۆ دووپات کەینەوە و لەو ڕووەوە دەتوانێ گەلێ ڕۆشنایمان بداتێ. ڕەنگبێ باس لە «من» بکرێت گونجاوتر بێت لە خود. چونکە خود، واتە زات، زاتیش تێکڕای ئینسانەکە دەگەیەنێ، بەڵام ئەگەر باس لە «من» بکرێت ئەوە شتێکی جیاواز تر و سفت ترە. «من» هەمیشە لە گوزەر دایە، «من» سەفەرێکی بێکۆتاییە و هەمیشە خەرەند لە نێوان «من» و ئەو کەسەی دەڵێ «من»دا دروست دەبێت. واتە ئەو کەسەی کە دەڵێ «من» هەمیشە «من»ەکەی خۆی لە ڕابردوو جێهێشتووە، با ڕابردوویەکی نزیکیش بێت. ڕامبۆ دەڵێ: «من یەکێکی ترە = (je est un autre)»، نالی «خود» یەکێکی ترە، یا خودی من یەکێکی ترە. جا بەفەرەنسییەکەی جووتێ دووفاقە دەنێتەوە:

١- یەکەمیان لە ڕووی ڕێزمانەوەیە: (est) فیعلی موساعیدە بۆ کەسی سێیەمی تاک بەکار دێت، لە کاتێکدا (je) ڕاناوی تاکی قسەکەرە. (je) لەگەڵ (est) ڕەوت ناکات و لە ڕووی ڕێزمان و ڕستەسازییەوە ناتەواوە.

٢- لە ڕووی واتایش، ئەوە دەگەیەنێ کە دوو «من» لە یەک کائیندا

دەژین. یەکەمین ئارتورە کە پیاسە دەکات، دەخەوێ نان دەخوات و خەون دەبینێ، ئەوی تریش ڕامبۆیە کە شیعر دەنووسێ. واتە «ئەو»ێک لە «من»دا دەژێت، یا ڕاستر «من» لە «ئەوێک»دا دەژێت. چونکە دەست گرتنە سەر «من» تەنها مەرگێکی ڕاستەقینەیە.

هەر هەمان فیکرە لەلای سۆفیانی ئیسلامیشدا باس کراوە و بەکەمۆکەیەک جوادوازییەوە، بەڵام زۆر لەیەکتر دەکەن. ئەویش ئەوەیە کە کاتێ سۆفی دەگاتە پلەی وەجد، زاتی ئیلاهی «ئەو» لەناو زاتی سۆفیدا «من» دەتوێتەوە، زاتی سۆفی دەسڕێتەوە، «من» ، تەنها هەر زاتی ئیلاهی «ئەو» دەمینێ. ئەو «هۆ»ەی کە سۆفیان حاڵی پێوە دەگرن، واتە دەچنە بارێکی دەروونی زۆر تایبەتەوە، «من»ێکی خەسڵەتە سایکلۆژییەکانی خۆی لەدەست داوە. سۆفی هەرچییەک دەڵێ، ئەوە خوداوەندە بەزمانی ئەوەوە قسان دەکات. «من» دەسڕێتەوە و «ئەو» جێگای دەگرێتەوە. چونکە هەموو «منەکان» لە کۆتاییدا، تەنها هەر «ئەو = هۆ»ن و بەس. بەڵام لە تێگەیشتنێکی ڕاسیۆنالیستیی هەڵبەتە ئەم کێشەیە جوداوازە. واتە تەفسیری دیکەش قبوڵ دەکات. ئەمەش دەچێتە بواری دەروونناسییەوە.

کەواتە دوو «من» لەناو شاعیر دایە، یەکێکی منێکی بابەتییە، ئەوەی دیکەش منی ناخە، منی تاکە، منی جیاوازە، منی بێگەردە و ئەوەی دێتە زمان، ئەوەی خاوەن خەلقی شیعرییە.

دوو مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا دێنە ئاراوە. «من» لەگەڵ زمانی گشتی، «من» لەگەڵ زمانی شیعری. دەشکرێ بڵێین دوو پەیوەندی لەگەڵ زماندا دروست دەبێت. یەکەمیان پەیوەندی لەگەڵ ڕێزمان و دەستووری سانتاکس و گشت ئەو یاسایانەی کە نەک تەنها ڕێزمانی زمان پێک دەهێنن(٦)، بەڵکو دەبنە ڕێزمانی کولتووری کۆمەڵایەتی و ڕەفتار و هتد کە نەک تەنها سیستەمی زمانێک بەڕێوە دەبەن، بەڵکو تەواوی چمکەکانی دیکەش. چونکە کاتێک ئێمە باسی زمان دەکەین، باس لە زۆر شتی تریش دەکەین. دەتوانین ڕستەکەی هایدگەر دووپات بکەینەوە کە زمان بەمەنزڵی ئینسان دەچوێنێ. واتە ئینسان تەنها لەناو زماندا ئینسانە. پەیوەندی دووەمیشیان ئیشکردنە لە ناوەوەی ئەم زمانە. جۆرە لە یەکمارەکردنی نێوان شاعیر و زمان دەچوێندرێت، تا ڕادەیەک دەبنە یەک جەستە. بۆیە شیعر نووسین بەزمانی بێگانە مومکین نییە. بەڵام موفارەقەیەکی سەیر، هەر وەکو گوێتە دەیوت، «ئەوەی زمانی دیکەی بێگانە نەزانێ، زمانی

---

(٦) هەر بۆ زیاتر ئاگاداری، باسی شەش خاڵ دەکەین کە ژان کۆهن بەلادان ناوی دەبات:

١- زمان هەوڵی ئەوە دەدات کە پەیامەکەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بگات، = ئەویش لە ڕێگای جوداوازییە فۆنەتیکییەکانەوە، بەڵام کێش و سەروا ڕێ لە پەیامەکە دەگرێ.

٢- زمان ڕستە ڕێک دەخات، ئەویش بەهۆی پەیوەندیی دەلالی و ڕێزمانەوە، بەخاڵ و وێرگوڵیش وەکو پاڵپشت یارمەتی ئەم پەیوەندییە دەدەن. هۆنینەوەش ڕێ لەم کارە دەگرێ و خۆی بۆ خۆی ڕاوەستانی دەلالی و نەزمی دیاری دەکات.

٣- زمان بەو جۆرە ئیش دەکات کە وشەیەک لە دوای ئەویترەوە ڕیز بن بە گوێرەی ڕیزمانی زمان، بەڵام شیعر بەپێی پێویست پاش و پێش قبووڵ دەکات.

٤- زمان پشت بەوە دەبەستێت کە سیفەتی باو و ئاسایی ببەخشێتە شت، شیعر خەرقی ئەم سیستەمە دەکات ئاوەڵناو دەداتە پاڵ شتی نا - باو وەکو «ئاسمانی مردوو» .

٥- زمان شت تەحدید دەکات بەهۆی جیاوازی نێوان جۆر و ڕەگەزی شت، شاعیران هەوڵی ئەوە دەدەن ئەم ڕێبازە بشکێنن.

٦- هەندێ جار زمان بۆ ئەوە شتێک دیاری بکات، ئەوە پەنا دەباتە بەر ئاماژەکردن بۆ ئەو شتە لە زمنی بارودۆخێکی دیاریکراو. بە لەناوچوونی بارودۆخ ، ئاماژەکردن بایەخی نامێنێ. ئەمە لە شیعردا جیاوازە، بۆ نموونە «من» ئەو کاتە بەهای دەبێ کە قسەکەرێک بڵێ من، ئەگینا هیچ مانایەکی نابێت. چونکە کەسی سێیەمی غایب، ناتوانێ بڵێ «من» . بەڵام منی شیعر جیاوازە. «ژان کۆهن، بنیە اللغە الشعریە، ترجمە محمد الوالی ومحمد العمری، المعرفە الادبیە، دار التوبقال، ١٩٨٦، لا ٧).

تایبەتی خۆشی نازانێ». ئەمەش جۆرە دوورکەوتنەوەیەکە لە زمانی یەکەم و گەڕانەوەی دیکەی بەرەو هەمان زمان. قسەکەر لە دوو دووربیدا لەگەڵ زمــان هەڵدەکــات: ڕوانینێک لە دەرەوە بۆ زمــانەوە، بوونێک لەناو زمانەکە. ئەم ڕستەیەی گوێتە، تەنها لە ئاستی یەکەمدا دەکرێ بەئیعتیبار وەرگیرێت. واتە مەبەستی ئەو کاتێک شارەزای زمانێک دەبین، ڕوونتر زمانەکەی خۆمان دەبینن. یا بەشێوەیەکی دیکە، لە دەرەوە دەتوانین زمانەکەی خۆمان ببینین. بەڵام ئەی ئەو تەی بردنە نێو ئاستی دووەمە چۆن سەقامگیر دەبێت؟ دوورکەوتنەوە لە زمانی دایک، ڕۆچوونە نێو موفرەدە و سانتاکس و بنەمای زمانێکی ترەوە، یارمەتیمان دەدات کە کاتێک دەگەڕێینەوە بەرەو زمانی یەکەممان، وەکو ئەوەی غەریبانە لە دەرگای ماڵی ئاشنایەک بدەین.

منی یەکەم لەگەڵ جیهاندایە. لەگەڵ ئەو ڕەوت دەکات، تا ڕادەیەک تەبایە لەگەڵی و هەمان کۆدەکانی بەکار دەهێنێ. بەڵام منی دووەم تێکومەکانی دەدا و سەر لەنوێ دروستی دەکاتەوە. منی یەکەم فەردێکە لەناو کۆمەڵگا، منی دووەم شەڕی لەگەڵ دەکات. کەواتە ئەم دوو منە هەمیشە لە جەنگ دان، کەسیان بەسەر ئەوی تریانەوە سەرناکەوێت، بەڵکو دەقی شیعریی لێ لەدایک دەبێت. مەبەست لەم جەنگە سەرکەوتنی یەکێکیان نییە بەسەر ئەویتردا، چونکە سەرکەوتنی یەکێکیان، شکستی تەواوی کائینەکە دەگەیەنێ، بەڵکو ئامانج و ئارەزوو لەم جەنگە، ئەو نەحەسانەوەیە کە ڕەسووڵی حەمزاتۆف لە شوێنێک ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێ شاعیر ئەو کائینەیە کە حەسانەوە نازانێ چییە! کاتێ منی یەکەم هەوڵی شیعر نووسین دەدات، ئەوە بەبێ ئاگاداری «بنەمایەکی شاقووڵی» بەسەر دەقەکەی دا زاڵ دەبێت، کاتێکیش منی دووەم دەکەوێتە نێو جیهانی شیعرەوە ئەوە بەبێ هۆ داوای «بنەمایەکی بازنەیی» دەکا بۆ هەڵکردن.

پرسیاری فەلسەفی یا سایکلۆژی ئەوەیە منی دووەم کێیە؟ بۆچی نالیی



شیعر دەنووسێ بەڵام فەقێیەکی دیکە نەگەیشتە ئاستی ئەو؟ پاشان لە ئاستی جیهانی، واتە لە ئاستی مرۆڤایەتی چ پەیوەندییەک لەنێو ئەو منە دووەمانەدا هەیە؟

ئەم پرسیارە ڕەنگبێ هەر وا ئاسان نەبێت وەڵامی دانەوەی، چونکە بەرەو گەلێ دیسیپلینی دیکە دەمانبات. منی دووەم ڕۆحی خودایە لە ناومان، کێشەیەکی میتافیزیکی قووت دەبێتەوە! ئەو ئارکێتیپەیە کە یۆنگ باسی لێوە دەکات، کێشەیەکی سایکلۆژییە! تێکڕای زاکیرەی ئینسانە تیامان؟ بەڕای من لەجیاتی ئەوەی هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بدرێت. دەکرێ فێڵێک لەم ئیشکالییەتە بکەین و بڵێین، مرۆڤ کائینێکی کۆیە تاکو تاک، لە ململانێ دایە. تەنها مێژووی تایبەتی خۆی ناژێت، بەڵکو لەناو و لەگەڵ مێژوودا دەژێت. واتە هەمیشە کۆ - دەنگێک دەوری لێ داوە. واتە لەناو مێژوو دەژێت مێژووش لەناو ئەودا نیشتەجێیە. ڕەگی منی دووەم ڕۆچۆتە ناوچە شێدارەکانی ئارەزوو، واتە ئیرۆس. لەگەڵ خاڤیە بۆرد یەکدەگرینەوە کاتێک لەمەڕ شیعری ئیلیتیس دەدوێ و دەڵێ: «لە جیهانی تەکنیکدا، لە هەققەتدا، ئیرۆس لەناو دەچێت و وشەیەک هەر تەنها یەک دەلالەی دەبێت، ئەویش ئاماژەیە بۆ شتێکی مادی بڕشت دەکات و بەس، توانای خەیاڵکردن نامێنێ کە شاعیر بێوچان هەوڵی بۆ دەدات، چونکە ئەم خەیاڵکردنە بەهەشتە و ڕووناکییەکی نا- مادییە، ئەوەی کە چۆک بەئەبسورد -پووچی- بێمانایی - دەدات(۷).

بەڵام ئەم ئیرۆسە پێویستی بەوە هەیە کە بەناو ڕووناکی لۆگۆسدا تێپەڕێ، لە بێژنگیدا، وزە و توانای خەڵقکردنی پێ ببەخشێ، ئیرۆسێکە ڕەگانی لەناوچە شێدارەکانی ئارەزوون بەڵام چڵوپۆپەکانی بەرەو هەتاو بەرز بوونەتەوە. ئیرۆس خانمی شیعرە، یا شەیتانی شیعرە کە لە شێوەکانی «عەبقر»ەوە دەهاتن و بەرۆکی شاعیری دووڕگەی عەرەبیان دەگرت، یا «موز

(۷) پێشەکی بۆ ئەکسیۆ ئێستی، خاڤیە بۆرد، گالیمار، ۱۹۸۷، ل۲۵.

– Muse)–ەکانی یۆنانی کۆن، کیژۆڵەکانی زیوس و مینومۆزینن کە پەیامی ئیحابەخشیان بۆ شاعیران و هونەرمەندان دەگوازتەوە؟

**٢- ئیرۆس دایکی شیعرە**

هەموو ئەو کارەکتەر و خەسڵەتانەی کە دەدرێنە پاڵ وەسف کردنی کردەی ئافراندن ئەمانەن: کەفوکوڵی، وروژان، ئاوسبوون، لەدایکبوون، ژان گرتن، نەحەوانەوە هتد هەرچەندە مەیراتی رۆمانسی بەدەر نییە لە دەولەمەندکردنی ئەم تێرمانە، بەڵام تەعبیرێکی ڕاستگۆ لە کردەی ئافراندن دەکەن. زمانیش لە زۆربەی هەرە زۆری زمانەکانی جیهان، نەک تەنها رەگەزی مێیە، بەڵکو ئەم جۆرەش وەسف دەکرێت: زمان دەریایە، ئۆقیانووسە، بێ بنە[٨]، کەواتە دەبێتە رەحم و شوێنی داڵدەدانی شاعیر.

شاعیر لەو قووڵاییە ئیش دەکات. لەنێو ئەو دنیا تاریک و گەرمەی کە تیشکی تیا حەشار دراوە. لە خۆڕاییش نییە کە شیعر بەخەون لێک دەدرێتەوە، خەون جگە لەو هێز و توانایەی کە لە دوو توێی خۆی حەشاری دەدات، مۆڵگەی زمانی یەکەمیشە، واتە مەنزڵی منی دووەمە.

تێگەیشتنی ئێمەش بۆ زمان گەلێ لق و پۆپی لێ جودا دەبێتەوە. جگە لەوەی کە بەچاوێکی زانستانە تەماشای بکەین، گرفتی سیاسی و نەتەوایەتیشی لێوە پەیدا دەبێت. زۆر جار بەچاوێکی زۆر زیاد لە پێویست

(٨) مەحوی دەسەڵات دەداتە دەست منی دووەم و دەڵێ:

هەر کەس طالیب بە دوڕڕی مەعریفەت کۆ کردنە
پڕ لە دوڕ دەریایەکی بێ مەهلەکەی خنکانە شەو

(دیوانی مەحوی، ١٩٨٤، کۆڕی زانیاری کورد، لا ٢٦٠.)

دەکرێ ئەم بەیتەی نالییش بەم جۆرە لێک بدرێتەوە کە بەئاشکرا باسی دوو جۆرە پەیوەندی خۆی دەکات: منی یەکەم و منی دووەم. نالی دەڵێ:

بەصورەت: جەلوەتیی، غەرقی عەلایق هەر وەکوو خەڵقیی
بەمەعنا: خەڵوەتیی، مەستی موناجات و موجەڕڕەد بێ!

(دیوانی نالی، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦، لا ٦٣١)



و هۆشیارییەوە سەیری شیعرمان کردووە. هەمیشە هەر ئێمە بەرەو ئەو چووینە و نەمانهێشتووە ئەو بێت و غەزوومان کات.

پەیوەندی خوێنەر لەگەڵ دەقی شیعرییدا، بەڕای من دەبێ بگەڕێتەوە بۆ دواوە، بگەڕێتەوە خاڵی یەکەم، ئەویش دەبێ وەکو شاعیر بکەوێتە ئارەزووبازییەوە لەگەڵ دەقی شیعری، خۆی تەسلیمی دەقی شیعر بکات. بەڵام تەسلیم بوونە بەبێ واتا کۆتایی دێت؟

لێرەدا، دەکرێ ئاماژە بۆ واتا بکەین. لەم ڕووەشەوە دوو ئاستی واتا دروست دەبن. واتای ڕووکەش، کە سەر ئاوی زمان دەکەوێت و هەموو کەسێک درکی پێ دەکات. وەکو چارۆگەی کەشتییەک وایە، بەچاوهەڵبڕین دەبینرێت و ئاستی دووەمیشیان کەوتۆتە ژێر ئاوەکەوە و پێویستی بەهەوڵ و کۆششی زیاترە.

بەشێکی زۆری شیعری کوردی لەسەر ئاستی دەریای زمان ئیشییان کردووە، واتە منی یەکەم هاتۆتە زمان و واتای ڕووکەش بەڕێوەی بردوون. منی یەکەم زاڵ بووە و داردەستی بەدەستەوە بووە و دەسەڵاتی دەقە بەڕێوەی بردووە. ڕاستە شیعر یەکجار لەدایک دەبێت، بەڵام چەند دەژیت؟ منی یەکەم دامودەزگا و ڕێکخراو منێکە تەنها بە بای ئێمرۆ دەجووڵێتەوە. ڕەنگبێ لە یەک واتاشی هەبێت و هەندێ جار سێبەری واتایەکی دیکە بە باڵایەوە بنووسێ، بەڵام دیسانەوە دروستکەری سێبەری واتاکەش دیسانەوە هەر لەژێر دەسەڵاتی منی یەکەمدا هاتۆتە دی. کاتێ باس لە کۆ – خوێندنەوە دەکرێ وەکو گەمەی ئاوێنە وایە کاتێ بەرامبەر یەکتر دادەنرێن، تا بێکۆتایی عەکسی یەکتر دەکەنەوە. یەکێ لە دەردە هەرە کوشندەکانی شیعریی کوردی، نەک هەمووی، بەڵکو بەشێکی زۆری، دەردی هۆشیارییە. تا گەمە ناماقووڵەکانیش هۆشیاریی هەوداکەی بەدەستەوەیە. چونکە لەم ئاستەدا ڕاهێنانی مێشک و ڕاهاتن لەسەری زۆر ئاسانترە و حەواوەترە، پەی بردنە هەوارەکانی خەیاڵ و گەمە کردن بەهەوداکانی ئیحا و سرووش و ناهۆشیاریی، گەمەیەکی سەختە. سەختە ئەو هاوسەنگییەی

که لەلایەک عەقڵ جەمسەرێکی بەدەستەوە بێت و لەلایەکی دیش نەست و جەمسەرەکەی دیکەی بەدەستەوە بێت.

بەڵام واتاکانی ژێرەوە، واتاکانی ژێر دەریایە کە مەبەستی هەوەڵ و ئاخیری هەموو دەقێکە. بەڵێ لە قوولاییشدا واتایەک هەیە. بەڵام چ واتایەکە؟ واتان ئێمە دروستمان کردووە، بەڵام زۆرجار سەر لە چۆنییەتی دروستبوونی دەرناکەین، «خود» خاوەن ئەو دەقەیە، بەڵام «منی» دووەم سەروەری کردووە. دەکرێ لێرە باس لە واتا -داینەمۆ بکەین، واتە وەکو موەلیدی وزە، هەمیشە واتاگەلی لێ جودا دەبێتەوە و دەیهێنێتە بەرهەم. بەکورتی دەکرێ بڵێین، شاعیر واتایەکی زیندوو دەداتە دەق، خوێنەر بەبەرهەمی دەهێنێتەوە. شاعیر لەسەر سنووریدا هەڵدەکات و بوار دەداتە خوێنەر پەی بە وەرزەکانی بکات. ئا لێرەوە ڕەشمەی دەق بەدەستی خوێنەرەوەیە، ئەویش هەندەی شاعیر لێپرسراوی ئەم موغامەرە و کەشفکردنەیە. لێرەش دەبێ هەمیشە سیفەتی کۆ بدرێتە ئەو واتایەی کە شاعیر دەیخولقێنێ. «من» شتێکی تایبەتی نالی، بەڵام ئاماژە بۆ شتگەلێکی تایبەتی دەکات. ناوی نوێ لە بەرجەستە و بوونەوەر و ماددەکان دەنێت. وەکو ئەوەی دنیا هەمیشە لە کاتی لەدایکبووندا بێت.

لە خۆڕایی نییە لە «عەرد شینە وەکو پرتەقاڵ»ەکەی ئیلیوار ڕادەمێنین؛ ڕستەیەک هەڵگری وەزەیە. یا بۆ نموونە زۆرجار لە دەقێکدا هەست بەبوونی ڕەنگ دەکەین، بەبێ ئەوەی لە هیچ شوێنێک ئاماژەی بۆ کرابێت، هەست بە مۆسیقا دەکەین، بەبێ ئەوەی پەیڕەوی کێشی برگیی کرابێت، بەڵکو هەندێ جار هەست بە سەرواش دەکەین، بەبێ ئەوەی سەروا لە گۆڕێ بێت، یا هەست بە جوولانەوە و بزووتنەوە دەکەین بەبێ ئەوەی دەقەکە باسی کردبێت. شیعر ڕەنگبێ جۆرە بزووتنەوەیەک بێت! هەر ئەمەیە کە باسی ئەلشیمی دەق دەکرێت. وەکو ئەوەی دوو مادە - موفرەدە بڕژێنە یەکەوە مادەی سێیەم دروست بێت، کە لە یەکدانی دوو وێنەی شیعریی، وێنەیەکی تر غەزوومان بکات.



شیعرییەتی دەق، پەیوەندی بەو ژێرخانەیەوە هەیە و لەو ئاستە قووڵە ئیش دەکات. ڕەنگبێ چاکترین دەقی شیعریی ئەوە بێت کە دوای خوێندنەوەی یەکەم تەنها هەر تووشی حەپەسان بین و لە هیچ تێنەگەین. ڕەنگیشە تێنەگەیشتن، ئامانجی سەرەکی هەموو دەقێکی شیعری کۆک بێت. بەڵام مەبەست لە تێگەیشتنێک نییە لەنێو تەمومژدا بئاڵۆزکێ، بەڵکو تێنەگەیشتنێکە هەنگاوی بەپێیت بەرەو ئاقارەکانی مەجهوول و نەناسراو هەڵدەماڵێ. ئەوکات یارمەتیمان دەدات پەی بەرینە ئەو پانتاییە فراوانانەی کە دنیای نەزانین و نادیاریی پێ دەڵێین. شیعر لە ئاماژەیەکەوە دەست پێ دەکات و بەرەو نادیارییەکان ڕۆ دەچێت. ئایا شیعر تەنها بۆ ئەوە نییە هەنگاوەکانمان بەرەو هەوارە نادیارییەکان هەڵماڵێ؟

با بهێڵین دەق غەزوومان کات، بێگومان شتێکمان تیا جێ دەهێڵێ کە قابیل بەهەراش بوونە!

## بەشی سێیەم

### شیعر لە دوا پێناسە تەنها هەر بنەمایە

#### ١- ڕێبازی ئیشکردن یا میتۆدی لێکۆڵینەوە

بۆ ئەوەی میتۆدی ئیشکردنمان ڕوون کەینەوە، پێویستمان بەڕاڤەکردنی چەند خاڵێکە کە دەبنە پێکهاتەی هەر بنەمایەک:

أ- سەرەتا و کۆتایی هەر قەسیدەیەک.

ب- وێنەی سادە/ وێنە تۆکمە.

ج- پەیوەندی ڕووکەشی نێوان وێنەکان/ پەیوەندی ناوەکی نێوانیان.

د- پەیوەندی لۆژیکی و مەنتیقی نێو توخمەکان/ پەیوەندی نا مەنتیقی نێو توخمەکان: پەیوەندی شیعریی؛

هـ- بابەت و پەیوەندی لەگەڵ ناونیشانی دەقدا.

هەڵبەتە هەموو دەقێک بنەمای هەیە. هەموو بنەمایەک لە توخمی هەرە بچووکەوە بۆ توخمی لە خۆی گەورەتر دروست بووە. ئێمە لێرە وێنەی شیعریی بەبچووکترین توخم دادەنێین، ئەمەش وەنەبێ لە وێنەی شیعرییش بچووکتر نەبێ، بەڵام لەم لێکۆڵینەوە لە سنووری وێنە دەوەستین. چونکە دەنگی فۆنێمێکیش دەکرێ لە پێکهاتەکانی بنەما دابنرێت.

بۆ ئەوەی بنەمای شیعرێک شاقووڵی بێ، دەبێ ئەم پێکهاتەیە لە چەند توخمێک دروست بووبێتن. ئەم توخمانەش دەبێ لە دەقێک زیاتر دەرکەون و بەشێوەیەکی سیستەماتیزە دووبارە بووبنەوە بۆ ئەوەی بکرێ لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەریان بکرێت. هەروەکو کۆهن دەڵێ: چۆن دەبێ زانستی شیعرییەت هەبێت، ئەمە لە حاڵەتێکدا ئێمە شیعر و زانست لە دوو جەمسەری دژ بەیەک دادەنێین! بەڵام لە هەمان کاتیشدا مومکینە خەملاندنی کەرەسە و ئاداتێک بۆ ئەوەی لە شیعر بکۆڵیتەوە.



ئەم میتۆدەی ئێمە دەکرێ بەسەر هەموو دەقێکی شیعریی دیکە بسەپێنرێت. واتە هەموو خوێنەرێک، دەتوانێ هەمان میتۆد بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی بەسەر هەر دەقێکی دیکەدا بیسەپێنێ. چونکە ئەم توخمانە دووبارە بووانە دەبنە جێی سەرنج و دەکرێ تێبینی بکرێن و بپشکێنرێن و ببنە بابەتێک و زانستیانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

بنەمای شاقووڵی، شاقووڵییە لە دروستبوون، شاقووڵییە لە پێکهاتە و توخمگەلێکیش بەشداریی تیا دەکەن، وەکو «ڕۆژێ»، «شەوێ»، «جارێکیان» یا هەر توخمێکی دیکە کە ئاماژە بۆ چمکێکی زەمەنی بکات و ئاماژە بە زەمەنی فیزیکی بکات. نەک تەنها ئەمە و بەس بەڵکو ئەم چمکە زەمەنییە لە بوارێکی کرۆنۆلۆژی مەنتیقی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، یا ئاوێتەی دەق بووە، یا بەکارهێنراوە. واتە بە چمکێکی زەمەنییەوە دەست پێ دەکات و لەسەر هێڵێکی زەمەنی گەشە دەکات و توخمی زمانەوانی وەکو ئامرازی پەیوەندی مەنتیقی، ئامرازی هۆ و هۆکار، ئامرازی پرسیار و وەڵامدانەوە، واتە گشت ئەو ئامرازانەی لە هۆ و ئەنجامی -العلة و المعلول- مەنتیقی پێکدێن، بەشداربوونە لە بنەمای دەقەکە. هەروەها سەرەتا و کۆتایی لە پەیوەندییەکی مەنتیقی دان، یا ئەوەتا بەئاسانی دەکرێ ئەو هەودایەی کە ئەم دوو جەمسەرە پێکەوە گرێ دەدات، بدۆزرێتەوە. هەڵبەتە هەموو دەقێکی شیعریی بابەتیانە دەبێ سەرەتایەکی هەبێ و دەشبێ کۆتاییەکیش کۆتایی بەدەق بهێنێ، واتە مادییانە دەق کۆتایی پێ دێت، بەڵام لە بزووتنەوە ناوەکییەکانی دەق لە گەشەکردن ناوەستێت، هەر ئەمەش وا دەکات دەقێک کۆسپی زەمەنی تەی کات. شیعر کۆتایی دێت بەڵام بزووتنەوە و ئینتیباعەکان کۆتاییان نایەت.

### ٢- شیكردنەوەی دەق

لە شیعرێكی گۆراندا كە لەژێر ناونیشانی «شەهید» كە بەیادی شەشی ئەیلوول، شەڕی بەردەركی سەراوە نووسراوە، دیسانەوە دەكرێ بەشیعرێكی بنەما شاقووڵی لێك بدرێتەوە. ئەمەش دەقەكەیە:

**شەهید**[(١)]

هەزار و نۆ صەد و سی بوو، ئەیلوول كە ڕۆژ هەڵهات:
غەریوی ویستنی حەق كەوتە ناو شاری سلێمانی؛
(هەڵۆ بەگ) ئەو جوانەی پڕ دڵی بوو بۆ وەطەن ئاوات،
لە پێش جەمعێكەوە تا بەسەرا ڕووی هەڵمەتی هانی.

لەگەڵ یارانی ئەیوت: «ئەی حوكوومەت! تا نەكەی تەثبیت
حقووقی كوردەواری، نایەوێ كورد ئینتیخابات؛
ئەوانەی بانگ كراون و تۆ بەقووەت دەوریان ئەگریت:
دەنی و قازانج پەرستن، هیچ نەبێ پێ یان موبالات!

ئەوانە كەی لە میللەت بوون هەتا تەمثیلی ڕەئیی كەن؟
حوكوومەت! ئێمە كوردین، وا ئەڵێین: «نامانەوێ نوواب
كە داوێنی غەرەز بگرن بە هەردوو دەست، وەطەن بەردەن!
نەكەی، مەشرووع نییە... دەركە لەسەر سەودایی ئینتیخاب!...»

ئەمە جوملە قسەی و ئامالی یارانی هەڵۆ بەگ بوو،
نە نامەشرووعی تیا بوو، نە تەجاوز بوو لە ئەمنییەت...

(١) دیوانی گۆران، بەرگی یەكەم، كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٨٠، لا ٢٦٥-٢٦٧.



كەچی عەسكەر بە مەترالیێوزەوە بۆ قەتڵی عام دەرچوو؛
درایە بەر شەقەی شەستیر رجا و ئامالی میللییەت!

شەقەی شەستیر و قرچەی دەستڕێز و هەڵمەتی سونگی
بەخوێنی وردی بێ تاوان شەپۆلی خستە سەر جادە:
نەما جوانێ كە سونگی نەیسیمبێ صەد كەڕەت سنگی،
نەما پیرێ لە ڕێزی گوللە بووبێ قەلبی ئازادە!...

هەڵۆ بەگ گوللەیی ئەووەڵ لە ڕانی دا، دووەم دەستی:
كە خۆی و قەومەكەی وا دی، بەچەشنی شێر نركانی،
پەلاماری كە دا بۆ ظابطێ: یەك زللە خپ خستی...
دەمانچەی سەنگ لە دەستی و ئاگری دا تاوەكوو توانی...

بەلام فیشەك نەما، هەر ظابط و یەك دوو نەفەر كەوتن...
لە پاشا عەسكەریش دەستڕێژی لێ كرد و بەلادا هات؛
لەسەر دەریایی خوێن بوو كەشتی یی عومری بەرەو مردن
ئەچوو، ئەیوت: خوا حافیظ، ئەوا ئەمرم وەطەن! هەیهات!

لە باوەشتا پشووی عومرم نەدی تاوێ بەسەربەستی،
هەتا مردن زرەی زنجیری دیلی لە گەردنما،
ژیانم عار و ذیللەت بوو پێلاوی دوشمنما،
بەخوێن بێ و، گڵ هەڵی لووشێ، كەوابێ، هەیكەلی هەستی!...

خواكەی بولبولی باغی سەرا!... هەرچەندە پایزە،
بەخوێنی خۆم گوڵت بۆ ئاو ئەدەم، سا بلاوێنە!
لەگەڵ! ئەو جوانە پاكانەی لە دەورم مەیتیان ڕیزە
لە خوێنا وێنە شێواوین، بەدایكمان بناسێنە!...

بلێ بەو بووکی تازەی یەک شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم،
نەلێ خۆی بۆ وەطەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا نەژیا...
وەظیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم:
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە داوێنی چیا و کەژیا!...

ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت هەتیوێ، پێی بڵێ: ڕۆڵە
لە من فرمێسکی ویست باوکت، لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە!...

هەڵەبجە، ئەیلوولی، ١٩٢٣

**شیکردنەوەی دەق:**

سەرەتا: ساڵ: ١٩٣٠، مانگی ئەیلوول، لە کاتی ڕۆژهەڵاتن – توخمێکی کرۆنۆلۆژی –

شوێن: شاری سلێمانی

هۆکار: ویستنی حەق

قارەمان: هەڵۆبەگ

نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەحوکوومەت، بەبۆنەی نمایەندە و هەڵبژاردنەوە.

(شاعیر لایەنگیری هەڵۆبەگە)

کەچی !! قەتڵی عام دەرچوو

هەڵۆبەگ پیکا

بەڵام دەست دەکاتەوە و ئەفەسەرێک و یەک دوو نەفەری دیکە دەکوژێت

پاشان سەرباز دەستڕێژی دەکات و هەڵوبەگ دەمرێ

پاشان، غینائییەتێک دەربارەی خۆشەویستی نیشتمان

وەزیفەی هەڵۆبەگ ئەوەبوو کە لە پێناوی وڵات سەر بنێتەوە



کۆتایی: ساغکردنەوەی فیکرەی شیعرەکە، بە وانەیەکی ئەخلاقی کۆتایی بە دەقەکە دەهێنێ. فیکرەی شیعرەکە وەکو حیکمەتێکی هەتاهەتیی، ڕەنگی قسەی نەستەق دەکاتە بەر و لە دەوری: «فرمێسک لەلایەن دایکەوە و تۆڵەش لە لایەن ڕۆڵەوە» چەق دەبەستێت. ئەم فیکرەیە دەبێتە کرۆکی گەلێ بابەت و دواجار شیعری کوردی خۆی پێوە خەریک دەکات.

کاتێک لەم دەقە ورد دەبینەوە و هەموو توخم و پێکهاتەکانی هەڵدەوەشێنینەوە، خێرا لە بابەتەکە دەگەین و دەشزانین ئامانجی ئەم دەقە چییە و چییە ئەو هۆکارەی کە لە پێناویدا ئەم دەقە نووسراوە؛ ئەویش چمکی «شەهیدبوونە». هەروەها ئەو فیکرەیەی کە دەبێتە پاڵدەر و پاڵپشتی ئەم دەقە و وەکو باگراوندێکی ڕۆشنفیکری دەقەکە، ئەویش دەیەوێ پێمان بڵێ: «مردن لە پێناوی وڵات شەهیدبوونە». کاتێکیش توخمەکان پێکەوە گرێ دەدەین و بەزنجیرەی وێنە و ڕووداوەکانا دێینەخوارێ، دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە ئەم دەقە سەر بە«بنەما شاقوولی»یە. چونکە لە لایەک سەرەتا و کۆتایی بەشێوەیەکی شانۆیی واقیعی دامەزراوە، لەلایەکی دی بنەما درامییەکان: شوێن، کات، پاڵەوان، هۆکار، میللەت، دژەپاڵەوان، ڕووداو و کۆتایی، هەموو لە پیکهاتە شاقوولییەکەی ئەم دەقە بەشدارن و ئەم توخمانە پێکهاتەی ڕۆمان و شانۆن، واتە توخمن بۆ گێڕانەوە.

پێش ئەوەی ئەم دەقە شیعر بێت، بابەتێکە دەکرێ بکرێتە درامایەکی یەک پەردەیی هەر لە شێوەی «گوڵی خوێناوی» لەسەر دابڕێژرێت. بەڵام شاعیر هاتووە بە وەزن و قافییە هۆنیوێتییەوە و کردۆێتی بەشیعر. دوای خوێندنەوە یەکسەر هەموو دەلالەتەکان تەسلیم دەبن، ئەم دەقە کۆ- خوێندنەوە ڕەت دەکاتەوە. تاکو لە وێنە شیعریی و میتافۆر -خوازە- و دروستکردنی حالەتی حەپەسان و بیەوێ بوارێک بۆ لامومکین بکاتەوە، وجوودی نییە. ئەم دەقەی گۆران پێش قۆناغی ڕیالیزمی ئیشتراکی

نووسیوێتی، بەڵام شیعرێکی واقیعییە، بەڵکو بابەتێکی ڕۆژنامەگەرییە و هۆنراوەتەوە. ئەمە لە حاڵەتێکدا لە شیعری «بۆ جوانی سەرەڕێ» باس لە هەستێکی ناسکی عاشقانە دەکات. هەستکردن بەجوانی ژنێ، دەکرێ لەم سەردەمە ڕووی بدات، وەکو دەکرێ پێش چەند سەدەیەکیش لەمەو پێشیش ڕووی دابێ:

### بۆ جوانی سەرەڕێ[٢]

بۆ یەک شەو لای دایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم،
بەیانی، ڕۆژهەڵات، سوار ئەبم جێی دێڵم...

وەک ساوای یەک شەوە، کە دێ پاش نەمانی
چۆڵ ئەبێ بەیەکجار لە ناوونیشانی،

ئەم دێیە جێ دێڵم: بێ نیشان، بێ شوێن پێ،
ئەی پەری! سڵ مەکە، لامەدە بۆ لا ڕێ!

ئەی نیگا نیو کەچەی ئەو چاوە مەستانە!
شۆڕ مەکە بۆ بەرپێ، بەرز و گەش بڕوانە!

پەنجەی ناز بەربدە لە چمکی مشکیی شەرم،
دەردەکەوێ لێوی ئاڵ، زوڵفی خاو، کوڵمی نەرم،

سڵ مەکە لە مەیلی بە گەرمی ڕوانینم،
پێاوێکم جوانییە قیبلەگای ئایینم؛

سەرنجێک من ئەیدەم لەو بەژن و باڵایە،
لە سینەی پاکەوە بۆ جوانیی تەنیایە،

ئەمەوێ کە دەرچووم لەم دێیە بەیانی،
خاتیرەم هەڵگرێ جوانترین نیشانی!

چونکی ئاخ! ئەگەرچی ئێوە من ئەمرێنن،
بەڵام تۆ، خۆت و دێت لای من هەر ئەمەێنن؛

تۆیش لەگەڵ هەر جوانێک ئەبینم تا ئەمرم،
ئەبیتە مرواری بۆ ملوێنکەی شیعرم!...

(٢) دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٠، ل ٢٦-٢٧.



جوانیی وەکو چەقی ئەم شیعرە، دەبێتە «پنتی باڵا» و لە دەوری ئەم چەقەش گشت توخمەکانی دی کۆ دەبنەوە و بەشدار دەبن لە بەرجەستەپێدانی ئەم هەستە ناوەکییە. واتە توخمێک نەهاتووە ببێتە تەواوکەری مەنتیقی توخمێکی دیکە، بەڵکو وەکو توێژ هاتۆتە سەری و هەندەی دیکە بەپێزی کردووە؛ هەمووشیان لە دەوری خاڵێک کۆبوونەتەوە. لێرە زەمەن وەکو چمکێکی دەرەکی دەسڕێتەوە و جێگا بۆ زەمەنێکی تایبەت و ئەبەدی خۆش دەکات. ئەویش چڕ بوونەوەی گشت ئەو کەفوکوڵانەیە کە لە دەوری ئەم هەست بەجوانی کردنە کۆبوونەتەوە. هیچمان بۆ ناگێڕێتەوە، جۆرە پزیسکێکە دێت و ئاوا دەبێ، چەشنی برووسکە بە بەر دەممانا تێ دەپەڕێ. ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین کە سەرەتا «شەوێکە لە لادێیەک» بەلام ئاسان نییە کۆتایی ئەم شیعرە دیاریی بکرێت، چونکە ئەم دیمەنە لە زاکیرەی شاعیر جێگیر دەبێ و بەبینینی هەر جوانییەکی دیکە زیندوو دەبێتەوە و جاریکی دیکە دەبووژێتەوە.

ئەگەر بێت و بەهێڵکاری ئەم شیعرە هەڵوەشێنینەوە، ئەوە لە ناوەندی بازنەکە لەجیاتی «پنتی باڵا» «جوانیی» دابنێین، چین گشت ئەو توخمانەی

کە وەکـو پزیسک لەم چەقـەوە پەرت و بڵاو دەبنەوە بۆ ئەوەی دەلالات و واتاکان بەرهەم بهێنن؟

١- جیهێشتن و دوورکەوتنەوە لە جوانیی؛

٢- چرکە ساتێکە و دەسرێتەوە؛

٣- جۆرە دژایەتییەک لە نێوان خولیا و دەسبەرداری دروست دەبێ؛

٤- گەڕانەوە بۆ پیاهەڵدانی جوانیی؛

٥- پێ داگرتن لە جێهێشتن و سەفەر کردن؛

٦- جوانیی وەکو توخمێک لەگەڵ شاعیر دایە؛

٧- زیندوو بوونەوەی بوونەوەری جوانیی و شوێن (لادێ)؛

٨- ئاوێزانی جوانیی و شیعر کە بەها بەیەکتر دەبەخشن.

دەبینین، «جـوانیی» وەکـو «پنتی باڵا» کـە لە دەقی بازنـەیی شـوێنێکی تەوەری داگیـر دەکـات و وەکـو چەق توخـمـەکـانی دیکە لـە دەوری چەق دەبەستن و هەستـەکان خاو دەکاتەوە و ئـارەزووی پەنگخواردووەکان بەرەڵا دەبێت.

ئەم هەشت توخمـەش دەکرێ، ببنە بەخشـینی دەلالاتی دیکە، هەروەکـو پـارت بـە (signifiance) نـاوی دەنـێ؛ واتـە دەلالـەت دەلالـەتـی دیـکـە دەهێنێتـەوە بەرهەم و وەک بازنەیەکی لێ دێت. چۆن دەکرێ ئەم توخمـانە لەسەر هێڵێکی رووکەشی درامی دابنێن، واتە سـەرەتا و ناوەند (گرێ) و کۆتایی بۆ دیاری بکرێ. مومکین نییە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم شـیـعـر لە نێـو بگرە و بەردە و توند و تیـژیی ناوەکی خـۆی بەدەر بێت! هەرچەندە دراما تێـرمـێکی لە بواری شـانۆوە پێـمـان دەگـات و بەمـانای «حدث» یا رووداو دێت، بەڵام دەبێ لە درامای شیعریی جیای کەینەوە.

زۆرجـار شـیـعـری درێژ و نەمـەتێکی گـێـڕانەوەی بەسـەرا زاڵ بووە، لە ئەدەبیـاتـی کـوردی بەشـیـعـری درامی ناونـراوە. «رووداو» یا «حـدث» لە شیعردا، دەکرێ لە نێوان دوو موفەرەدە روو بدات!

شیعری خاوەن بنەمای شاقوولی، وێنەی سادە جێی وێنەی پتەو و تۆکمە



دەگرێتەوە. وێنەن لە ئاستێکی رووکەشدا، ئیشی لەسەر کراوە، ئەگەر لە پەیوەندی بەراوردکـردن بێت، ئەوە دوو توخـمـی ئاسـایین، یا ئەوەتە لە رووبەرێکی زۆر کەم مەودادا خەملێندراوە.

دەبینین لە شیعری «**مقەست**»ی شێرکۆ بێکەس[٣]:

لە ناو شارەکەی «مەم»ی بۆتاندا
لە چەقی رێگەی دێرێکدا... رۆژێ
وشەیەک کەوت و
نەیتوانی بفڕێ!
وەختێ مقەستێ هات و دەنووکی
مەلی حەرفێکی دەنگ خۆشی ئەوی
لە بندا قرتان!
رۆژهات و رۆیی و هەر هەمان مقەست
لە ژێر هەرەسی کتێبدا تاسا
چونکە دەمێ بوو
لافاوی رقی
هەزاران وشەی
لە خۆی هەڵئەسان!

لەم دەقە شیعرییە سەرەتایەک دەبینین، ئەویش «شارەکەی مەم»ە دەست پێ دەکات. بەتوخمێکی زەمەنی ئەویش «رۆژێ» پێ دەرگای باسەکەمان بۆ یەکئالا دەکاتەوە و تێبینی حاڵەتی «وشەیەک»مان بۆ دەکات کە توانای فـڕینی نەبێ. دیسـانەوە توخـمـێکی دیکەی زەمەن کـە ئەم «کـورتە باسـە» دەخاتە رێڕەوی زەمەنێکی مەنتیقییەوە: «رۆژ هات و رۆیی» و شاعیر لە هۆکاری ئەم حاڵەتە دەگەڕێ و بۆمانی دەستنیشان دەکا ئەویش بەئاداتی لێکدانەوە «چونکە» هتد. ئەم شیعرە تەعبیر لە فیکرەیەک دەکات زیاتر

(٣) بەپێی رێنووسی شاعیر خۆی، دەقەکان دەنووسینەوە.

تەعبیر بێت لە وێنەیەک میتافورەکان ناتوانن فریای ئەم دەقە بکەون و لە دادی گێڕانەوە ڕزگاری کەن. بۆ نموونە «وشەیەک کەوت و نەیتوانی بفڕێ» وێنەیەکی شیعریی ناسکە، بەڵام ئاخنراوەتە سیاقێکی ناشیعرییەوە و بەڵکو لەمەش زیاتر، توخمی گێڕانەوە بەسەر شیعرییەتی ئەم دەقە زاڵە. لێرە بنەمای شاقوولی بەم جۆرە خۆی دەردەخات.

مقەست کە ناونیشانی شیعرەکەیە، لە هەمان کاتیشدا بابەتی شیعرەکەیە و فیکرەی شیعرەکەشی لە ئەستۆ دایە. مقەست = ڕەقابە = سانسۆر = کۆنترۆل. لێرە تەونی دەلالات کۆتایی دێ. ئەو کۆ - خوێندنەوەی کە شیعر فەرزی دەکات، لێرە تووشی بنبەست دێ. بەکورتی ئەم شیعرە تەعبیر لە غەزەبی جەماوەر بەرامبەر سیخوڕێ دەکات و سەرکەوتنی حەتمیش بۆ جەماوەر دووپات دەکاتەوە. لێرە نکوڵی ناکرێ لەم فیکرەیە، بەڵام کاتێ بەشیعر دەردەبڕێ، ئەوکات مەودا و فەزای شیعری و خەیال تەسک دەکاتەوە. شیعریش هەروەکو دەزانین بەکورتی و درێژی نییە، بەڵکو بە چڕیی و پڕیی و کۆکردنەوە و داڕشتنە. گرینگیش نییە باسی چی دەکەین، بەڵکو چۆن باس لە شتێکەوە دەکەین. یابانییەکان، بەتایبەتی لە شیعری هایکۆ گەلێ سەرکەوتووانە شیعری کورت و چڕ و پڕیان وتووە. هەر بۆ نموونە ئەم نموونەیەی خوارەوە دەهێنینەوە کە هی شاعیری زەنی ناودار زایۆکانە کە لە سەدەی نۆزدەهەم ژیاوە کە دەڵێ:

بەرەو کۆتایی مانگی چرۆکردن کە هێشتا بەفریش دەبارێ:

لەنێو فراوانی
ئاسمانی بەفرانبار
قازی کێوی دەفڕن
باڵەکانیان زۆر سپی
بێگومان لە نێو بەفرا(٤)

(٤) ئاوەنگی لۆتس، ڕیۆکان و تایشین، گالیمار، ٢٠٠٢، پاریس، ل.٣١.



وێنەگرتنی ئەم ساتەوختە زۆر تایبەتە، لەیەکدانی چەند بزووتنەوە و جوولانەوەیەکن، زۆر بەکپی و هێمنی بە بەردەمانا تێدەپەڕن و ڕووناکییەکمان تیا جێ دەهێڵن کە مەبەستی هەموو هایکویەکە. لێرە وشەی «سپی» تەنها هەر یەک جار تێکهەڵکێشی شیعرەکە بووە، بەڵام سەرتاپای ئەم دەقە ئاماژە بۆ سپی دەکات، سپی ڕۆ دەچێتە ناخمان.

لە نێو فراوانی
ئاسمانی بەرانبار = سپی
قازی کێوی دەفڕن = سپی
باڵەکانیان زۆر سپی= سپی
بێگومان لە نێو بەرا = سپی

شاعیر جوولەیەک لە سپی دەکێشێ؛ چ بزووتنەوەیەکی بازنەییە کە دەشبێتە بنەمای شیعرەکە!

کاتێکیش دەگەڕێینەوە شیعری «نوشتانەوە»ی شێرکۆ بێکەس، هەست بەجۆرە بزووتنەوە و دینامیزمێک دەکەین کە بەخشراوەتە ئەم شیعر و لە گێڕانەوە ڕزگاری بووە؛ هەرچەندە زنجیرە ڕووداوێک پێکەوە گرێدراون!

هەرچەندە ڕووداو توخمێکی گێڕانەوەیە، بەڵام بوونی لە شیعردا زۆر گرینگە، بەڵام چۆن ئەو ڕووداوە داڕێژراوە، چۆن ئاوێتە کراوە و لە چ توخمێکی وێنەیەی دروست بوونە، هێزی حەپەسان و نا مومکین چۆن جێی بۆتەوە. هەر وەکو لە سەرەتاش ئامازەمان بۆی کرد دەکرێ دراما لە دەقێکی شیعرییدا لەنێو دوو موفەرەدە ڕوو بدات بەبێ ئەوەی ڕووداو شێکلی دەرەکی وەربگرێت. ڕووداوی شیعری مەرج نییە بکەر و پاڵەوانێک بێت، دەکرێ دوو فۆنێم زەنگبدنەوە و ببنە ڕووداوێکی شیعریی. دەشکرێ شیعرەکە کورت بێت.

لە پاڵ ڕووداویش، چمکی زەمەنی دەکرێ لە دەقێکی شیعریی بەکار بێت، وەکو «جارێکیان»، «ڕۆژێکیان»، هتد بەڵام دەبێ لە سیاقی

گێڕانەوە قوتارکرابێتن، مەرجیش نییە بەم توخمانە ئاماژەکردن بۆ زەمەن مەیسەر بێت. ڕەنگبێ گەڵای درەختێک تەمەنێکمان بۆ ڕوون کاتەوە، سەرەتای وەرزێک بێت یا کۆتایی چاخێک! کاتێ دەڵێن شیعر کیمیایە، واتە پەی دەبەینە دنیای ئاوێتە و ئاوێزان و سیحر و ئەفسوونەوە! واتە جۆرە ئاوێتەبوونێکی سیحرئامێز دەبێ یەخەمان بگرێ و هەمیشە وشە سێبەر بەسەر وشەی دیکەوە جێ بهێلێ، هەمیشە تیشک بەدامێنی وشەی دیکەوە داچۆڕێ.

### نوشتانەوە

گوڵاڵەیەک
بۆ توترکێ نوشتایەوە
دەستی ماچ کرد!
کە لێبۆوە و... هەستایەوە
ڕەنگی سووری ڕژابووە بەر:
پێی توترک و
هەتا مردن
بەداخی ڕەنگی زەردەوە
تلایەوە!

لێرە شێرکۆ بێکەس زمانێکی چڕی بەکارهێناوە، هەرچەند سێبەرێکی ڕۆمانسیی کەمێک زیزمان دەکات، بەڵام بنەمایەکی بازنەیی هەیە.

لەم شیعرە کورتەدا، ڕووداو بەمانا فراوانەکەی ترنجاوەتە نێو ئەم وێنە شیعرەکان، سەرەڕای ئەوەی گەمە کردن بەڕەنگی سوور و ڕەنگی زەرد یەکەمیان هی گوڵاڵە سوورەیە و دووەمیشیان ڕەنگی داخ و جەخارە، فیکرەی شیعرەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و سەرتاپای شیعری کلاسیکی و فۆلکلۆری کوردی بە«ڕەنگی زەرد» تەعبیر لە سیس بوونەوە و ژاکانی عاشقانیان کردۆتەوە. ئەم تەعبیرە بووەتە «تۆپێک» واتە هێزی ڕەمزییەتی



لەدەست داوە و بووەتە تێرمێکی جێگیر. هەروەکو «کۆی یار»ی شاعیرانی کلاسیکی، یا سەمبولی «زولف و مار» کە شیعری کلاسیکی بەتێر و تەسەلی بەکاری هێناوە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەم تێرم و ڕەمزانە ئیتر دەبێ لە ئەرشیفی شیعری دابنرێن، نەخێر دەکرێ بەکار بهێنرێنەوە بەڵام چۆن؟؟ لەلایەکی دیکەشەوە جۆرە تێکهەڵکێشییەک ئەم شیعرەی دروست کردووە کە بەرەو ناوەوەی خۆی دەبزوێ. هەرچەندە لە توانایدا هەیە کۆ-دەلالات لە دەوری خۆ کۆ بکاتەوە، لە بنەمایەکی بازنەییدا پێکهاتەکانی لە پەیوەندی دان. ئەوەی ئەم شیعرە ڕزگار دەکات، تەنها ئەو ڕژانە نێو ئەوەی ترەیە.

لە شیعری «سەر»دا سێ پەیوەندی دروست دەکات؛ ئەم سێ پەیوەندییە زۆر مەنتیقی لە ڕێگای وێنەوە دروست بوونە:

١- لە پەنجەرەی ژوورێکەوە
کچێکی جوان...
٢- لە پەرژینی باخێکەوە
باوەشێ گوڵ...
٣- لە گیرفانی منیشەوە
قەڵەمەکەم
(سەریان هێنایە دەرێ)
١- کچەکە بۆ
دڵخوازەکەی
٢- گوڵەکان بۆ
منداڵەکان
٣- قەڵەمەکیشم بۆ شیعرێ
تا پێکەوە
وێنەی هەر هەموویان بگرێ!

سەرەڕای ئەوەی بەرامبەر هەر وێنەیەک کردەیەک یا ڕووداوێک هەیە و لە کۆتاییشدا قەڵەمەکە وێنەی هەر هەموویان دەگرێ، بەڵام ئەم زنجیرە ڕووداوانە، یا ئەم زنجیرە وێنانە، بەشێوەیەک دامەزراون کە بەسەرەتایەک دەست پێ دەکەن و قەڵەمیش، مەبەست لە گرتنی وێنەکانە کۆتایی بەم شیعرە دەهێنێ، دەبنە دوو جەمسەرە داخراوەکەی ئەم دەقە. هەروەها لە نێوان «پەنجەرە» و «کچی جوان»، یا لە نێوان «پەرژینی باخ» و «باوەشێ گوڵ»، یا لە نێوان «گیرفان» و «قەڵەم» هیچ جۆرە پەیوەندییەکی نائاسایی دروست نەبووە، واتە شاعیر نەهاتووە بەوێنەی سادە، پەیوەندی ئاڵۆزمان بۆ دروست کات، بەڵکو بەوێنەی سادە پەیوەندی سادەی دروست کردووە، هەر ئەمەش زمانی پەخشان و بنەمای شاقووڵی داوەتە ئەم شیعرە. واتە نە دەتوانێ حەپەسان دروست بکات، نە دەشتوانێ ئۆخژنێکی شیعریمان پێ ببەخشێ.

لە ئاستی کێشیش، لە نێوان دێری هەشت بڕگەیی و چوار بڕگەیی داڕێژراوە. ئەم کێشە سووکە، هەندەی تر لە خزمەتی زمانی پەخشان تەواو بووە.

لەم شیعرە فیکرەی «داهێنان» یا «شیعر نووسین» کرۆکی بابەتی شیعرەکەیە. جۆرە هاوتەریبییەک لە ئارادایە؛ ئەم هاوتەریبییە، جۆرە ڕۆحێکی ستوونی داوەتە دەقەکە. شیعری ستوونی، واتە «عەموودی» تەنها لە شیکلدا ستوونی نییە، بەڵکو لە بۆچوون و واتاکانیشدا ستوونییە. ستوونییە لە زیهندا، ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی زەقتر لە مۆسیقا و هونەری تەشکیلیدا بەرچاوترە. واتە ئەو پێرسپێکتیڤەی کە سەردەمی ڕاپەڕین دەیهێنێتە کایەوە، تەنها هەر چمکێکی تەشکیلی نەبوو، بەڵکو بیناسازی و ئەدەبی و لە کۆتاییدا نەمەتێک بو لە بیرکردنەوە. گشت ئەم چمکانە، دواتر کەوتنە ژێر پرسیارەوە، شەشپاڵووییەکان، بەتەواوی مەنزووریان تێکشاند و مۆسیقای جازیش، ئەو هاوتەریبییە خلیچەیان سەر لە نوێ دروستکردنەوە.



هاوتەریبی لە ئاستی وێنە:
پەنجەرە = کچی جوان ------> بۆ دڵخواز
پەرژینی باخ = باوەشێ گوڵ ----> بۆ منداڵان
گیرفانی کراس = قەڵەم ------> بۆ شیعرێ
هاوتەریبی لە ئاستی کێش:
لە پەنجەرەی ژوورێکەوە = هەشت بڕگە
کچێکی جوان ... = چوار
لە پەرژینی باخێکەوە = هەشت
باوەشێ گوڵ... = چوار
لە گیرفانی منیشەوە = هەشت
قەڵەمەکەم = چوار

هاوتەریبی لە ئاستی دیدە یا جیهانبینی:
شیعر وەکو هەستێکی مرۆڤانە خەون بە دونیایەکی هارمۆنی و یەکگرتوو و بێ خەم و خەفەتەوە دەبینێ، کچ بگاتە دڵخوازەکەی و باوەشە گوڵیش بدرێتە منداڵان و شیعریش لە سەرووی هەموویانەوە فڕە فڕ کات!

ئەم هاوتەریبییە کە خوێنەر بێزار دەکات، وەکو جۆلانەیەکە و لەسەر ڕیتمێکی خاو دێت و دەچێ! لە شوێنێکی دیکە دێینەوە سەر کێش لەلای شێرکۆ بێکەس، چونکە دەکرێ وەکو بابەتێکی ڕووتیش سەیر بکرێت.

ئەگەر بەوردی سەرنج و تێبینی شیعرە کورتەکانی شێرکۆ بێکەس بکەین، ئەوە هەست دەکەین کە لە زۆربەی زۆریان بە تەکنیکێکی تایبەت نووسراون کە لەسەر هەمان هێڵکار داڕێژراون. بەو واتایەی کە بنەمای شیعرەکان ئامادەگییان لە زیهنی شاعیردا هەیە پێش ئەوەی نووسرابێتنەوە، چونکە زۆربەیان بەم شێوەیەی خوارەوە داڕێژراون: دەق لە چەند توخمێک دروست دەبێت، هەر توخمە و بەوێنەیەک یا زیاتر تەعبیری لێ دەکرێ و باشانیش دوا توخم هەموو وێنەکان لە دەوری خۆی کۆ

دەکاتەوە. ئەوەی لێرە شایانی باسکردنە، سروشتی وێنەکانە و پەیوەندیی نێوانیانە و پەیوەندی هەمووشیان بەدوا توخم کە قفڵی دەقەکە دەدات[٥].

ئێمە بڕوامان وایە کە بنەمای شاقووڵی و بنەمای ئاسۆیی پەیوەندییان بە باگراوندە هونەرییەکانی شاعیرەوە هەیە، لە دوا پێناسەشدا پەیوەندییان بەجیهانگەرایی شاعیرەوە هەیە. دەشکرێ شاعیرێک بۆ هۆیەکی دیاریکراو دوو دەق بهێنێتەوە بەرهەم، یەکێکیان سەر بە بنەمایەک بێت و ئەوی دیکەش سەر بەبنەمایەکی تر.

دەشکرێ لە گشت ئەو هۆکار و فاکتەرانەش ورد ببینەوە بۆ ئەوەی بزانین فلانە جیهانگیریی چۆن خەملاوە و چین بنەما فیکریی و ژینگەیی و بەڵکو شۆڕبینەوە ژیاننامەی نووسەرێکی دیاریکرا، بەڵام مەبەستی ئێمە لەم لێکۆڵینەوە ئەوە نییە خوێندنەوەیەکی ژێنێتیک یا سایکلۆژی ئەنجام بدەین، دەبێ ئەوەش بوترێت کە ئاماژەکردن بۆ هەندێ خاڵ ڕەنگە تیشک بهاوێژێتە سەر هەندێ قوژبنی تاریک. هەرچەندە ئەوەش دەزانین کە کاری ڕەخنە دۆزینەوەی کەلێنە تاریک و تنۆکەکان نییە، بەڵکو هێنانەدی دەقێکی دییە. واتە ئیشی ڕەخنە پەنجە خستنە سەر «حەقیقەتەکان» نییە، هەندەی ئەوەی بەرهەمهێنانی میتا- لۆنگاژێکە[٦]. ئەم دەقەش دەیەوێ لە

(٥) بۆ نموونە بڕوانە شیعرەکانی: «دوا وشە، ٢٧جار، مشار، سەر، هەڵوێست، هەنگوین و بۆ نالیی، جۆگە».

(٦) میتا واتە لە پاڵ. بە مەبەستی بەرهەمهێنانی دەقێکی دی لە پاڵ دەقە ئەسڵییەکە. پێشگری «میتا» دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن. وەکو دەڵێن لە سەردەمی کتێبخانەکەی ئەسکەندەرییە، کە بەگەورەترین کتێبخانەی دنیای کۆن دەناسرێت، بەشێک بۆ زانستی فیزیکی تەرخان کرابوو، بەڵام برێ کتێب هەبوون زۆر بەباشی نەدەتوانرا پۆلێن بکرێت، ئەوانەیان لە پاڵ یا لە تەنیشتی بەشی فیزیک دانا و ئیتر پێیان دەوترا «میتافیزیک» واتە ئەو زانستەی کە لە تەنیشت بەشی فیزیک دایە، پاشانیش ئەم بەشە دەبێتە بەشێکی سەربەخۆ لە دەوری ئەو کێشانە چەق دەبەستێت کە لە دەرەوەی سروشتن یا لەودیوی سروشتن: مەبەست لە دنیای غەیب و باڵایە.



بابەتێک بکۆڵێتەوە و سەرنجی سەرتاپای ئەو هێمایانە بدات کە دەقێکی ئەدەبی دروست دەکەن، مەبەست لەم سەرنجدان و تێبینییانەش ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەک ئەم هەموو هێماگەلە لەنێو تەونێکی موتەلازیمدا دروست بوونە[٧].

یەکێک لەو چمکانەی کە شاعیرێکی وەکو بۆدلێر خۆی پێوە خەریک کردبوو، چمکی «جوانی» بوو، لە پاڵ ئەم چمکەش «ژن» وەکو بوونەوەرێکی زۆر تایبەت ڕۆ دەچێتە نێو کێشەکانی شاعیرەوە. ئەم کێشەیەش لە لایەک پەیوەندی بەژیانی شارلەوە هەیە چونکە لە تەمەنی شەشساڵیدا دایکی شوو بەجەنەڕاڵێکی لەشکری فەرەنسی دەکات و هەست دەکات ئیتر لە باوەشی گەرمی دایکی توڕ هەڵدەدرێ، لە لایەکی دیش، بۆچوون و تێگەیشتنی بۆدلێر بۆ چمکی «جوانی» خۆی لە خۆیدا، لەسەر توند و تیژییەک بەندە و دووریی فەلسەفی و ڕامانی هەیە. جوانی ئارامبەخش نییە، بەڵکو سەرچاوەی نارەحەتی و ڕاڕاییە. جوانیی دیمەنی مێرگ و کەش و ئاو و هەوا و هێمنی بەهەشتیشی نییە، بەڵکو هەودایەکە جەمسەرێکی لەناو بەهەشت و جەمسەرەکەی دیش لەناو قرچەقرچی دۆزەخ دایە. ئەمە و گشت ئەو شکستییانەی کە لە کووچەکانی لاتینی بەدەست خۆشەویستی وعیشقەوە چێژتی.

ئایا لەم شیعرەی خوارەوە هەست بەو دادڕانە ڕۆحییەی شاعیر دەکرێ؟ بەڵام پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئایا چ چوارچێوەیەک دەتوانێ ئەم کێشەیە میتافیزیکییە بگرێتە خۆ؟

(٧) ڕۆلان بارت، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی، سۆی، پاریس، ١٩٦٤و لا ٢٦٤.

## بۆ خانمێک[٨]

خانم، دەمەوێ لە قووڵایی بێزارییم
قوربانگەیەکی[٩] ژێر زەمینیت بۆ دروست کەم،
دوور لە ئارەزووی دنیایانە و دوور لە تەماشای گاڵتەجاڕانە،
لە قوژبنێکی هەرە تاریکی دڵمیش،
لانەیەکت لە لاژەوەرد و ئاڵتونی خۆشە کرا بۆ هەڵکۆڵم،
وەک هەرە سەرسوڕێنترین پەیکەر، لەو شوێنە بەرزبیتەوە.
بەدێرە بریقەدارەکانم، بەمێتاڵێکی بێ گەرد داپۆشراو،
بەقافیەی کریستالین زانایانە بەخشراو،
بۆ سەرت تاجێکی زۆر گەورەش دروست کەم.
لەناو بەغیلیشم، ئای خانمی فانی،
پاڵتۆیەکەت بۆ بدرووم، لە دەستووری بەربەرەی
قورس و ڕێک، بەرگی ناوەوەشی لە گومان،
هەر چەشنی حەشارگەیەک، ئەفسوونت بشارێتەوە،
نەک بە مێرووی نەخشراو، بەڵکو بە ئەسرینەکانم!
کراسەکەتیش ببێتە ئارەزووەکانم، بلەرێنەوە،
شەپۆل بدات، کاتێ هەڵبەز و دابەز دەکات،

بەرەو بەرزییەکانیش لاسەنگ بێت،
بۆ دۆڵەکانیش کپ بێتەوە،
هەموو لەشە سپی و پەمەیییەکەت بەماچ داپپۆشێ،

(٨) گوڵی خراپە، بۆدلێر، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا، ئاراس، هەولێر، لا ١٠٤.
(٩) قوربانگە Autel: مێزێکی تایبەتە، لە تەختە یا لە مەڕمەڕ دروست دەکرێت، نوێژی لە دەور دەکرێت، تایبەتە بە کاسولیکییەکان.



لە حورمەتیشم، پێلاوێکی جوانی ئەتڵەسیت بۆ دروست دەکەم،
مل کەچی پێیە خوداوەندییەکت بن،
حەپسی گوشرانێکی خاوی بکەن،
هەر چەشن قالبێکی دڵسۆزیش جێ پەنجەکانت بپارێزن.
سەرەڕای هونەری بەلەزم، ئەگەر پێم بکرێ
بۆ پاژنەشت مانگێکی زیوین بتاشم،
ئەو مارەی کە هەناوم دەگەزێ
لە بن پاژنەکانتی دانێم،
بۆ ئەوەی بیشێلی و گاڵتەی پێ بکەی،
شازادەی سەرکەوتوو و بەرەکەتی سەرفرازی،
ئەم دەعبایە پڕ لە قین و کلێپەدارە.

بیرکردنەوەکانم وەکو مۆمی ڕیزکراو ببینی
بەرامبەر بە قوربانگەی گوڵزار بەشازادەی عازەبان،
بنمیچی شین ئەستێرەڕێژ کات،
بەچاوانی پڕ گڕەوە هەمیشە تەماشات کات.
هەر وەکو ئەوەی کە هەموو لەشم بتئازیزێنێ و بتپەرستێ،
هەموو شوێنێ دەبێتە بنژوان[١٠] و بخوور و میبیر[١١]

بەبێ وچان بەرەو ڕووی تۆ، بەرەو ترۆپکی بەفرین
لە چەشنی هەڵم ڕۆحی باهۆزم بەرز بێتەوە.

(١٠) Benjoin: جۆرە شلەیەکی بۆن خۆشە لە جۆرە دەرەختێکەوە دەردێت کە لە وڵاتی هیندوستاندا دەڕوێت. بە عارەبی (لبان)ی پێ دەڵێن.
(١١) Mytrrhe: جۆرە شلەیەکی بۆنداره لە دار و دەرەختەوە پەیدا دەبن: بە عارەبی (مر الصحراء) پێ دەڵێن.

لە کۆتاییدا، بۆ ئەوەی ڕۆڵی مەریەم تەواو بکەی،
بۆ ئەوەی ئەڤین و بەربەری تێکەڵ و پێکەڵ بکەی
وەک لەززەتێکی ڕەشی حەوت گوناهە گەورەکە!
جەللادێکی پڕ لە پەشیمانی، حەوت چەقۆی زۆر
تیژ دروست دەکەم، هەر چەشنی ئەکرۆپاتێکی بێ هەست
هەرە قووڵایی خۆشەویستیت دەکەمە نیشانە،
دەیچەقێنمە ناو دڵی پەلەقاژەت،
دەیچەقێنمە ناو دڵی خوێناویت، دەیچەقێنمە ناو دڵی داچۆڕاوت.

لەم شیعرەدا، بۆدلێر دەمی ئاراستەی خانمێک دەکات و لەگەڵی دەدوێ. ناونیشانی تێکستە فەرەنسییەکە (Madone)ە؛ عادەتەن «مادۆن» واتە «خانمەکەم»، تێرمێکە بە مەریەمی دایکی عیسا دەوترێت، بەڵام بۆدلێر وەکو میتافۆر لە جیاتی خانمێکی دیکە هەڵیبژاردووە. ڕاستە لەم شیعرە هەست بە سەرەتایەک دەکەین و لە هەمان کاتیشدا کۆتاییەک لەبەرچاوە ئەویش: «حەوت چەقۆی زۆر/ تیژ دروست دەکەم، هەر چەشنی ئەکرۆپاتێکی بێ هەست/ هەرە قووڵایی خۆشەویستیت دەکەمە نیشانە،/ دەیچەقێنمە ناو دڵی پەلەقاژەت،/ دەیچەقێنمە ناو دڵی خوێناویت،/ دەیچەقێنمە ناو دڵی داچۆڕاوت». بەڵام با بزانین ئەوەی لەم نێوانە دەمێننەوە چۆن بنیات نراوە و کەرەسە و مادەکانی چین؟

سەرەتا لەوە تێدەگەین کە لە مەفهوومێکی ئەبستراک، واتە موجەڕەد ئەویش «بێزارییە» فەزایەکی مادی دروست دەکات، یا ڕاستر وایە دەیکاتە فەزایەکی مادی و لەو فەزایە مادییە کەرەسەکی مادی تیا دادەمەزرێنێ ئەویش «قوربانگەیە»، پاشان لە «قوژبنیکی هەرە تاریکی دڵیش»، لانەیەک لە لاژەوەرد و ئاڵتوونی خۆشەکراو هەڵدەکۆڵێ». با بەزنجیرە کەرەسە شیعرییەکان کۆ بکەینەوە:

١- لە قووڵایی بێزاریی دروستکردنی قوربانگە؛



٢- لە قوژبنی هەرە تاریکی دڵ؛
٣- هەرە سەرسوڕێنترین پەیکەر لەو شوێنە بەرز بێتەوە؛
٤- بۆ سەریش تاجێکی زۆر گەورە؛
٥- دوورینی پاڵۆبەکیش لەناو بەغیلی؛
٦- کراسیش ببێتە ئارەزووی شاعیر؛
٧- لە حورمەتیش پێڵاوێکی جوانی ئەتلەسی دروست دەکات؛
٨- بۆ پاژنەش تاشینی مانگێکی زیوین؛
(دوای کۆتایی هێنان بەدروستکردنی ئەم پەیکەرە جوانە)؛
٩- ڕۆحی شاعیر بەرەو ئەو پەیکەرە بەرز دەبێتەوە.

بەشی کۆتایی:

لە کۆتاییدا، بۆ ئەوەی ڕۆڵی مەریەم تەواو بکەی،
بۆ ئەوەی ئەڤین و بەربەری تێکەڵ و پێکەڵ بکەی
وەک لەززەتێکی ڕەشی حەوت گوناهە گەورەکە!
جەللادێکی پڕ لە پەشیمانی، حەوت چەقۆی زۆر
تیژ دروست دەکەم، هەر چەشنی ئەکرۆپاتێکی بێ هەست
هەرە قووڵایی خۆشەویستیت دەکەمە نیشانە،
دەیچەقێنمە ناو دڵی پەلەقاژەت،
دەیچەقێنمە ناو دڵی خوێناویت، دەیچەقێنمە ناو دڵی داچۆڕاوت.

لێرە لە بارەی کێشەوە، بۆدلێر لەسەر کێشی ئەسکەندەری نووسیویەتی، واتە هەر دێرەی دوانزە برگەیە و سەرواکانیشی بەم جۆرەن: (AA;BB;CC;DD). واتە بە کێشێکی تەقلیدی داڕێژراوە، بەڵام لە دەلالات و واتاکان هەست ناکرێت، ستوونییە.

بەڵام لێرە هەمان پرسیار دووپات دەکەینەوە، چ پەیوەندییەک لە نێوان سەرەتا و کۆتایی هەیە، چ پەیوەندییەک لە نێوان زنجیرە «ڕووداوەکان»دا هەن، چۆن پەیوەندییەک لە نێوان بەرجەستەیەک و وەسفکردنی ئەو

بەرجەستە دروست بووە و چۆنیش پەیوەندی لە نێوان چمکی موجەرەد و هەستپێکراو دامەزراوە؟ بۆ نموونە ئەم پەیوەندییانە شی دەکەینەوە:

١- لە قــوولایی بێــزاریی دروســتکردنی قــوربانگە: دوور لە ئارەزووی دنیایانە و لە تەماشای گاڵتەجاڕانە.

٢- لە قـــوژبنی هەرە تاریکی دڵ: دروســـتکردنی لانە لە لاژەوەرد و ئاڵتوونی خۆشەکراو.

٣- هەرە ســەرســوڕێنتــرین پەیکەر لەو شــوێنە بەرز بێتــەوە: بە دێرە بریقەدارەکانی شاعیر و بە میتالی بێگەرد ئەو پەیکەرە دادەپۆشرێ.

٤- بۆ سەریش تاجێکی زۆر گەورە.

٥- دوورینی پاڵتۆیەکیش لە بەغیلی: قورس و ڕێک، بەرگی ناوەوەشی لە گومان.

٦- کراسیش ببێتە ئارەزووی شاعیر: شەپۆل بدات کاتێ هەڵبەز و دابەز دەکات.

٧- لە حورمەتیش پێڵاوێکی جوانی ئەتلەسی دروست دەکات: ملکەچی پێیە خوداوەندییەکەی بێت، حەپسی گوشرانێکی خاوی بکات.

دەتوانین بگەینە چەند ئەنجامێک: شاعیر لە چەند ئاستێک شیعرەکە دروست دەکات، ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک شۆڕ دەبنەوە، بەبێ ئەوەی چووبێتنە ژێر ڕکێفی مەنتیقی گێڕانەوە، پەیوەندییان بە یەکترەوە لەسەر ئاستی پەیوەندیی ناوەکی و شــیــعــریی دروست بووە، نەک دەرەکی و پەخشان، تێکهەڵکێشکردنی چمکی ئەبستراکت بەچمکی مەحسوس و هەستییەوە، کارێکی ئاسان نییە بۆ ئەوەی ئۆخژن لای خوێنەر دروست کات. هەروەها پەیوەندی زیهنی و پەیوەندی واقیعیش لە ئارادایە، واتە هەموو وێنەکان لە ناوەوەی هەست و ویژدانی شاعیر دروست بوونە، بەڵام لە واقیعی دەرەکییەوە کەرەسەکانی دەقۆزێتەوە، واقیعیش لە چمکی ئاین و مـــیت کـــۆی کـــردوونەتەوە. لێـــرە دەبینین چۆن وێنە لە مندالدانی خەیاڵکردنەوە هاتۆتە خوارێ.



دەکرێ نموونەکانی پەیوەندی ئەبستراکت و مەحسوس بەم شێوەیە بن:

«دروستکردنی پاڵتۆ لە بەغیلی، دروستکردنی پێڵاو لە حورمەت».

گرینگی ئەم دوو پەیوەندییە نەک تەنها لەبەر ئەوەیە لە نێوان ئەبستراکت و مەحسووس دروست بوونە و بەس، بەڵکو گرینگی لە هەڵبژاردنی وێنە شیعرییەکە خۆیەتی. چۆن دەکرێ بنەمایەکی شاقوولی بدەینە ئەم بنەمای ئەم شیعرەی کە لە سیمای دەرکی سەرەتا و کۆتایی هەیە، بەڵام لە پەیوەندی ناوەکی شیعرییە، نەک پەخشان؟ هیچ ئاماژەیەکیش بۆ زەمەنێکی دیاریکراو ناکات، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم دەقە لە نا-زەمەن دەژێت، بەڵکو دەکرێ ببێتە بەشێک لە ئێستایەمان؛ هەر ئەمەشە سیحری دەقی ئافرێندراو بەچمکی زەمەنییەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە سەرتاپای «گوڵی خراپە» لەسەر کێشە تەقلیدییەکان دارێژراوە، هەرچەند بۆدلێر خاوەن شیعری سەربەستیشە، بەڵام کاتێ باس لە نوێخوازی دەکرێ، ئەوە بۆدلێر دەکەنە دەسپێشخەری ئەم چمکە. ناکرێ شاعیرێک تەنها بۆ سەردەم و چاخێکی دیاریکراو بەنوێخواز بدرێتە قەڵەم، یا ئەو، واتە فلانە شاعیر نوێخواز نەبووە، یا ئێمە بە هەڵە لە چمکی نوێخوازی گەیشتووین، یا ئەوەتا نوێخوازی و مودێل لە یەکتر جودا نەکراوەتەوە. لەمەڕ شیعری هاوچەرخیشەوە دەڵێ: «شیعری هاوچەرخ (مۆدێرن) پەیوەستی خۆی لەگەڵ تابلۆ و مۆسیقا و پەیکەر و هونەری ئەرەبێسک و فەلسەفەی گاڵتەجاڕ و زیهنییەتی ڕەخنەگرانە ئاشکرا دەکات و زۆر بەچێژەوەش بەهەموو هونەرێکی دیکەوە پەیوەنددارە[١٢]».

لە قۆناغێکی دیاریکراوی ئەدەبیاتی کوردی، شاعیری نوێخواز ئەو شاعیرە بووە، بەبوێرییەوە بەرەو ڕووی لایەنێکی سیاسی، ڕژێمێکی دیارکراو بۆتەوە، نوێخواز بووە لە واتا نەک لە ڕێگاکانی دەربڕین؛ واتە نوێخوازیی زیاتر موردایف بووە لەگەڵ هەڵوێستی سیاسی تا لە هەڵوێستی

(١٢) هینری میشۆنیک، مۆدێرنیتێ مۆدێرنیتێ، فۆلیۆ، پاریس، ١٩٨٨، لا ١١٠.

هونەری و ئەدەبی. ئەمەش هەندەی دیکە کێشەی داهێنانی ئەدەبی ئاڵۆزکردووە. ئێستاش شاعیرگەلێکمان هەن ڕەنگی سیاسەتی لێ داماڵی، دنیایەکی کاڵوکرچی هونەری دەمێنێتەوە. چونکە جیهانی سیاسەت تووشی وەرچەرخان دەبێ و چمکەکانی نیشتمان و ئازادی و بەرگری دەگۆڕێن، بەو مانایەی کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو زاراوانە تووشی گۆڕانکاری دێن، ئەو ئەدەبی بۆ ئەو وەزیفانە نووسراونەتەوە، لە هەرەکەت دەکەون و وەکو ئەرشیفی ئەدەبی سەیر دەکرێن، گرینگییان تەنها گرینگییەکی مێژوویی، یا کۆمەڵایەتی هتد دەمێنێتەوە.

له شیعرێکی دیکەدا بۆدلێر شیعری «پشیله» بە چرکەساتێک دەست پێ دەکات، بە فرمانی بکەر، بەڵام ئا بەم شێوەیەی شۆڕ دەبێتەوە:

**پشیله**(١٣)

وەرە سەر دڵی عاشقم، پشیلە جوانەکەم،
چڕنووکی پێیەکانت ڕاگرە،
با خۆ نوقم کەمە نێو چاوە جوانەکانت
کە تێکەڵی میتاڵ و ئاقیقن.

کاتێ پەنجەکانم ئازادانە بەسەر سەرتا،
بەسەر پشتی نەرمتا نەوازش دەکەن،
دەستم مەستیی ئۆخژن دەبێت
کە بە لەشی کارەبابەخشت دەکەوێت،

بەخەیاڵ ژنەکەم دەبینم، تێڕوانینەکانی،
وەک هی تۆیە، ئاژەڵی خۆشەویست،
قووڵ و سارد، چەشنی ڕم دەمبڕێ و لەت و پەتم دەکات،
لەسەر تا نووکی پێش،

(١٣) گوڵی خراپە، بۆدلێر، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا، ئاراس، هەولیر، ل٤٨.



ئاوازێکی ناسک، گوڵاوێکی ترسناک،
بە دەوری لەشی ڕەشتاڵەیدا دەخوولێتەوە،

جارێکی دیش لەم شیعرەدا بۆدلێر بانگی ئەوی تر دەکات، لێرە ئەوی تر «پشیلەیەکە» شاعیر دەچێتە دیالۆگێکی یەکتاییەوە، بەجۆرە مۆنۆلگێک دەکرێ بچوێندرێ! لە ڕێگای ئەو زیندەوەرە ئەفسوون بەخشە، شاعیر ڕۆ دەچێتە جیهانە تایبەتییەکەی خۆیەوە. چمکێکی واقیع دەگرێت و لە ڕێگای وێنەوە دەروازەی خەیاڵ دەکاتەوە و نەک تەنها شاعیر خۆی، بەڵکو جیهانیش نغرۆی ئەو دنیا ئەندێشەبازییە دەکات. سەرەتای شیعر بەفرمانی بکەر ئەویش: «وەرە سەر دڵی عاشقم» دەست پێ دەکات و بە«ئاوازێکی ناسک، گوڵاوێکی ترسناک/ بەدەوری لەشی ڕەشتاڵەیەدا دەخوولێتەوە» . کۆتایی دێت.

دیسانەوە لە ڕێگای پەیوەندییەکان بچینە نێو تەونی ئەم شیعرە، پەیوەندی لەلای بۆدلێر یەکێکە لە کۆڵەگە هەرە پتەوەکانی ساختمانی قەسیدە، هەر بۆیەشە ناونیشانی شیعرێکی گرینگی خۆی ناودەنێت «پەیوەندییەکان» ، هەڵبەتە لێرە دەبێ لەژێر ڕۆشناییی فەلسەفەی ئەفلاتون ئەم چمکە بخوێندرێتەوە؛ بەو مەبەستەی هەر هێمایەک ئاماژە بۆ دنیایەکی دیکە دەکات. دەکرێ سەرنجی ئەم پەیوەندییانە بدرێت:

با خۆ نوقم کەمە نێو چاوە جوانەکانت/ کە تێکەڵی میتاڵ و ئاقیقن.

کاتێ پەنجەکانم ئازادانە بەسەر سەرتا، بەسەر پشتی نەرمتا نەوازش دەکەن/ دەستم مەستیی ئۆخژن دەبێت.

بەخەیاڵ ژنەکەم دەبینم/ تێڕوانینەکانی، وەک هی تۆیە، ئاژەڵی خۆشەویست، قووڵ و سارد، چەشنی ڕم دەمبڕێ و لەت و پەتم دەکات.

شاعیر بەجۆرە تراژیدییە کۆتایی بەشیعرەکەی دەهێنێ: «لەسەر تا نووکی پێش، ئاوازێکی ناسک، گوڵاوێکی ترسناک، بەدەوری لەشی ڕەشتاڵەیدا دەخوولێتەوە» .

ڕەنگبێ بۆدلێر شاعیری کۆکردنەوەی دژایەتییەکان بێت، بەڵام لە ڕێگای ئاوێتەیەکی شیعریی زۆر پتەوەوە دەیانگرێتەوە. هەموو دژایەتییەک کۆ نابێتەوە و هەموو کۆکردنەوەیەکیش بەبێ سیحری سەنعەتی شیعر ناتەواوە.

خێرا شاعیر، هەر لە سەرتاوە باسی کۆتایمان بۆ دەکات، وەکو ئەوەی بەهێزێکی نادیار ئەم چمکە زەمەنییە کە لە دوو توێی شیعرەکەدا هەن، کۆ بنەوە. لە چاوی پشیلەوە هەست بەتراژیدیای خۆی دەکات؛ ئەویش لەم پیوەندییە قووڵە، تاکە، دەگمەنەدا ڕوون دەبێتەوە: «چاوە جوانەکانت کە تێکەڵی میتاڵ و ئاقیقن»: جوانیی لە پاڵ ساردیی میتاڵ هەموو کارەساتەکانی شاعیرمان بۆ یەکئالا دەکاتەوە. بۆیە شتێکی نامۆ نییە کاتێ بەرەو کۆتایی شیعرەکە دەبینەوە و شاعیر هەموو ڕازەکانی خۆی، ڕازە تراژیدییەکانی خۆیمان بۆ دەدرکێنێ: تێڕوانینی ژنەکەی شاعیر وەکو هی پشیلەکە وایە: قووڵ و سارد، چەشن ڕم شاعیر لەت و پەت دەکات! بەڵام هەر ئەمە کافی نییە، بۆ ئەوەی تراژیدیا بگاتە ترۆپکە سروشتییەکەی خۆی و شاعیر لە نێوان مەرگ و ژیان بەجێ بهێڵێ: ئاوازێکی ناسک، گولاوێکی ترسناک/ بەدەوری لەشی ڕەشتاڵەیدا دەخوولێتەوە. «دەنگ و بۆن، یەکەمیان دڵخۆشکەر و سەرسوڕێنەرە و ئاراستەی گوێ دەکرێ، ئەویتر کوشندە و ترسناکە، ئاراستەی هەستی بۆنکردن دەکرێ. یەکێکیان داوەتی شاعیر دەکات بۆ بەرزبوونەوە و تەسامی ئەوی تر بەرەو خەرەندە گەندەڵەکان شۆڕی دەکاتەوە. ئا ئەمەیە ساختومانی شیعر لای بۆدلێر کە خوێنەر تووشی ڕشانەوە دەکات، چونکە مەرگ لە سەرەوە باڵەفڕێتی و جوانیش وەک ئاوازێکی دەگمەن دنیا دەتەنێ!

هەڵبەتە ئەم ئەفسوونە نەک بازنییە لە بنەمادا، بەڵکو بازنەییە لە جەوهەری دەلالاتەکاندا، بازنییە لە ڕوانین و ڕوانگە و دیدەنیگای شاعیر.

بۆدلێر لە دیوانی «گوڵی خراپە»، واتە لە شیعرە هەرە بەناوبانگ و



دەگمەنەکانی تەنها حەوت جاران «ڕۆژێکیان و شەوێکیان و جارێکیان[١٤]»ی بەکار دەهێنێ، بەڵام بەبێ ئەوە سەرەتایەکی کرۆنۆلۆژی بێت و دەزووی حەکایەتێکی شیعریمان بۆ دەستنیشان کات؛ بەپێچەوانەوە، هەندێ جار بەشێوەیەکی نادیار و هەندێ جاریش وەکو زەمەنێکی ئیحتیمالی بەکاری دهێنێ و تەعبیر لە چمکێکی زەمەن دەکات، بەڵام لە زەمەنی شیعریی. کاتێکی موفرەدەیەک، دێرە شیعرێ، وێنەیەک ئاماژە بۆ بەرجەستەیەکی دەرەکی دەکات، واتە دەستنیشانی مەرجەعێکی دیاریکراو دەکات، دەقی شیعریی تووشی خەرەندی گێڕانەوە و کۆپیکردن دێت. چونکە دەبێ شیعر لەبەر سێبەری ئیحا، بەئاماژە ناو لە دنیا بنێ. ئیحا هێز و پێز دەبەخشێتە وێنە، ئاماژە توانستی زیندوویی دەبێ.

زۆر جیاواز لە گۆران[١٥]، بودلێر تەماشای سروشت دەکات و لەگەڵی دەدوێ، هەڵبەتە ئەگەر لە لای ڕۆمانسییەکان، سروشت دایکێکی میهرەبان بێت و ئینسانیش وەکو توخمێکی ئەم سروشتە ئارەزووی ئەوە بکات بگەڕێتەوە باوەشی ئەم دایکە میهرەبانە و لە دنیای جەنجاڵ دوور کەوێتەوە، بەڵام لە لای سەمبولیستێکی وەکو بۆدلێر سەرتاپای هاوکێشەکە سەروبن دەبێت. لای گۆران سروشت ئەوجێگا بێگەرد و پاراو و خەیاڵئامێزەیە کە ئینسان داوەت دەکات و لە دنیای جەنجاڵ دووری دەخاتەوە، سروشت باوەشی دایکێکی میهرەبانە مرۆڤ ڕادەژەنێ.

گۆران یا خۆی بەسروشت بەراورد دەکات وەکو لە شیعری «پایز!» یا وەسفی سروشت دەکات بۆ نموونە شیعری «هەوری پایز»، «سەوزە گیای

(١٤) بۆ ڕۆژێکیان بڕوانە ئەم شیعرانە: «سزای لووت بەرز، XVI»، «شەوێکیان لە تەنیشت...،XXXII»، «شازدە، CXV»، دوعا و نزای شەیتان، CXX»، بۆ شەوێکیان بڕوانە: «بۆ ئەو ژنەی کە زۆر دڵخۆشە، V»، هەروەها بۆ جاریکیانیش بڕوانە: «دان پیانان، XLV»، «پشیلە، LI». گوڵی خراپە، بودلێر، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا، ئاراس. هەولێر.

(١٥) بۆ نموونە شیعرەکانی دیوانی «سروشتی جوان».

پایز»، «دیمەنێکی بەهار»، یا تکا لە سروشت دەکات، «ئەی گەلاوێژ!»، یا بەسەرهات و حەکایەتی ئەستێرەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە «بەسەرهاتی ئەستێرەیەک» هتد. وەنەبێ ئەم شیعرانە دڵگیر نەبن، بەپێچەوانەوە رەنگبێ لە هەموو شیعرەکانی گۆران پوختتر و شاعیرییانەتر داڕێژرابن، بەڵام تەجاوزی ئینتیباع ناکەن. سروشت تابلۆیەکی شەنگە و ئەگەریش نووقسانی تێدابێت، ئەوە تەنها هەر بە«بزەی ئازیز[١٦]» ئەو نوقسانییە تەواو دەبێت. رەنگبێ ئەم بۆچوونەی کە لەمەڕ سروشتەوە لای گۆران خەملابێت، شاعیرگەلێکی دیکەش بگرێتەوە؛ شیعری کوردی لە دوا پێناسەدا، ئینتیباعانە سەیری سروشتی کردووە. سروشت لە چیا و چۆڵ و دارودەوەن و بەفر و باران و رەشەبا و سەهۆڵبەندان و خەزان و وەرزەکانی دی دیمەنی سروشت تەواو دەکەن. لە کۆتاییدا پەیوەندی لەگەڵ سروشت لە رێگای وەرز و گۆڕانکارییە رووکەشییەکانی هاتۆتە دی. کەچی ئەم دیدەنیگایە، لای رۆمانسییەکانی سەدەی نۆزدەمی فەرەنسیش بەتەواوی تەجاوز کراوە. یەکێکی وەکو لامارتین، لە شیعری دەریاچە کە بەیەکەمین شیعری رۆمانسی دەژمێردرێ، شاعیر باس بە نەبرەیەکی مرۆڤانەی زۆر قووڵەوە، تەعبیر لە ڕاڕای ئینسان بەرامبەر بە قەدەر و چارەنووس دەکات:

«ئا بەمجۆرە، هەمیشە بەرەو کەنارە نوێیەکان ڕاپێچراوین،
بەرەو شەوێکی ئەبەدی بێگەڕانەوە
ئەرێ قەد دەبێ بتوانین لەسەر ئۆقیانووسی تەمەندا
بۆ تەنها رۆژێکیش لەنگەر فرێ دەین؟»

خۆ لە لای بۆدلێریش، جارێکیان بەژێر پەرەمووچیدا ئەم دێرە شیعرە لە دایک دەبێ: «شێت و شەیدای سروشتە[١٧]»، بەڵام ئەمە گەلێ بەتوانج و تەوسەوە باس لە قرچۆکێکی ئەو سەردەمەمان بۆ دەکات، هەر وەکو ئەوەی

(١٦) دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٠، لا ١٠.
(١٧) گوڵی خراپە، بۆدلێر، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا، ئاراس، هەولێر لا ١٨٤.



ئەم سیفەتە هی خەڵکانی بلّح بێت. چونکە بۆدلێر شاعیری شارە و سروشت بۆ وی: «پەرستگایەکە لە کۆڵەگە زیندووەکانیەوە/ دەنگە دەنگی تێکەڵ و پێکەڵ بەرز دەبنەوە،/ مرۆڤ بەتەنیشت جەنگەڵی ڕەمزدا ڕادەبووری/ بە تەماشاکردنێکی ئاشناوە دەڕوانێ[١٨]. چونکە سروشت بەبۆچوونی دی، ڕەمزن بۆ شتی پەنهان و ڕازە بێکۆتاییەکانی دەروون.

بۆدلێریش باسی سروشتی کردووە، یا چاکتر وایە بڵێین ئەویش لەگەڵ سروشت دەدوێ و ناونیشانێکی تایبەتیشی لێ دەنێ، بەڵام بەتەواوی لە ڕچەی ڕۆمانسییەکانی پێش خۆی دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە ناخی توخمەکانا، جا ئەگەر ئەو توخمانە ڕاستەوخۆ توخمی سروشتی بن یا بەرجەستەیەکی دیکە بن، یا بوونەوەرێکی کیاندار بێت. لای بۆدلێر شتی ڕۆحلەبەر و بێ ڕۆح لە شیعرەکانیا جودا ناکرێنەوە. با ئەم شیعرە بخوێنینەوە کە ناونیشانی «کیمیای ئازار»ی بۆ هەڵبژاردووە:

**کیمیای ئازار**[١٩]

سروشت! یەکێ بەجۆش و خرۆش دادەگیرسێنێ،
یەکێکی دی پرسەی خۆی تیادا دەڕژێنێ،
گەر بە یەکێ بڵێ: گڵکۆ!
بەئەوی تر دەڵێ: ژیان و دەرەوشانەوە!

ئارمێسی نەناس بە دیارمەوەیە و،
هەمیشەش دەمتۆقێنی،
لە نێو هەموو کیمیاناسە غەمگینەکانا؛
بەمیدام دەچوێنی،

بەهۆی تۆ زێڕ دەکەمە ئاسن و

(١٨) گوڵی خراپە، بۆدلێر، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا، ئاراس، هەولێر لا ٢٢.
(١٩) گوڵی خراپە، بۆدلێر، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا، ئاراس، هەولێر لا ٩٣.

بەهەشتیش بە دۆژ؛
لەناو کفنی هەورانیشدا
لاشەی مردوویەکی ئازیز دەدۆزمەوە.
لە کەناری ئاسمانیشدا،
تابووتە هەرە مەزنەکان دروست دەکەم.

بەڵام لای شێرکۆ بێکەس سروشت لە پێوەرێکی زەبەلاحدا وێنەی دەگیرێ، لە نێوان ئاوێتە بوونێکی سۆفیمەشرەبانە و حەپەسانێکی ڕۆمانسییانە، دیدەنیگایەی مەلحەمی تەواو ڕوانگەی شاعیر داگیر دەکات. ئەویش بە بەکارهێنانی پاڵەوانی میللی کە زۆربەیان لە «توحفەی موزەفەرییە» باسکراون و خۆشی، واتە شاعیر بەئاسانی دەمامکی وان هەڵدەگرێت. کاتێک شیعری شێرکۆ بێکەس دەخوێنینەوە، بەئاسانی دەکرێ لە جیاتی لاس، فەرهاد دابنێین و لە جیاتی زینیش خەزاڵ، واتە ئەم پاڵەوانە عاشقانەی چاخەکانی ناوەند، تەنها تەعبیر لە عیشقێکی بێ سنوور و سووتان دەکەن لەو بوارە. لەم دیدەنیگایەوە، سروشتیش وەکو مرۆڤ، وەکو باڵەوانەکان دێنە زمان و هەموو شتێک زل دیارە. لە لایەک سروشت: «تەوێڵی شاخ لاپەڕەی بەرینی سەرتە[٢٠]» لە لایەکی دیش مرۆڤەکە خۆی سیمایی پاڵەوانانی حەکایەتەکان: «ئەمەوێ بچمە ناو نیگای/ ئەو هەورەوە هەموو ڕۆژێ خۆی لە کاکۆڵی و پەرچەمی...».

لە ڕاستیدا، شیرکۆ بێکەس لە زۆربەی زۆری شیعرەکانی حەکایەتمان بەشیعر بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم تەقلیدەش دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی ناوەند، چ لە ناو کوردەواری چ لە تەقلیدەکانی فەرەنسی؛ واتە لە قەسیدەکانی «ژێست –geste–»ی فەرەنسی، کە لەسەر کێشی ئەسکەندەری دەنووسران و باسیان لە جوامێریی و شەڕ و شۆڕ و ئازایەتیان دەکرد، دواتریش توخمی مێینەی تیا دەئاخانرێت، ئیتر باس لە عیشق و چیرۆکە درێژە

(٢٠) برایمۆک و گۆرانی بەفر و منداڵییم.



سەرسوڕێنەرەکانمان بەشیعر بۆ دەگێڕنەوە. لە دەستووره کوردییەکانیش، هەڵبەتە ئەم حیکایەتانە لە دیواخانەکان لە لایەن شایەران و دەنگبێژەکانەوە دەوتران. یەکێ لە خەسڵەتەکانی ئەم حەکایەتانە ئەوە بوو کە دەهۆنرانەوە، چونکە لە ڕاستیدا بۆ گۆرانی دەنووسران. لەو سەردەمانە شیعر بۆ گۆرانی وتن بوو و ڕووداوەکانمان بەشیعر دەهۆنییەوە و گوێگرانیش مێشکیان بەو سترانانە زاخاو دەدا. ئەو جۆرە شیعرانە داپیرەی ڕۆمانن، چونکە حیکایەتی شیعرین. کاتێکیش فەرەنسییەکان بەو چیرۆکە درێژانە دەڵێن «ڕۆمان» هۆی خۆی هەیە: چونکە ئەو حکایەتە هۆنراوانەی سەدەکانی ناوەند بەزمانی ڕۆمانی دەنووسران، مەبەست لەو زمانەیە کە دەمێک نەبوو لەلاتینی جودا بووبووە و هێشتاش بەتەواوی نەبووبووە زمانی فەرەنسی.

شێرکۆ بێکەس شوێنپێی ئەم تەقلیدانە دەکەوێت لە نووسینەوەی چیرۆکە شیعر و ڕۆمانە شیعر و قەسیدە مەلحەمییەکانی کە زۆربەیان بنەما شاقوولّیان هەیە، بەڵێ لەو تەرحە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ، بەڵام هەندەی توخمی گێڕانەوەی تێهەڵکێشی دەقەکانن هەندە توخمی شیعریی تیا نییە. ڕاستە دەکرێ ئەوە بڵێین کە ئەم شیعرانە شیعری سەربەستن و ئیتر شیعر بەمجۆرە دەنووسرێت، بەڵام ئەگەر بەوردی چاو بەشیعریەکانی شێرکۆ بێکەسدا بخشێنین، ئەوە تەنها هەر «تەنویع» لەسەر کێشی دوو بڕگەیی: ٢/٤/٦/٨/١٢[٢١]. ئەم قەسیدانە زۆربەیان بنەمایەکی شاقوولّیان هەیە.

بەکەرت کردنی چوار بڕگەیی سەرتاپای «برایمۆک و گۆرانی... دەهۆنێتەوە» لە کاتێکدا نەفەسی مەلحەمی و هەڵبەز و دابەزی ڕووداوەکان، پێویستی بە تێکەڵییەکی زیاترە تاکو ڕۆحێکی درامی

(٢١) بڕوانە: شێرکۆ بێکەس، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیر، ١٩٩٧، لا ٥ تا ٩، هەروەها لا ١٤٠.

تەواوی بکاتە بەر. لێرە مەبەست بەدێری کورت و درێژ نییە، بەڵکو لە جۆری بڕین و کەرت کردنی بڕگەکانە، بۆ نموونە:

«/تەوێڵی شاخ/ لاپەڕەی بەر/ دینی سەرتە/... ڕووم لە وێیە/
ئەو گەوانەی/ کە بارێزە و/ ڕنۆ بەفر/، تۆفی شیعر و/
کرێوەی ئەم/ زەمانەیان/ لێ نووسیوە/، ئەیخوێندمەوە/»

دوورتر

«/تۆ نانویت و/ منیش نانووم/
/من دڵداریّ/کم دوژمن دار/
/چاوێ لێکنێم/
/تەوێڵی بەر/زم دائەنێم/

ئەم دێرانە کورت بن یا درێژ هیچ جیاوازییەکی ڕیتمی دروست ناکەن، چونکە هەر هەموویان لەسەر تەنویعی چوار بڕگەیی داڕێژراون. لێرە دەمانەوێ چەند سەرنجێک لەمەڕ داڕشتنی شیعری نوێ تۆمار بکەین: شیعری نوێ بەرامبەر بەشیعری ستوونی، لە چۆنیەتی داڕشتنی لەسەر کاغەزدا نییە، واتە دەکرێ لە شیکلی پەخشان، واتە هەموو کاغەزەکە داگیر بکات و شیعریش بێت، ئەمە لە حاڵەتێکدا، دەکرێ بەپێی ویستیش یەک لە دووی ئەویتر شۆڕبێتەوە و نەشبێتە شیعر. بەکورتی دەکرێ پەخشان بهۆندرێتەوە وشیعریش لە شیکلی پەخشان بنووسرێتەوە، بەڵام لە داڕشتنی دووەمدا، ئەوانەی کە جڵەوی شیعرەکەی لەدەست دان:

١- وێنەی شیعرین؛

٢- پەیوەندی نێوان وێنە شیعرەکانن؛

٣- ڕیتم و مۆسیقای ئەم وێنانەن؛

٤- پەیوەندیی ناوەکیان بەدەلالاتەکانەوە گرینگە نەک جۆری خستنە سەر کاغەز. هەرچەندە، لەبەر ئەوەی ئیمڕۆ شیعر زیاتر بۆ خوێندنەوە تا بۆ



گۆرانی، واتە خستنەسەر کاغەزی دەق دەکرێ بەهایەکی ئیستاتیکی هەبێت. ئەم «میزەنپاژە» واتە ئەم خستنەسەر کاغەزە دەکرێ ببێتە خاوەن دەلالەتیش، واتە بەتاڵی بەبێدەنگییەک واتادار ئاوس درێت. بەڵام ئەمجۆرە شیعرە هێشتا لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەواجی نییە، چونکە زۆربەی خوێنەر بەدوای واتادا دەگەڕێ نەک بەدوای ئاماژە.

ئەم کەرتکردنە لەلای شێرکۆ بێکەس پەیوەندی بەدەلالات و تەکنیکی نووسینەوە نییە، بەڵکو کێشێکە خۆی زاڵ دەکات، وەکو ئەوەی تاقە کێش بێت لە دەروازەی شیعریی شێرکۆ بێکەس جێی بێتەوە: «بەم کازێوە/ خۆڵاوییە/ بەم بەیانییە ژاکاوە/ بەم شەفەقە کەلەلایە/ بەم گەرد و گوڵی گومانە/ ئیدریسی بد/لیسیی چێکات؟ کام نهێنی/ ئەدوێنێت و؟/ بەئاقاری/ چ ڕەنگێکی/ پەژموردەدا/ تێ ئەبەڕێ و[22]/. یا لە شیعری «تاڤگە» هەر بەهەمان کێشدا شۆڕ دەبێتەوە:

لەسەر شاخێک/ ئاوێ دیل بوو/ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ/ ئاوی گیراو/ خەمی شینی گەورە ئەبوو/ هەتا جارێ/ خەم تەقییەوە و/ ئاوی کۆیلە/ دەرگای بەردی/نی شکان و/ بەگوڕ هات و/ لەو بەرزەوە/ بازێکی دا و/ بوو بە تاڤگە![23]/. لێرە پرسیار دەکرێ: ئایا گۆران پشتی لە کێشی عەرووز کرد لە پێناوی ئەوەی ئەم کێشە خۆماڵییە جێگیرە بەسەر شیعرییەتی کوردیدا بسەپێنێ؟ یا ئەوەتا تێگەیشتنی شێرکۆ بێکەس لەمەڕ شیعری سەربەست و کێشدا تەنها لەم چوارچێوەدا خۆی ئاشکرا دەکات؟

کەچی دەبینین کاتێ گۆران پشت لە عەرووز دەکات لە پێناوی ئەوەی بگەڕێتەوە کێشە خۆماڵییەکان[24] چونکە بەپێی بۆچوونی ئەو زیاتر

(٢٢) شێرکۆ بێکەس، ژن و باران، ٢٠٠١، سلێمانی ل٧٠.
(٢٣) شێرکۆ بێکەس، ژن و باران، ٢٠٠١، سلێمانی ل ١٠٦.
(٢٤) لە شیعری فۆلکلۆری کە دواتر دەبێتە مەرجەعی کێشی شیعری نوێی کوردی، دەبینین هەشت بڕگەیی و حەوت بڕگەیی و پێنج بڕگەیی و شەش بڕگەیی و دە=

لەگەڵ «خەسائیسی زمانی کوردی» دەگونجێن، لەم بوارە سیستەمی کێشی دەوڵەمەندە چونکە تەنویعی گەلێ زیاتری هێناوەتە کایەوە؛ بۆ نموونە شیعری «ئاهەنگێک لە ناو ڕان[٢٥]» تەنویع لەسەر چوار بڕگەیی، واتە دێری هەشت بڕگەیی و دێری سیانزە بڕگەیی و دێری پێنج بڕگەیی لە یەک قەسیدە کۆ کردۆتەوە. یا لە سروودی «دەمی ڕاپەڕین[٢٦]» دەبینین، لە هەمان سروودا یازدە بڕگەیی و پێنج بڕگەیی بەکار هێناوە[٢٧].

کەواتە دەتوانین بڵێین گۆران بەوریاییەوە تەماشای کێشی شیعری فۆلکلۆری کردووە و لەسەر ئەو دەستوورانە شیعری نوێی داڕشتووە، بەڵام گۆران پشت لە کێشێک دەکات و ئامێز بۆ دەستوورێکی دیکە دەکاتەوە. ئەمە وەکو سەرەتا و دامەزرێنەر دەکرێ تەماشا بکرێ، بەڵام ئەی دوای گۆران؟ چۆن شاعیرانی دوای گۆران سەیری ئەم کێشە گرینگەیان کردووە؟

کێش لای ڕامبۆ، هەر وەکو شار-یش ئاماژەی بۆ کردووە، تێکهەڵکێشی هەموو دێرێک بووە بەشێوەیەک کە هەر دێرێک ژیانێکی

= بڕگەیی بەرچاو دەکەون. بۆ نموونە: هەشت بڕگەیی: «هێ برام سەرێ من دێشێ/ غەم لە درێ من گەلەکە» ، حەوت بڕگەیی: لە تەیران وەز تەیرۆکم/ لە تەیران تەیری ڕەشم/ لە باغان گوری گەشم» ؛ پێنج بڕگەیی: «هەی مەمان مەمان/ ئەسمەرێ مەمان/ دەست دە قەرانگێ/ هەر مەگرە خەما» ؛ شەش بڕگەیی: «مارێ بابم دوورە ڕێیە/ لانکی ساوام پێیە/ قەد ناگەمە جێیە» ؛ دە بڕگەیی: «ئەستێرەک هەرات گوتیان سیوەیلە/ خۆ من نەمزانی کیژۆرە لەیلە» . بڕوانە: چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، هیمدادی حوسێن، الحوادث، بەغدا، ١٩٨٦. لاپەڕەکانی: ١١، ٥٧، ٥٩، ٦٩، ١١٧.

(٢٥) دیوانی گۆران، لا ٥٠-٥٢.

(٢٦) دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٠، لا ٤٠٣.

(٢٧) یازدە بڕگەیی لە شیعری فۆلکلۆری: «ئامین و ئامین وەی دەردم تاوتاوە/ شەو لە ناڵەی من وەی سیروان بێ ئاوە.» بڕوانە: هەڵبژاردەیەک لە شیعری فۆلکلۆری کوردی، فرووق حەفیدزادە، بەرگی دووەم، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٨٣. لا ٢٢.



تەواوی تیایە. هەڵبەتە پێش ڕامبۆش، بۆدلێر شیعری بەبێ کێشی تەقلیدی نووسیوە، بەڵام مەرج نییە ئەو شیعرانە، شیعرە هەرە چاکەکانی بۆدلێر بن. ڕامبۆ لە شیعرە سەر بەکێشە تەقلیدییەکانی، کێشی ئەسکەندەری وسەرواش: (AA;BB;CC.)، هەشت بڕگەیی و سەروا: (AB;AB;)، هەشت بڕگەیی تێهەڵکێش بەچوار بڕگەیی و سەرواش: (AB;AB;)، دوو هەشت بڕگەیی و چوار بڕگەییەک و سەرواش: (AAB;CCB). بەڵام کاتێکیش دێتە سەر ئەو شیعرانەی ئیتر کێشە تەقلیدییەکان دەخاتە لاوەوە و هەر قەسیدەیەک ساختمانێکە و بنەمای خۆی لەگەڵ خۆی دەهێنێ. شیعر، واتە دەق بەدووی بنەمای خۆیدا دەگەڕێ. کاتێکیش بمانەوێ بگەڕێینەوە سەر گریمانەکەی خۆمان و بۆ ئەوەی بیسەپێنینە سەر شیعرەکانی «وەرزێک لە دۆژ» و «درەوشانەوە» ، ئەوە لە یەکەم قەسیدەی «وەرزێک لە دۆژ» کە بە «**جاران**» دەست پێدەکات، واتە بەتوخمێکی کرۆنۆلۆژی، بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

«[٢٨]جاران، ئەگەر باش بێتەوە یادم، ژیانم جەژن بوو، دڵان دەکرانەوە، شەرابیش خوڕەی دەهات.

ئێوارەیەکیان، جوانیم لەسەر ئەژنۆ دانا. -بینیم تاڵ بوو. -دژوێنم پێی دا.

بەرامبەر بە عەدالەت، خۆم پڕ چەک کرد.

هەڵاتم. ئەی جادووکەران، ئەی کەساسیی، ئەی کینە، گەنجینەکەمیان تەسلیمی ئێوە کرد!

توانیم هەموو هیوای ئینسانیەت لە زەینمدا بکوژێنمەوە. بۆ هەموو بەختیارییەکیش لە پێناوی ئەوەی بیخنکێنم، چەشنی ئاژەڵە دڕندەکان بازی کەڕانەم دا.

(٢٨) وەرزێک لە دۆژ و درەوشانەوە، ئارتور ڕامبۆ، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا، ٢٠٠١، ئاراس، هەولیر، لا ٢٢.

بە لەناوچوونیشم، بانگهێشی جەلادانم کرد، لە پێناوی ئەوەی گاز لە قۆداغەی تفەنگەکانیان بگرم. بانگهێشی ئافاتم کرد، لە پێناوی ئەوەی لەگەڵ خوێن و لمدا بخنکێم. بەدبەختیی خوداوەندی من بوو. خۆم گەوزاندە ناو قوڕوچڵپاو، خۆم لەبەر بای تاواندا هیشک کردەوە. دەمێکیش یاری شێتانەم کرد.

بەهاریش قۆڕترین پێکەنینی گەلحۆیانەی بۆ هێنام.

بەڵام، درەنگ، لەسەر دوا هەناسە دۆزیمیانەوە! بیرم لەوە کردەوە کە کلیلی ئاهەنگە کۆنەکەم بدۆزمەوە، بەڵکو شەییەم بکرێتەوە.

ئەم کلیلە بەزەییە. – ئەم سروشە ئەوە دەسەلمێنێ کە خەونم دەبینی!

«تۆ، هەر بەکەمتیار دەمینێیتەوە، هتد...» شەیتان[٢٩] هاوار دەکات کە بەخشخاشی گەلێ میهرەبان تاجینەی بۆ کردم. «مەرگ دەسگیر کە تا ئارەزووت تێدا هەیە، بەهەموو هێزی خۆویستنت، بەهەموو گوناهە گەورەکانت.»

ئای کە زۆرم تووش بوو: – بەڵام، شەیتانی ئازیز، لێت دەپاڕێمەوە. بیلبیلەکانت کەمێ هێور کەرەوە! لە چاوەڕوانی هەندێ ترسنۆکی دواکەوتوو، ئێوە لە نووسەردا، حەزتان لە ونبوونی توانای وەسف و ڕێ پیشان دانە، ئەم چەند لاپەڕە قێزلێهاتووە لە دەفتەری منی لەعنەت لێکراو لێ دەکەمەوە.

ڕامبۆ بە وەسفێکی ئاسایی دەست بەم شیعرە دەکات: «جاران، ئەگەر باش بێتەوە یادم، ژیانم جەژن بوو، دڵان دەکرانەوە، شەرابیش خوڕەی دەهات.» پاشان هەر دوا بەدوای ئەم دێرە، دێرە شیعرێکی دی، دیسانەوە بەئامرازێک دەست پێ دەکات کە ئاماژە بۆ چمکێکی کرۆنۆلۆژی دەکات ئەویش «ئێوارەیەکیان»ە، بەڵام سەرسوڕێنەترین دێری بەدوا دێت و

(٢٩) شەیتان مەبەست ڤێرلێنە، بەڵام ئەم خوێندنەوە هیچ زیادیەکە ناخاتە سەر شیعرەکە.



سەرتاپای مەنتیقەکەی دەشێوێنی: «ئێوارەیەکیان، جوانیم لەسەر ئەژنۆ دانا. – بینیم تاڵ بوو. – دژوێنم پێی دا.» لێرە نەک تەنها ڕامبۆ لە سیاقی وەسفێکی ڕووت و گێڕانەوە ئاراستەی شیعرەکە بەلایەکی دیکە وەردەچەرخێنێ، بەڵکو بەتەواویش دووفاقەیی بۆدلێر کە لەمەڕ جوانییەوە هەیبوو، تێکدەشکێنێ. جوانیی ئەو تەلیسمە غەیبییە نییە کە شاعیر بەرامبەری بێتە کڕنۆش بردن، بەڵکو جوانیی وەکو نا–مادەیەک لەسەر ئەژنۆی خۆی دادەنێت و هەست دەکات، کە تاڵە.» سەرئەنجامی ئەم سەرنجدان و تاقیکردنەوەیە چییە؟ ئەویش «خۆ پڕ چەک کردنە بەرامبەر بە عەدالەت». دەبێ چ پەیوەندییەکی ڕووکەش لە نێوان ئەم سێ توخمەدا هەبێت؟

١– «جاران، ئەگەر باش بێتەوە یادم، ژیانم جەژن بوو، دڵان دەکرانەوە، شەرابیش خوڕەی دەهات».

٢– «ئێوارەیەکیان، جوانیم لەسەر ئەژنۆ دانا. – بینیم تاڵ بوو.– دوژێنم پێی دا.»

٣– «بەرامبەر بە عەدالەت خۆم پڕ چەک کرد.»

دەتوانین یەک لە دوای یەک گشت ئەو توخمانەی کە ئەم شیعرە پێک دەهێنن کۆ بکەینەوە و لە گشت ئەو پەیوەندییانە بگەڕێین کە ئیمکانە لە نێوان دروست بن. ڕامبۆ هەر وەکو ڕینێ شار دەڵێ: «لە ناواخنی هەر شیعرێکی ڕامبۆدا، هەر بڕگەیەکدا، هەر دێرێکدا، هەر ڕستەیەکدا ژیانێکی شیعریی سەربەخۆ هەیە.[٣٠]» ئەمە مانای ئەوە نییە کە دێرە شیعرەکان، یا بڕگەکان، یا وشەکان، لە تەنیشت یەکتر کۆکراونەتەوە و دەبێ بەزۆر پێکەوە گرێیان بدەین بۆ ئەوەی واتا و مەبەست بدۆزینەوە! بەڵکو پەیوەندییەکان ئاسان و ئاسایی نین، چونکە پەیوەندیی شیعرین.

(٣٠) وەرزێک لە دۆژ و درەوشانەوە، ئارتور ڕامبۆ، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا، ٢٠٠١، ئاراس، هەولێر، لا ٢١.

ئەگــەر ئەم پەیوەندییـــان لە ئاســـتی یەکـــەم دروست بوونایە، ئەوە هەر بەچاوخشاندنێک سەرتاپای دەلالەتەکان یەکئالاّ دەبوونەوە و مەسەلەکە دەبڕایەوە!

هەڵبەتە ئەمە سەبارەت بەو شیعرانەی کە کێش و سەروایان نییە، بەڵام ئەگەر بێت و کورترین شیعری ڕامبۆش وەرگرین، هەر هەمان دیدەنیگا و بۆچوون دەبینین، چونکە شیعر نەپێویستی بەکێشە، مەبەست لە کێشی تەقلیدییە، نە پێویستیشی بەسەروایە، مەبەست لە سەروا تەقلیدییەکانە؛ هەروەها گرینگی شیعریش نە بەوەیە کورت بێت، نە بەوەشە درێژ بێت. تەمەنی شیعرێک وەک تەمەنی ڕەحەتبوونە، هەیە درێژخایەنە و هەشە وەک برووسکەیەک کورتخایەنە؛ بەڵام شیعر پێویستی بە بنەمایە!

دەبینین لە شیعری «برسێتی» دەڵێ:

**برسێتی**(٣١)

ئەگەر ئارەزووم هەبێ،
ئەوە هی بەرد و خۆڵە.
فراوین بە هەوا دەکەم و
بە گاشە بەرد و خەڵووز و ئاسن.

برسییەتییەکانم، بخولێنەوە. بلەوەڕن برسیەتییەکانم،
لەناو کێڵگەی دەنگ.
ژەهری دڵخۆشی
لاولاو هەڵمژن.

(٣١) وەرزێک لە دۆژ و دەروەشانەوە، ئارتور ڕامبۆ، وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا، ٢٠٠١، ئاراس، هەولێر، لا ٤٢-٤٣.



چەوی هوردوخاش بوو بخۆن.
کۆنە بەردی کلێساکان؛
زیخی کۆنە لەهی،
کولێرەی فرێدراوی شیوە بۆرەکان.

گورگ لەژێر گەڵاکان دەیلووراند
پەڕی جوانی هێڵنج دەدا
هی ئەو مریشکانەی کە خواردبووی:
چەشنی ئەو من دەسووتێم.

خاس و میوە
تەنها چاوەڕوانی ڕنینەوەن؛
بەڵام جاڵجاڵۆکەی چەپەڕ
تەنها وەنەوشە دەخوات.

گەر بخەوم! گەر بکوڵێم
لەسەر قوربانگەی سلێمان.
ئاوی کولاّویش بەسەر ژەنگدا چۆڕەی دێ،
دەڕژێتە ناو سێدرۆنەوە.

بنەمای شیعر لای ڕامبۆ گەلێ ئاڵۆزە، ئەوەی ڕەنگە لەم بوارەدا بوترێت، بەهیچ شێوەیەک نەکەوتۆتە ژێر مەنتیقێکی سەردییەوە، بەڵکو گەلێ لە نهۆمەکانی خوارەوەی مەنتیقی سادە ئیش دەکات و خۆی ڕێکدەخات. کاتێکیش بیەوێ ئاماژەیەک بۆ منالّیی خۆی بکات، یا بیرەوەرییەک تیایا دەبووژێتەوە، ئەوە مومکین نییە بەشێوەی گێڕانەوە بۆمانی بهۆنێتەوە، بەڵکو شیعر لای ئەوە خاوەن مەنتیقی تایبەتی خۆیەتی: «ئای بۆ ژیانی

مناڵیم! شارێیەک بوو بۆ هەموو وەرزێ، بەدەر لە توانا، دەست تەنگتر، لە چاترین دەرۆزەکەری پشت لە دنیا کردوو، شانازی کەر بەوەی کە بێ نیشتمان و بێ هاورێ، چ گەوجییەک بوو[٣٢].

ئەگەر بەشێوەیەکی کورت بنەمای ئەم پارچە شیعرە شیتەڵ کەین، ئەوە دەبینین کە جۆرە نوستالژییەک کە بە«ئای» دەستی پێ دەکات، بخوێندرێتەوە، لە هەمان کاتیشدا لە کۆتایی پەرەگرافەکە دەبینین دەڵێ: «چ گەوجییەک بوو». دەبینین چەند فیکرەی دژ لە رووکەشدا کۆ دەکاتەوە:

١- «ئای بۆ ژیانی مناڵیم!» حەنین و نوستالژی.
٢- «شارێیەک بوو بۆ هەموو وەرزێ»: ئارەزوو و ئیشتیها بۆ ژیان.
٣- «دەست تەنگتر، لە چاترین دەرۆزەکەری پشت لە دنیا کردوو» = فیکرەی زوهد و تەرککردنی دنیا.
٤- «شانازیکەر بەوەی کە بێ نیشتیمان و بێ هاورێ» = تەواوکردنی فیکرەی پێشوو.
٥- «چ گەوجییەک بوو» = بەچاویکی دیکەوە روانینە ئەو بەشەی ژیان.

یا لە شیعری «خوێنی پیس»دا، حەکایەتی رەچەڵەکی خۆمان بۆ دەگێرێتەوە، بەڵام بەزمانێکی شیعریی رووت:

«من لە باوباپیرە گۆلواکانمەوە چاوی شینباوی سپیم بۆ ماوەتەوە، مێشکێکی تەنگ و چەواشە لە زۆرانبازیی. جلوبەرگیشم وەک هی وان بەربەرییە. بەڵام ئەمن، قژم چەور ناکەم.

گۆلواکان داماڵەری پێستی ئاژەڵ، سوتێنەری گیا هەرە بەدەکانی زەمانی خۆیانن.

لەوانەوە: بتپەرستی و خۆشەویستی گوناهم بۆ ماوەتەوە؛ - ئای! بۆ

(٣٢) وەرزێک لە دۆژ و دەروشانەوە، ئارتور رامبۆ، وەرگێرانی ئەحمەدی مەلا، ٢٠٠١، ئاراس، هەولێر، لا ٤٦.



هەموو گوناهەکان، تورەیی و کەشخەیی لێدان، - شتێکی مەزنە کەشخەیی؛ - بەتایبەت درۆ و تەوەزلی[٣٣].»

دەکرێ بەهەمان میتۆد، وێنە شیعرییەکان، یا «فیکرە شیعرییەکان» یەک لە دوای ئەوی دیکە ریز بکەین و بزانین چۆن و بەچ شێوەیەک لە پەیوەندیی دان. لە برگەی یەکەمدا رامبۆ باسی سولالەی خۆمان بۆ دەکات و لە هەمان کاتیشدا خۆی لە باووباپیران جودا دەکاتەوە. لە نێو گاڵتەجاریی و زمانێکی شیلگیرانە شیعر لای رامبۆ لەدایک دەبێت. ئەم شێوەیە، ئەم شێوازە بێگومان پەیوەندیی بە جیهانبینی شاعیرەوە هەیە.

ئێمە بروامان وایە کە کێشەی جیهانبینییەکە کاریگەریی خۆی بەسەر بنەمای شیعرەوە جێ دەهێڵێ. بەواتایەکی دیکە، پەیوەندییەکی هاوتەریب لە نێوان دیدەنیگای شاعیر و ئەو بنەمای کە شیعری پێ دروست دەکات، هەیە. ئەم پەیوەندییەش لە هەڵبەز و دابەز و کشان و راکشانە، هەندێ جار، زەبری فیکریی هەندە زاڵە، ناتوانێ خۆی ئازاد بکات و شیعر لە پێناوی شیعر بنووسێ، بەڵکو شیعر لە پێناوی خواستەیەکی دەرەکی یا ناوەکی دەنووسێ. بەبۆچوونی ئێمە ئەم هەڵبەز و دابەزینە، پەیوەندی بە تەمەن و تەجرەبەی شاعیرەوە نییە، هەندێ جار وا تێ دەگەین تا شاعیر بچێتە تەمەنەوە، هەندە شیعر لای قووڵ و خاوەن فرە دووری و خاوەن کۆ - خوێندنەوە دەبێ، بەڵام نموونەگەلێکی زۆرمان لەبەردەمە، بۆ ئەوە رەتی ئەم ئەنجەتە باوەی پێ بدەینەوە.

(٣٣) وەرزێک لە دۆژ و دەروشانەوە، ئارتور رامبۆ، وەرگێرانی ئەحمەدی مەلا، ٢٠٠١، ئاراس، هەولێر، لا ٢٣.

## سەرەنجامی گشتی

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوە کورتە خرایە ڕوو سەبارەت بەپێشکەشکردنی میتۆدێکی ئەدەبییە و شیعریش مادەکەیەتی. دەکرێ وەکو تاقیکردنەوەیەکی ڕەخنەسازیی لەمەڕ شیعرەوە حسێبی بۆ بکرێ. ئەو نموونانەی کە لێرە تەرح کران، مەرج نییە موتەکامیل بن، بەڵام ئەو ئامراز و کەرەسانەی کە ئێمە خستمانە بەردەم خوێنەر و توێژەرەوان، دەکرێ لە بواری دیکە، واتە سەبارەت بە دەقی شیعری دیکە تەتبیق بکرێت.

هەمیشە ڕەخنەگران بەدوای پێوەرێکدا وێڵن بۆ ئەوەی دەقی شیعریی لە دەقی ناشیعریی جیا کەنەوە، لە گشت ئەو مەسافانە بکۆڵنەوە کە دوو دەق لەیەک جودا دەکاتەوە. ئەگەر زمانی شیعری لە جەمسەرێکدا بێت، هەڵبەتە دەبێ لە جەمسەرەکەی دیکە زمانی پەخشانمان هەبێت.

لە هەردوو حاڵەتدا دەق بەبێ بنەما ئیش ناکات، نەک تەنها دەبێ زمانی شیعری زمانێکی جیاواز بێت و لە ناواخنی زمانی گشتییەوە هەڵهێنجرێ، بەڵکو دەبێ بنەمای دەقی شیعری لە بنەمای دەقێکی پەخشانی جیاواز بێت. هەڵبەتە کاتێک «زمانێکی شیعریی» خۆی تەسلیمی بنەمایەکی شاقووڵی دەکات زیاتر بەرەو گێڕانەوە دەگەڕێتەوە و لە هەموو حاڵەتێکیشدا زمانی گێڕانەوە بەسەریا زاڵ دەبێت و نووقسانی لە هەیکەلی ڕوو دەدات.

کەواتە ئێمە دەقی شیعری لە نێوان بنەمایەکی بازنەیی دەبینین. یا بنەمای بازنەیی تەنها بنەمایە کە باوەش بۆ شیعرێکی پتەو دەکاتەوە. کاتێ کە وێنەی شیعریی بەبچووکترین توخم وەردەگرین، دەبێ تێبینی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو وێنانە بکەین. هەروەها سەرەتای هەموو دەقێک لە پەیوەندییەکی تایبەت دایە لەگەڵ کۆتایی هەمان دەق.

دەشکرا زیاتر لەسەر دەنگ و ڕیتم و توخمی بچووکتر لە وێنە بکەینە



مادەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بێگومان ئەم لێکۆڵینەوەی دەوڵەمەندتر دەکرد.

لە کۆتاییدا، ئەلشیمی شیعر هەمیشە پرسیارمان لەلا دروست دەکات و هەمیشە چێژ و مەعریفەمان لەمەڕ دەقی شیعری لە گۆڕان دان، بۆیە هیچ بەرهەمێکی ڕەخنەیی خاوەن دوا وەڵام نییە، بەڵام خاوەن پرسیاری تایبەتی خۆیەتی.

## پێڕست


**پێشەکی** ........ 5

١- گریمان و ئیشکالییەت ........ 8

٢- وەسفکردنی مادەی لێکۆڵینەوە ........ 9

**بەشی یەکەم** ........ 11

بنەمای بازنەیی و بنەمای شاقووڵی ........ 11

چەند سەرنجێک لە بارەی ئافراندن و لاسایی کردنەوە ........ 11

١- پنتی باڵا ........ 15

٢- نموونەیەکی سوریالی لە دەوری هەمان پنتدا؟ ........ 17

٣- شیعر و کۆمەڵگا ........ 18

٤- دیاردە نوێیەکان ........ 19

٥- پەخشانە شیعر زاراوەیەکی دووفاقەیە ........ 20

٦- خەیاڵکردن و وێنەی شیعریی و گرفتەکانی جیهانبینی ........ 23

٧- خوێندنەوەیەکی دیکە ........ 35

٨- زمان لەناو زماندا ........ 49

**بەشی دووەم** ........ 57

شیعر واتایە؛ بەڵام چ واتایەک؟ ........ 57

١- باشە جیاوازیی مانای چییە؟ ........ 60

٢- ئیرۆس دایکی شیعرە ........ 69

**بەشی سێیەم** ........ 73

شیعر لە دوا پێناسە تەنها هەر بنەمایە ........ 73

١- ڕێبازی ئیشکردن یا میتۆدی لێکۆڵینەوە ........ 73

٢- شیکردنەوەی دەق ........ 75

شەهید ........ 75

بۆ جوانی سەرەڕێ ........ 79

مقەست ........ 82





نوشتانەوە ........ 85

بۆ خانمێک ........ 91

پشیلە ........ 97

کیمیای ئازار ........ 102

جاران، ئەگەر باش بێتەوە یادم ........ 108

برسێتی ........ 111

**سەرەنجامی گشتی** ........ 115